حوجەتتوڵڵا ئەیوبی
ئەحمەد نەقیب زادە
دنیس کاواناك

# هەڵبژاردن

## شێوەو تایبەتمەندییەکانی

وەرگێڕانی
ئەبوبەکر خۆشناو

# هەڵبژاردن "

# شێوە و تایبەتمەندیەکانی

وەرگێڕانی

## ئەبوبەکر خۆشناو

تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣

هەڵبژاردن " شێوە و تایبەتمەندیەکانی

.....................................................


- نوسینی : د. حوجەتوڵا ئەیوبی – ئەحمەد نەقیب زادە – دنیس کاوانك .
- وەرگێڕانی : ئەبوبکر خۆشناو .
- تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن : ( ٣٤٤ )
- چاپ و کۆمپیوتەر : ڕووناکبیری
- کتێبی ڕووناکبیری ژمارە ( ٤١ )

# ناوەڕۆك


- ڕۆڵ ، ڕەفتار و بەرنامەی حزبەکان لە کۆمەڵی ئەمڕۆدا
- نیشانەو تایبەتمەندیەکانی سستمێکی کارای هەڵبژاردن
- شیکردنەوەی هەڵسوکەوتی دەنگدەران لە هەڵبژاردندا
- پراکتیك کردنی تیۆریەکانی شیکردنەوەی هەڵسوکەوتی دەنگدەران لە ( بەریتانیا )
- ململانێی ی هەڵبژاردن بە ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندی

**د.ئەحمەد نەقیب زادە**

# ڕۆڵ، ڕەفتار و بەرنامەی حزبەکان لە کۆمەڵی ئەمڕۆدا

ڕوانگەی کاریگەرگەرایی کە ڕووی لە ڕۆڵ و پێگەی پێکهات نەبوو، تەنیا ڕووی لە کارە تایبەتی یەکان بوو، لەگەڵ تیوری **تالکوت پارسونز** بە ئاوێتە بوون لەگەڵ پێکهات، ڕێبازی پێکهات – کاریگەری خولقاند: لەسەر بنچینەی ئەم دیدە" کارە تایبەتی‌یەکان لە پێکهاتەکان جودا نین و لە واقیع دا هەمان پەیوەندی ئۆرگانی نێوان کەسەکان یان گرووپەکان کە پێکهاتی کۆمەڵەیەك دەخولقێنن، دەبنە هۆی دروست بوونی کاری تایبەتیش و لەگەڵ گۆڕانی ئەم پەیوەندییانەدا، کاری تایبەتیش دەگۆڕێ.

ڕوانگەی کردار لە دەیەی ١٩٦٠ هاتە ناو زانستی سیاسی و داکۆکیکارانی وەك **گابریل ئالموند**، **جیمس کلمەن** و **بینگام پاولی** پەیدا کرد و بووە هۆی وەرگۆڕانێکی بەسوود لە لێکدانەوە سیاسی‌یەکاندا. هەر لەوێدا بوو کاری تایبەتی حزبەکانیش لەبەرچاو گیرا و بایەخی پێ درا. حزبەکان لەم گۆشەیەوە نە وەك پێکهاتەی لێك جودا یان تەنیا، بەڵکو وەك یاریکەرانێ کە پەیوەست بە دەورووبەری خۆیانن، کەوتنە بەر لێکدانەوە کە هەریەکەیان ڕۆڵی جیاواز لەناو ئەو کۆمەڵەیەی پێیەوە پەیوەستن، دەگێڕن. ئێمە کارە تایبەتی‌یەکانی حزبەکان دەکەینە دوو بەشی سەرەکی:

یەکەمیان، کارە تایبەتی‌یە گشتی‌یەکان کە پەیوەندی بە هەموو حزبەکانەوە هەیە و جێگەی بایەخی هەموو تیۆرسیۆنەکانە و ئەوەی دیکەش تیۆری‌یە جۆراوجۆرەکانە لەمەڕ بەرنامەی حزبەکان کە کارە تایبەتی‌یە نهێنی‌یەکانیش دەگرنەخۆ.

**یەکەم/ کارە تایبەتی‌یە گشتی‌یەکانی حزبەکان:**

**مەبەست لەکارە تایبەتی‌یە گشتی‌یەکان هەر ئەو کارە تایبەتی‌یانەن کە بەشێوەیەکی مەنتیقی لە هەموو جێگایەك دەرەنجامی دیاردەیەکی دەست**

نیشـان کـراون. لـەم گۆشـە نیگایـەوە دەتـوانرێ کـاری تایبـەتی حزبـەکان بەکاری تایبەتی هەڵبژاردن، کۆمەڵایەتی – پەروەردە دەست نیشان بکرێ.

**ئەلف- کاری تایبەتی هەڵبژاردن:**

لەبـەر ئـەوەی حزبـە سیاسـی‌یەکان بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ لەگـەڵ دیـاردەی هەڵبـژاردن و بـە مەبەسـتی خولقانـدنی باشـترینیان، وەدەرکـەوتن، زۆربـەی کـارە تایبەتی‌یەکانیشیان پەیوەندی بە ئەنجام دانی هەڵبژاردنەوە هەیە" بەشێوەیەك کە ماددەی ٤ی دەستووری کۆماری پێنجەمی فەرانسە و ماددەی ٢١ی یاسای بنچینەیی ١٩٤٩ی ئەڵمانیش هەر ئەو ئەرکانەیان بۆ حزبەکان پێشبینی کردووە. لەم دیدەوە دەکرێ لەگەڵ یەکێك لە نووسەرانی فەرانسەدا، کارە تایبەتی‌یەکانی حزبەکان بکەینە سێ بەش:[1]

**١-دروست کردنی رای گشتی**–"حزبە سیاسی‌یەکان بەرێگای پێشکەش کردنی زانیاری و دروستکردنی رای گشتی، بەشداری لە پاراستن یان خولقاندنی ویژدانی سیاسی‌دا دەکـەن"[2]. حزبـە سیاسـی‌یەکان لـەرێی خـودا ئـەوکارە ناکـەن، بـەڵکو مەبەسـتیان، رێنوێنی کردنی کاندیداکانی حزبە.

بەڵام هەر ئەو مەیلە، حزبە سیاسی‌یەکان دەکاتە یەکێك لەباشترین مامۆستاکانی وانەی سیاسی. حزب ناتوانێ دەنگی خەڵکی مسۆگەر بکا، ئەگەر نەچێتە ناو رای گشتی‌ی خەڵکی و ئەم کارەش پێویستی بە پێشکەش کردنی بابەت، ئامۆژگاری و ئایدیۆلۆژیا و دوای ئەوەش روونکردنەوە و پاساودانی ئەم کەرستە سیاسیانە هەیە. بێگومـان هـەوڵ و تێکۆشـانێکی زۆر سـاختەش لـەم رێگایـەدا دەدرێـن. بـەڵام حزبـە رکابەرەکانیش دەکەونە قاودانی سیاسەتەکانیان و حزبی بەرامبەر ناچار دەکەن وەرام بداتەوە و لە ئەنجامدا هەڵس و کەوتی خۆی چاك بکا. لەبەر هەندێ، حزب تەنیا لە فەزایـەکی رکابـەری و ئـازاددا دەتوانـێ گـرنگترین رۆڵـی خـۆی بگێـڕێ. بـیروڕای پڕوپاگەنـدە ئەگـەر نەبێتـە رەوتێکـی گونجـاو و بەرجەسـتە، هـەرگیز ناتوانـێ حـوکم بگێـڕێ و کـار بکاتـە سـەر سەرچـاوەکانی دەسـتەڵات. لـەم رووەوە، دروسـت کردنـی پەیوەندی سیاسی لەنێوان ئەندامان و پەروەردە کردنیان و خولقاندنی رای‌گشتی، لە

دوورایی نیشتمانیدا ئیجابی ترین رۆلی حزبەکانە. هەڵبەت، هیچ حزبێ یان گروپێك لە حزبەکان ناتوانێ تەواوی بیروڕای خەڵکی دەربڕێ، بەڵام ناشبێ ئەوە لەبیر بکرێ کە دیموکراسی تەنیا کورتترین ڕێگای نێوان ئیرادەی خەڵکی و حکومەتە، نە بەشێوەی جووتبوونی تەواویان.

**٢-هەڵبژاردنی کاندیداکان**. ئەزموون نیشانی دەدا کە ئەوکەسانەی ئەندامی حزبێك یان گروپ و ڕەوتێکی سیاسین، لەچاو ئەوانەی ئەندام نین، بە چەندان پلە هەستی سیاسی زۆرتریان هەیە و توانای لێکدانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانیان، زۆرترە. هەتا ئەو کەسانەی خاوەنی بڕوانامەیەکی باڵاش نین، بەڵام بەهۆی ئەندامێتیان لەناو حزبدا کە خۆی وەك زانکۆی سیاسەتی پراکتیکییە، بوونەتە خاوەنی پلەیەکی بەرز. نمونەی ئەمە، (**پییەر برەگوڤا**)ی سەرۆك وەزیری پێشووی فەرانسە لە حکومەتی سۆسیالیستیی میتران بوو، لەسەردەمی کرێکارییەوە ببووە ئەندامی حزبی سۆسیالیست و ئەوەندە پێش کەوت تا گەیشتە پلەی سەرۆك وەزیرانی وڵاتێکی گەورەی وەك فەرانسە. هەڵبەت ئەم نمونەیە، نابێ ببێتە بیانوویێك بۆ هەڵبژاردنی ناشایستەی لێپرسراوان لە وڵاتانی دنیای سێ کە بەبەڵگەی چەند مانگ زیندانی بوون لەلایەن ڕژێمی کۆنەوە، خۆیان بە خودای سیاسەت دەزانن. بەهەرحاڵ، حزبەکان بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکانیان و هەروەها بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی وڵات کۆمەڵە سیاسییەکی پسپۆر پەروەردە دەکەن کە بەبێ ئەوان ئایندەی ڕژێمێکی سیاسی، دەکەوێتە گومانەوە. ئەگەرچی، هەروەك بینیمان هەندێ کەس وەك **میلخز** لەم جۆرە کۆمەڵە ڕێبەرانە بەدبینن و دەڵێن ئەم کۆمەڵانە لەوانەیە ببنە دەستەیەکی ئۆلیگارشی، بەڵام ئایا چ ڕێگایەکی دیکە هەیە تا ئاژاوە و بێسەروبەری کۆمەڵ چارەسەر بکرێ ؟ (**مۆریس دوروژە**)ش پێناسەیەکی نوێی دیموکراسی دەکا کە شایەدی واقیعیەتی کۆمەڵی پێشکەوتووی ئەمڕۆیە: "حکومەتی دیموکراسی بریتییە لە حکومەتی خەڵکی لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانیان"[٣]. ئەم هەڵبژاردنانە هەروەها زامنێکی باشن بۆ دەنگدەران و دەبنە هۆی متمانەیان بۆ وەدی هاتنی گفتەکانیان و باشتر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانیان.

**٣-ڕێکخستن و هاوئاهەنگ کردنی کاری هەڵبژاردەکان** – حزب لە واقیع دا هەر ئەو ڕۆڵە لەناو پەرلەماندا دەبینێ کە لەدەرەوەی پەرلەماندا لە ڕێکخستن و خولقاندنی ڕای گشتیدا دەیبینێ. ئەگەر هەڵبژێردراوەکانی حزبێك لە پەرلەمان یەك سیاسەت پەیڕەو بکەن و خۆ لە دووبەرەکی بپارێزن، جێگیری و نەرمی و گفتوگۆ و هەڵوێستەکان لەبڕیاردان دا دەپارێزرێن. هەڵبەت هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، باری حزبەکان لەم بارەیەوە لێك جودایە. هەندێ حزب، وەك حزبەکانی ئینگلستان چاوەدێرییەکی وردی دەنگدەرانی نوێنەرەکانیان دەکەن" لەبارێکدا حزبە ڕاستڕەوەکانی فەرانسە ئازادییەکی تەواو دەدەنە ئەندامەکانیان بۆ بڕیاردان و تەنیا بە ئیلتیزامێکی ئەخلاقی وازدێنن. شێوەی دەنگدانیش، کاریگەری بەسەر پەیوەندی نێوان حزب و نوێنەرەوە هەیە. نوێنەرایەتی لەسەر بنچینەی دەنگدانی ڕێژەیی بۆ حزب، نوێنەرایەتی دەکاتە ملکەچی حزب، چونکە چوونی نوێنەر بۆ ئەنجومەن لە واقیع دا دەرەنجامی دەنگدانی خەڵکە بۆ حزب، نەك بۆ خودی خۆی. هەر ئەو بارەش لەمەڕ شێوەی یەك ناوی (لیستێك کە تەنیا یەك ناوی تێدا دەنوسرێ) زۆرینەی یەك قۆناغی، بە ڕاست دادەنرێ. چونکە سەرکەوتن لەم بارەدا ملکەچی هاوپەیمانی و هاوکاری حزبییە. لەبارێکدا دەسەڵاتی حزب لەشێوەی دەنگدانی یەك ناوی زۆرینەی دوو قۆناغی و لە شێوەی ڕێژەیی لەگەڵ مافی هەڵبژاردنی ناوی جۆراوجۆر، زۆر زۆر کەمترە – لە تەواوی ئەم بارانەدا، ڕووداوەکانی ناو پەرلەمان تاڕادەیەکی زۆر ڕۆشنە و لەناو (پەرلەمان) دەبێتە هۆی خولقانی ڕێك و پێکی و لە دەرەوەش دەبێتە هۆی خولقانی هۆشیاریو ئاگاداربوونەوە (لەوەی لەناو پەرلەمان دا ڕوودەدا).

**ب-کارە تایبەتییەکانی پەروەردە کردن:**

حزبەکان لە ڕەوتی گەشەستاندنی خۆیاندا کەم کەم وەك یاریکەرانی هەڵسوڕاو و چەند بەهرە دەرکەوتوون کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کارە تایبەتییەکان لەکاروباری هەڵبژاردن، بایەخدارترین. "ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان هەر تەنیا پەیوەست بەکاتەکانی هەڵبژاردنەوە نییە. پەیامی حزبەکان هەروەها بریتییە لە ئامادەکردنی دەنگدەران بۆ وەرگرتنی

لێپرسـراوێتی بـەهۆی پێشکەشـکردنی واتـای تایبـەتی‌ی پەیوەندی‌یـە سیاسـی‌یەکان. سـەربار، حزبـەکان تـەنیا ڕووناکەنـە دەنگـدەران، بـەڵکو مەبەستیان ئەو کەسانەشە کە هێشتا نەهاتوونەتە ڕیزی دەنگدەران، لەوانە مێرمنـداڵان کـە زۆربـەی حزبـە گـەورەکان بـۆ بـەکێش کردنیـان بزووتنـەوە- گەلێك دەخولقێنن تا ئەگەر نەشبنە تێکۆشـەرانی حزب، بەلایـەنی کەمـەوە دەنــگ بــۆ حــزب بــدەن"[٤]. لــەم ڕووەوە، پــەروەردەی سیاســی و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی و ڕۆشنبیر کردنیان لە سەردەمی ئێستادا، کاری تایبەتی پێویستی حزبەکانە. لەگەڵ دوو نووسەری فەرانسەیی‌دا، لەم ڕۆڵـە دەدوێین:

١-هۆشــــیار کردنــــەوە – یــەکێك لــە کــارە تایبەتی‌یــەکانی حــزب، هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیانە لە بریار و مەبەستەکانی دەسەڵاتی سیاسی، ئـەم کـارە لەوانەیـە بـە دوو مەبەسـتی لێـك جـودا ئـەنجام بـدرێ: پشـتگیری کردنـی بڕیارەکـانی حکومـەت کـە بەشـێوەیەکی ئاسـایی شـێوەکاری تـاك حزبەکانە، وەك حزبی کۆمۆنیستی چین یان سۆڤیەت" یان ڕەت کردنـەوە و ڕەخنـەگرتن لـەم بڕیارانـە کـە لـە سیسـتمی چـەند حزبـی و لەلایـەن ئـەو حزبانەوە ئەنجام دەدرێ کە بەشیان لەدەسەڵات دا نی‌یە. هیچ کاتێ خەڵکی لـە ڕژێمـە وابەسـتە و توتالیتارەکـان دا کـە بـەتاك حزبەکانـەوە پەیوەسـتن، ئاگاداری چۆنیەتی بڕیاردان و مەسەلەکان نین. تەنیا لە ڕژێمـە ڕکابەرەکانـە کـە بـوونی ناوەنـدی جۆراوجـۆری دەسـتەڵات کـە دەکەونـە ملمـلانێ، بـواری پــەردە هــەڵماڵین لەســەر پێشــێلکاری پەیــدا دەکــا. هــەتا ئەگــەر حزبــە سیاسی‌یەکانیش نەبن، بوونی دوو یان چەند دەستەیەك، دەستکەوتە.

هۆشـــیارکردنەوەی حزبـــەکانی ئـــەمڕۆ لەگـــەڵ سیســـتمی چـــاپ و بڵاوکردنەوەی بەکۆمەڵیش دا پەیوەندی‌یەکی بەهێزی هەیە. بەشێوەیەکی ئاسایی، هەر حزبێك ڕۆژنامەیەکی تایبەتی خۆی هەیە کە بڵاوکەرەوەی بیروراو تیۆری‌یەکانی حزبە و ئەندامانی حزبیش بەشێکی جێگیری خوێنەرانن، وەك ڕۆژنامەی **ئۆمانیتە** (Humanite) کە بە ئۆرگانی نیمچە ڕەسمی حزبی کۆمۆنیستی فەرانسە لەقەڵەم دەدرێ یان ڕۆژنامەی **لیبراسیۆن** کە پەیوەندی‌یەکی نزیکی لەگەڵ ناوەندە سۆسیالیستەکانی ئەو وڵاتەدا هەیە. ئەو گفتوگۆیانەی لەنێوان ئەو ڕۆژنامانەدا دەکرێ و هەندێ جار رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەو وڵاتەش دەگرێتەوە، باشترین ئامرازە بۆ هۆشیاریی کۆمەڵ. چونکە راستی و ناراستی بیروڕایەك لە پرۆسەی دژایەتی کردنی بیروڕای دیکە، دەردەکەوێ. بێ‌گومان خوێنەران خۆیان ئاگاداری ئەو شێوە و شێوازانەن کە حزبەکان بۆ پێشکەش کردنی زانیاری ناراست و بەهەڵەدابردنی یەکتر بەکاری دەهێنن. بەڵام هەموو ئەم پێشێلکاری‌یانە لەبەر ڕۆشنایی هۆشیاری کۆمەڵدا پوچەڵ دەبنەوە و حزبەکانیش ناچارن، ڕاستگۆ بن. کارەسات ئەوکاتە دەقەومێ کە ئاستی هۆشیاری و هەستی سیاسی خەڵکی لەخوارەوەبێ یان هەستەکان بەسەر هۆشیاندا زاڵ بن" بەشێوەیەك کە دەسەڵات بەدەستەوە گرتنی **هیتلەر** بێجگە لە ئەنجامی سوود وەرگرتنی لە هەستی رووشاوی خەڵکی، شتێکی دیکە نەبوو.

**٢- پەروەردەی تیۆری و پراکتیکی خەڵکی و بەشداری سیاسی** – پەروەردەی کۆمەلانی خەڵك و دروست کردنی مەیل بۆ بەشداری کردنیان لەکاروباری سیاسی‌دا لەوانە ئەو کارە تایبەتیانەن کە کەم کەم و بە بەڵگەی پەرەپێدانی

فەرهـەنگی سیاسـی کەوتۆتـە سەرشـانی حزبـەکان. پـەروەردەی سیاسـی بەڕێگای جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێ کە چاپەمەنی و رادیۆ و تەلەفزیۆن و خوێندنگا و زانکۆکان بە گرنگترین ناوەند و ئامرازەکانی دادەنرێن. بەڵام پـەروەردە بـەهۆی هۆیـەکانی راگەیانـدن لەوانەیـە تـەنیا یارمـەتی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی زانیـاری هاووڵاتیـان بـدا و پـەروەردەی زانکـۆیی لـەراددەی پەروەردەیـەکی ئـەکادیمیدا بمێنێتـەوە، لەبارێکدا پـەروەردەی حزبـی تـا رادەیـەکی زۆر لەگـەڵ کاردا یـەکانگیرە و دەبێتـە هـۆی بەشداری سیاسی" بەتایبەتی ئەوەی لە مەیدانی سیاسیدا زۆرتر لەگەڵ ستراتیژ و تاکتیك دا پەیوەستە و کەمتر لە کۆڕ و ناوەندە ئەکادیمیەکان دا باسی لێوە دەکرێ. شێوەکانی رووبەرووبوونەوەی رکابەر، سوود وەرگرتن لە ئامراز و تواناکـان و، پووچـەڵ کردنـەوەی کارەکـانی رکابـەرەکان، شـتی وانـین لـە کتێبـەکانی خوێندنـدا یـان لـە چـاپەمەنییەکاندا بڵاوبکرێتـەوە و ئەگـەر باسیشیان لێوە بکرێ، بێجگە لە باسی کاری ئەنجام دراو لەلایەن گـروپ و کۆمەڵەکانەوە، شتێکی دیکە نابێ. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە پێی دەگوترێ هونـەری ململانێـی سیاسـی و تـەنیا لەبـەر رۆشـنایی کاروپـەروەردەی بەردەوامدا، وەدەست دەکەوێ. گەلێ مامۆستای زانستی سیاسی هەن کە لەگەڵ یەکەم هەنگاودا بۆ مەیدانی سیاسەت تێشکاون و هەتا نەیانتوانیوە سـوود لـە زانیارییـە تیورییـەکانی خۆشـیان وەربگـرن، لەبارێکـدا هەڵسـووڕاوانی حزبـی و ئەوانـەی لـەکورەی خـەباتی حزبایەتیـدا قـاڵ بوونەتـەوە، لـە مەیـدانی خـەبات دا دەرچـوون و لـەوان باشـتر ئاگـاداری کاروبارەکانن.

**٣-ئاوێتـــەی کۆمەڵایـــەتی** – "ئـەم کـارە تایبەتی‌یـە لەوانەیـە لەئاسـتی جۆراوجۆر: وەك ئاستی تاکە کەس، کۆمەڵ و گروپ دا ئەنجام بدرێ"[٥].

**لەئاستی تاکە کەس** – قبوڵ کردنی کۆمەڵ یەکێك لە شوێنەوارەکانی باری چوونە ناو حزبە. لە بنچینەدا، یەکێك لە بەرنامەکانی تەواوی گرووپە کۆمەڵایەتی‌یەکان بریتی‌یە لە تێپەڕاندنی تاکەکەسەکان لە "سروشتەوە بۆ رۆشنبیری"[٦]. دەرچوونی تاکەکەس لەدنیای گۆشەگیری و پەیوەست بوونی لەگەڵ مەسەلە گشتی‌یەکان، هەمیشە یەکێك لە ئامانجەکانی پەرەپێدانی سیاسی بووە. هەڵبەت ئیلتیزامی تاکەکەس بە خێزان و هۆزیش جۆرە چوونێکە بۆ کۆمەڵ، بەڵام جودایی‌یەکی زۆر لەنێوان پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان لەجۆری هۆزایەتی و بە گوتەی **دورکهایم** هاوکاری میکانیك و پێوەندی کۆمەڵ کە بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی تاکەکەس بە کۆمەڵ پەیوەست دەکا، هەیە. بۆیە دەکرێ حزب بەیەکێك لەهۆکارەکانی پەرەپێدانی سیاسیش لەقەڵەم بدرێ.

یەکێك لە گرنگترین رۆڵەکانی حزبەکانی ئەمریکا، هەروەك دەبینین، ئاوێتەکردنی خەڵکانی تازە هاتووە بە کۆمەڵی ئەمریکا. حزب بۆ ئەو کەسە جۆراوجۆرانەی لەنەتەوە و وڵاتانی جۆراوجۆرەوە بۆ ئەمریکا هاتوون و لە داهاتووشدا دێن، کەناڵێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بگەنە قوڵایی کۆمەڵی ئەمریکا و بتوانن دوای تێپەڕاندنی ماوەیەکی کورت ببنە هاووڵاتی‌یەکی هۆشیار. بەم شێوەیە، حزب وەك ئامرازێکی کورەی تواندنەوە لە ئەمریکا کاردەکا. هەر ئەم نەخشە بۆ ئەو وڵاتانەی نەتەوەی جۆراوجۆریان تێدایە، دەتوانێ وەك هۆکارێکی گونجاو بۆ ئاوێتە بوونی نیشتمانی دابنرێ.

**لەئاستی هۆشیاریدا** – ئەگەر حزبەکان بتوانن جێگرەوەیەك بۆ هەموو گێرمە و کێشەکانی رابردوو، وەك کێشەی هۆزایەتی، نەتەوایەتی یان درزە کۆمەڵایەتی‌یەکان بن وەك تەنیا رێکخراوی پێوەندی نێوان هاووڵاتی و کۆمەڵ و نێوان هاووڵاتیان و حکومەت خۆیان دەربخەن، ئەو دەم دەکرێ بگوترێ ئاوێتەی نیشتمانی لەگەڵ پلورالیزمی ناوەندەکانی دەستەڵات و فرەیی رەوتە فکری‌یەکان، خولقاوە. ئەم پرۆسەیە بۆ ماوەیەکی زۆر ئامانجی پێشکەوتنخوازان بوو، بەڵام ئەمڕۆ گومان و دوودڵی تێکەوتووە. ئەم دوودڵی‌یە لە واقیع دا، بەشێکە لەو دوودڵی‌یە گشتی‌یەی کە لەبەرامبەر گشت رەگەزەکانی (مۆدێرینزم) دا هەیە. گومانی تێدا نی‌یە کە وڵاتانی دنیای سێ هێشتا قازانجی خۆیان لە پێڕەوکردنی ئەم پرۆسەیە (ئاوێتەی نیشتمانی) دا ببینن، چونکە درزە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی‌یەکان کە پاشماوەی سەدە و سەردەمانی رابردوون، شاخێك گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەخەنە بەردەمیان.

**٢-تیوری جۆراوجۆر لەمەڕ بەرنامەی حزبەکان.**

**ئەلف: تیوری گابریل ئالموند** لەمەڕ کاری تایبەتی کۆکردنەوە: ئەلمۆند و پاول لەکتێبی **سیاسەتی پراکتیکی**دا[٧] بە دروستی دەریان خست کە حزبە سیاسی‌یەکان هەتا لەکۆمەڵە زۆر پێشکەوتووەکانیشدا کاری تایبەتی جۆراوجۆریان هەیە کە لەسەرەتادا لەبەرچاو نەگیرابوو. ئەم کارە تایبەتیانە دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە، ریزبکرێن:

١-حزبە سیاسی‌یەکان لەرێگای چاوەدێری یان نفوز لەناو ئۆرگانەکانی دەستەڵات، بەشداری کارە تایبەتی‌یەکانی حکومەت و دانان و راپەڕاندن و پراکتیکی رێساکاندا دەکەن.

٢-حزبە سیاسییەکان لەناو دەزگاکانی گەیاندن دا گونجاوترین کەناڵ بۆ پراکتیك کردنی کاری تایبەتیی پەیوەندی دابین دەکەن.

٣-حزبەکان هەروەها لەرێگای قبوڵ کردنی سیاسی کۆمەڵ و ئەندام وەرگرتنەوە، بۆ پاراستنی سیستمی سیاسی و گونجان لەگەڵ فەزاکەیدا، کاریگەر دەبن. لەم بارەیەوە، ئەم نووسەرانە ئاماژە بۆ دووجۆرە زەمینەی سیاسی کۆمەڵ دەکەن کە یەکێکیان لەسەر بنچینەی بەهێزکردنی رۆشنبیری سیاسیی باو دادەمەزرێ، لە ئەنجام دا زامنی بەردەوامی سیستمی سیاسییە و ئەوی دیکە لەسەر ریفۆرمی نمونەی رۆشنبیری باو بەبێ خولقانی جۆرە ململانێیەکی بەرەڵا. چالاکی حزبەکان لەوانەیە روناکبیریی سیاسی لە یەکێك لە دوورایییە دەرك پێکراوەکان: سۆز و بەهادا بگۆڕن. دەرك پێکراو لەوەدا کە حزبەکان خۆیان سەرچاوەی زانیاری گەیاندن لەمەڕ مەسەلە جۆراوجۆرەکانن و، سۆز بەو هۆیەوە، چونکە بەشداری لە چالاکییە حزبییەکان هەستی پەیوەست بوون بە گرووپی نەتەوایەتی زۆرتر دەکا و رەمزەکانی حزب وەك نیشانە یان دروشمی حزبی و هەروەها کەسایەتی رێبەری حزب پێداویستییە گیانی و هەستە شاردراوەکانی ئەندامان دابین دەکا و لەکۆتاییدا بەهادار لەو رووەوە، چونکە حزب بابەت و پێوەری تایبەتی بۆ مەزەندە و پێوانەی واقیعی سیاسی و ئابووری دەخاتە بەردەمی تاکە کەس و هەندێ جار بەهۆی ئەیدیۆلۆژیاوە، تاکەکان دەخاتە ناو سیستمی بەها نوێکان.

٤-لەکۆتاییدا و لەهەمووان گرنگتر ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکان یارمەتییەکی گەورەی دوو (رەوتی گۆڕان) ی بنچینەیی واتە پێوەندی قازانج (و لەم پلەیەدا تەواوکەری گرووپە خاوەن بەرژەوەندەکانن) و

کۆکردنەوەی قازانج و سوود کە یەکێکە لەکارە تایبەتی‌یە بنچینەیی‌یەکانی سیستمە نوێکان دەدەن. سیستمە نوێکان لەناو سیستمی کۆمەڵایەتی‌دا، رووبەرووی دوو شتی هاتوو، واتە پاراستن و داواکاری لەلایەن دەورووبەرەوە، دەبنەوە کە دەبێ بیانکەنە بڕیار و رەفتار. ئەم پرۆسەیە، لە سێ قۆناغی سەرەکی پێك دێ. سەرەتا (پێوەند) واتە رێکخستن و دروست کردنی پەیوەندی لەنێوان ئەو داخوازی‌یانەی کە بەتایبەتی لەلایەن گرووپی خاوەن بەرژەوەندی تایبەتی دەردەبڕێ، پاش کۆکردنەوەی ئەم داخوازیانە بەهۆی حزبە سیاسی‌یەکان بەمەبەستی گونجاندن و هاوئاهەنگ کردنی ئەو داخوازی‌یە پەراگەندە و خاوانەی لەبۆتەی هەڵبژاردەی دروست کراو و لەکۆتایی‌دا دەرچوونی دوا حوکمی حکومەت لەسەر بنچینەی دوو پرۆسەی رابردوو.

رۆڵی حزبەکان لەم پرۆسەیەدا زۆر بنچینەیی‌یە، چونکە فرەیی و جۆرایەتی داخوازی‌یە تایبەتەکان دەکەنە چەند بابەتێکی گشتی و دەیگوازنەوە بۆ ناوەندی بڕیار. ئەم رۆڵە، حزبە سیاسی‌یەکان دەکاتە ئەلقەی پێوەندی لەنێوان کۆمەڵ و دەستەڵاتی سیاسی. کاری حکومەتیش لە بڕیاردان دا، گەلێ ئاسانتر دەبێ، چونکە بەپێچەوانەوە، بڕیاردەران خۆیان لەبەرامبەر کۆمەڵە داواکاری‌یەکی دژ بەیەك دەبیننەوە کە بواری بڕیاریان لێ زەوت دەکا.

نەبوونی ئەلقەیەکی پەیوەندی لەنێوان حکومەت و کۆمەڵدا، گەلێ جار بۆتە هۆی بێ سەروبەری دەستەڵاتداران و دەرچوونی بڕیاری وا کە لەئاکام دا بەزیانی خودی ئەوان تەواو بووە. بەهۆی ئەوەی ئاگاداری لەمەڕ فەزای سیاسی و ئەوەی لەناو کۆمەڵدا روو دەدا بۆ رژێمێکی سیاسی مایەی

ژیانـه و دەسـتەڵاتداران دەبـێ پـێش ڕاگەیانـدنی بڕیـاری کۆتـایی خۆیـان ئاگاداری کاردانەوە و دیدی خەڵك بن، بۆتە هۆی ئەوەی تا لەکاتی نەبوونی سیستمێکی حزبی، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پڕوپاگەندە بڵاوبکەنەوە. شـتێکی سروشـتی‌یە کـە ئـەم شـێوەیە ناتوانـێ داخوازی‌یـە واقعی‌یـەکانی خەڵکی ڕەنگ بداتەوە. سوور بوونی باڵێك لە دەستەڵاتدارانی ئێران لەسەر دامەزرانـدنی حزبـەکانیش بێجگـە لەمـەیل بـۆ جێگیرکردنـی پێگـەی کۆمەڵایـەتی خۆیـان تـا ڕاددەیـەك سەرچـاوەکەی هـەر ئـەم ئیلتزامەیـە، لەبارێکدا باڵێکی دیکە کەبێ بەڵگە لەپێگە پتەوەکەی خۆی دڵنیایە، ئەم کـارە بەپێویسـت نازانـێ. شـتێکی ئاشـکرایە حزبـە سیاسـی‌یەکان و بەشێوەیەکی گشتی بوونی کۆمەڵێکی مەدەنی خاوەن پێکهات پێش هەر شـتێکی دیکـە لـەقازانجی دەزگـای حکومـەت دایـە، چـونکە توانـای وەرامدانەوەی ڕژێم بەگوشارەکانی دەوروبەر، زۆرتر دەکا. لەبەرچاو گرتنی ئەم خاڵە پەیوەندی بە وەستان و باوەڕی دەستەڵاتداران بە بایەخی ڕۆڵی چارەنووسسـازی خـەڵکی لـەجێگیرکردن و ڕەوایـی دان بـە سیسـتمێکی سیاسی‌یە" دەنا حکومەتە دابڕاوەکان لەخەڵکی و ستەمگەرەکان ئەوەندە بایەخ بەم خاڵە نادەن.

بەهەرحاڵ، ئالموند و پاول حزبە سیاسی‌یەکان وەك پێکهاتـەی تایبـەتی کۆکردنـەوە لـە کۆمـەڵی نـوێ، لەقەڵـەم دەدەن. ئـەم کۆکرانەوەیـە، لەوانەیـە بەشێوازی لێك جودا دەربکەون: شێوازی گفتوگۆی پراکتیکی وەك ئەوەی لە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا و بـەریتانیا بـەڕێوە دەچـێ کـە تیایـدا سازش و تەبایی بەسەر لایەنە ئایدیۆلۆژی‌یەکاندا زاڵ دەبن، یان شێوازی ئامانجداری غـەیرە سازشکارانە کە لـە کۆماری ڤایماری ئەڵمانیا (١٨٩١-

١٩٣٣) یان کۆماری چوارەمی فەرانسە (١٩٤٦ – ١٩٥٨) دا پەیڕەو دەکرا و حزبەکان لەسەر ئایدیۆلۆژیای خۆیان سوور بوون و لەدوایی‌دا شێوازی باو کە تیایدا حزبەکان لەسەر ڕێوشوێنە کۆنەکانی خۆیان دەمانەوە تا کار لە هەڵبژاردنی سیاسی ئاینده بکەن. ئەم شێوازە لە بەریتانیا لەسەدەکانی (١٧ ، ١٨) کاری پێ دەکرا. لەم ڕووەوە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە بنچینەی کاری تایبەتی کۆکردنەوە دەربارەی هەموو حزبەکان ڕاست دەردەچێ، بەڵام چۆنیەتی وەدی هاتنی، ملکەچی ئاکاری ڕۆشنبیری بەتایبەتی ئاستی جودایی ئایین لە دەوڵەت دەبێ.

**ب-تیۆری پیتەرمیرکل لەمەڕ کارە تایبەتی‌یەکانی حکومەتی حزبەکان:**

پیتەر میرکل ئامازە بۆ کۆمەڵێك لە کارە تایبەتی‌یەکانی حزب دەکا کە خۆی وەك پوختەی تیوری‌یەکانی دیکەیە[٨]:

١-ئەندام وەرگرتن و هەڵبژاردنی کەسانی گونجاو بۆ پلە و پێگەی حکومەت، یان بەواتایەکی دیکە ڕێکخستنی هەڵبژاردە سیاسی‌یەکان.

٢-داڕشتنی بەرنامە و سیاسەتی حکومەت.

٣-هاوئاهەنگی و چاودێری لەسەر ئۆرگان و ڕێکخراوە حکومی‌یەکان.

٤-ئاوێتەی کۆمەڵایەتی‌ی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان بەهۆی ڕازی‌کردن و بەپیرەوە چوونی داخوازی‌یە گشتی‌یەکان، یان بەهۆی خولقاندنی سیستمێکی هاوبەشی بیرورا و ئایدۆلۆژی، بەم مانایەیە گروپێکی کۆمەڵایەتی لەناو گروپێکی گەورەتردا ئاوێتە بکرێ.

٥-ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی‌ی کەسەکان لەڕێگای بەگەڕخستنیان و زەمینەسازی سیاسی‌ی کۆمەڵ، بەم مانایەیە تاکە کەس هاوکاری بەرژەوەندی هاوبەش یان بیروڕا لەگەڵ گروپێك دا پەیدا دەکا و بەهۆی

بەكێش بوون لەناو پێكهاتە كۆمەڵایەتی یەكان دا، شێوەی كۆمەڵ بەخۆوە بگرێ. بەم شێوەیە، زەمینەسازی سیاسی كۆمەڵ – بەیەكێك لە بەرنامە گرنگەكانی حزب لەقەڵەم دەدرێ.

٦– رۆڵی دژە رێكخراوەیی یان خراپكارانەی حزب – ئەم رۆڵە كە لە واقیع دا لەدیدی چاوەدێری و یەكپارچەیی دەستەڵات بە رۆڵێكی دژە بەرنامە لەقەڵەم دەدرێ، تایبەتە بەو حزبانەی لەناو قەوارەی رژێم دا ناكۆكن و نەگونجاون، بەڵام مامەڵەشیان لەگەڵدا دەكەن. بەو هۆیەوە، بە دید و بۆچوونی **میركل**، ئەم حزبانەش دەكەونە ناو بەرنامەی پراكتیكی یەوە" چونكە دەتوانن بۆ رێگاگرتن لە شۆڕشێكی گشتی یان یاخی بوون، رۆڵی كلاورۆژنەیەكی دڵنیاكەرەوە بگێڕن.

**ج–تیۆری كینگ مارتن لەمەڕ كارە تایبەتی یەكان نهێنی یەكان:**

مارتن بە خستنە رووی كارە تایبەتی یە نهێنی یەكان، خزمەتێكی گەورەی پێشكەش بە تیۆری پراكتیكی كرد، چونكە تا ئەودەم زۆربەی لێكۆڵەران بایەخیان بە كارە تایبەتی یە ئاشكراو راگەیەنراوەكانی رژێم و دەزگاكان دەدا. بەڵام تیۆری بەرنامە نهێنی یەكان زەینی لێكۆڵەرانیان بۆ گۆشە و قوڵایی ئەو رەفتارانە راكێشا كە دەزگاكان هێواش هێواش دەست پێشخەرییان بۆ دەكرد و لەدیدی لێكۆڵەران دا نادیار دەبوو. دەزگا و رێكخراوەكان وەك بوونەوەران گەشەیان كرد و لەماوەی گۆڕانكاری یەكاندا بەپێی هەلومەرجی دەوروبەر و سەردەم رۆل و دەوری وا دەگێڕن كە هەرگیز لەسەرەتادا بیری لێ نەكرایەوە و خواستی ئەنجامدەرانیشی نەبوون. لە دیدی مارتن دا كارە تایبەتی یە ئاشكراكان ئەوانەن كە لەپێكهاتەیەك، یان رێكخراو یان دەزگایەك چاوەڕوان دەكرێ و لەمەبەستی

هۆشـــیارانەی ئەنجامدەرانیشـــیدا دەنوســـرێ. بـــەڵام کـــارە تایبەتی‌یـــە نهێنی‌یـەکان ئەمانـەن کـە مەبەستی دامەزرێنـەرانی نـەبووە و لەسەرەتاشدا کـــەس بـــیری لێ نەکردۆتـــەوە و تـــەنیا لـــەناو گۆڕانکاری‌یـــەکانی دواتـــردا وەدەردەکـەون و دۆزینەوەشـی پێویسـتی بـە بیرکردنەوەیـەکی تایبەتـە کـە بەشێوەیەکی ئاسایی لە لێکۆڵەرە وردبینەکان چاوەڕوان دەکرێ[٩].

مارتن ئەم لێکدانەوەیە لەمەڕ حزبەکانی ئەمریکا بەکار دەهێنێ و ئاماژە بەوە دەکا کە بەشێوەیەکی ئاسایی سێ کاری تایبەتی حزبەکانی ئـەمریکا، لەبەرچاوی خەڵکی دوورن:

**یەکـــەم** ئـەوەی کـە حزبـەکانی ئـەمریکا لـەرێگای کارمەنـدانی نـاوخۆی خۆیـان کـە هۆکـاری پەیوەندی‌یـەکی راسـتەخۆ و بـەردەوامی حـزبن لەگـەڵ دەنگدەران لـە هـەر قۆناغێکدا و خواست و بابەتـەکانی ئەندامان لەبەرچاو دەگرێ و یارمەتی وەدی‌هێنـانی پێداویستی‌یەکانیان دەدا، رۆڵێك دەگێڕن بریتی‌یە لە رۆڵێکی کۆمەڵایـەتی گرنگ، واتـە بـە مرۆیی کردن و شەخسـی کردنـی پەیوەندی‌یـەکانی نـاو حـزب. دەسـتەڵاتدارانی حـزب دەبـێ دۆسـتی یـەك بەیـەکی ئەنـدامانی حـزب بـن، لـەکاروباری دادگـادا ئـەوان لـە راوێـژی خۆیان بێبەش نەکەن و لەمەسـەلەی وەك کڕینـی (شـتێك)، سـوودمەندبوون لـە کۆمەکـەکانی حکومـەت یـان دەزگاکـانی تـر، ناونووسـینی منـداڵان لـە خوێندنگا و مەسەلەی دیکە، رێنوێنیان بکەن. ئەم کارانە نە تـەنیا ناشیرین نین، بـەڵکو لـە کۆمـەڵی ناشەخسـی و بـەئامێربوودا، وەك هـاتنی دووبـارەی رەگـەزی مرۆیـی بـۆ کۆمـەڵ دادەنـرێ و نیشـان دەدا حـزب ئاگـاداری ئـەم خاڵەیە کە دەنگدەر پێش هەر شتێکی دیکە، مرۆڤە و لـە رستەیەك دا مـرۆڤ لە مەسەلە و ئارەزووەکانی خۆیدا دەژی. ئەم پێداویستی‌یانە لە رابردوودا

لەرێگای دەزگا ئاسایی‌یەکانی وەك بنەماڵە و هۆز و شتی لەم جۆرە دابین دەکران، بەڵام ئەمڕۆ تاکەکەس هەست بە جێگای بەتاڵی ئەوان دەکا و ئەگەر حزب بتوانێ لەرووی دڵسۆزی‌یەوە وەرامێکی ئەم داخوازیانە بداتەوە، دەبێتە باشترین هۆکار بۆ پاراستنی وەفاداری تاکەکەس بۆ حزب.

**دووەمین** خاڵ، ئەوەیە کە داینەمۆی حزب دابینکەری ئیمتیازاتی سیاسی‌یە کە خۆی لەخۆی‌دا دەسکەوتی ئابووری لێ دەکەوێتەوە. حزبەکان بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ قازانجی ئەو دەزگایانەی پێویستیان بە پارێزگاری سیاسی‌یە، کاردەکەن و یارمەتی‌یان دەدەن تا نەکەونە تەنگژەوە. مارتن لەو باوەڕەدایە کە ئەم کارە خۆی‌لەخۆیدا بەجۆرە ئەقڵانی کردنێکی پەیوەندییە گشتی‌یەکان و کاروبارە تایبەتی‌یەکان لەقەڵەم دەدرێ. حزب وەك یاریکەرێکی سیاسی رۆڵی باڵوێزی بازرگانی تایبەتی لەلای فەرمانڕەوای نائاگا، واتە حکومەت دەگێڕێ. لایەنەکان لەم مامەڵەیەدا لەڕێگای ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی سیاسی (واتە پارێزگاری حزب) لەگەڵ کەلوپەلی ئابووری واتە یارمەتی دەزگایەکی سیاسی بەحزب، قازانج دەکەن.

**سێیەمین** خاڵ ئەوەی کە دەزگای حزب لەرێگای بەگەڕ خستنی بەکۆمەڵ، مەیدانی جادەکان بۆ کلۆڵان دەکاتەوە. هەروەك پێشتریش ئاماژەی بۆکرا، ئەوکەسانەی بەبەڵگەی رەسەنایەتی نەژادی یان پەیوەندی بە چینێکی خوارتر، لەتوانای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بێبەش بوون، لەرێگای حزبەوە بە لەشی کۆمەڵەوە پەیوەست دەبن و لە پرۆسەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا بەشداری دەکەن و هەر لەم رێگایەوە دەچنە سەر رێڕەوی پێشکەوتنە تاکەکەسی‌یەکانیش.

**میرتۆن** بەراستی باوەڕی وایە کە هەر ئەو نەخش و کارە تایبەتی‌یانەن کە بوونەتە هۆی مانەوەی حزبەکانی ئەمریکا، نە کارە تایبەتی‌یە ئاشکراکانیان، وەك ئەنجام دانی هەڵبژاردن و چالاکی‌یە سیاسی‌یەکان. دوابەدوای تەقدیراتەکانی مارتن، سرنجی سۆسیۆلۆژیستەکان بۆ ئەم جۆرە رۆلە نهێنی‌یانە زیاتر بوو. لێکۆڵەرێکی فەرانسەیی لە لێکۆڵینەوەیەکدا بۆی دەرکەوت لەسەدا رێژەیەکی ئەندامە تازەکانی حزبی کۆمۆنیستی فەرانسە دوای ساڵێك زەماوەند دەکەن. لە کۆمەڵی ئەتۆمیدا کە دۆزینەوەی هاوسەرێکی گونجاو کارێکی ئاسان نی‌یە و گەلێ بیرۆی هاوسەر دۆزینەوەش لەبیری پڕکردنەوەی گیرفانیانن، دەتوانرێ وا دابنرێ کە یەکێك لە نەخشە نهێنی‌یەکانی ئەم حیزبە پەیداکردنی هاوسەری خۆڕایی بۆ ئەندامەکانیەتی. خاڵی سرنج راکێش ئەوەیە رێژەیەکی زۆری ئەم ئەندامانەش دوای زەماوەند لەحزب دەردەچن، وەك بڵێی گەیشتوونەتە مەبەستی خۆیان.

**د- تیۆری جۆرج لاڤیە دەربارەی رۆڵی کلاورۆژنەی دڵنیایی لەلایەن هەندێ حزب**[10]:

جۆرج لاڤیەی سیاسەتزانی فەرانسەیی بە ئیلهام لە میرتۆن کەوتە توێژینەوە لە رۆڵی ئەو حزبانەی کە لەرووی تیۆری‌یەوە دوژمنی رژێمی باو و بەهاکانین، بەڵام هەر ئەو حزبانە یارمەتی بەهێزکردن و پتەوکردنی سیستمی سیاسی دەکەن. دیدی لاڤیە رووی لەو حزبە کۆمۆنیستانە نەبوو کە لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا خەریکی چالاکین.

لەسەر بنچینەی تیۆری‌یەکەی **مارکس**، پرۆلیتاریا (و هەڵبەت حزبە پێشڕەوەکەی واتە حزبی کۆمۆنیست) دوژمنی سەرمایەداری و بەهاکانیەتی و هەرگیز لەدژی‌دا دەست لەخەبات هەڵناگرێ. لاڤیە بە روانین

بۆ بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی فەرانسە بەوردی تێدەگا کە دەتوانێ بەرنامەی ئەم حزبە بەتریبۆنی پولبەکانی رۆمای کۆن بچوێنێ. کۆمەڵی رۆمای کۆن بریتی بوو لە دوو چینی گەورە و سەرەکی: **پاتریسینەکان** (ڤاکونیەکان) واتە گەورەکان، و **پولبەکان** واتە کۆمەڵانی خەڵك. تەواوی کارە گرنگەکانی وەك ئەندامێتی سەنا، کۆنسولی، پرایتۆری یا حوکم دان لەدەستی پاتریسینەکاندا بوو. پولبەکان تەنیا گۆشتی دەم تۆپ بوون" هەرکاتێ هێرش دەکرا، دەوڵەمەندەکان خۆیان وەپەنا دەدا و پولبەکانیان بۆ رووبەروبوونەوەی دوژمن بۆ پێشەوە دەنارد. پولبەکان سوودیان لەو چەکە وەرگرت و چەند ئیمتیازێکیان وەدەست هێنا، لەوانە تریبۆنێك کە نوێنەرەکەیان بەو هۆیەوە دەیتوانی داخوازییەکانیان رابگەیەنێ، هەندێ جاریش حوکم بدەن. تریبۆنێك خاوەنی حەسانەیەکی تەواو بوو. بەڵام پولبەکان هەرگیز نەیانتوانی دەستەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرن و خۆشحاڵ بوونیان لە تریبۆنەکەی خۆیان لە واقیع دا بە قازانجی پاتریسینەکان بوو، چونکە ئەم خۆشحاڵییە رێگای لە یاخی بوون و شۆڕشی ئەوان دەگرت و وەك کلاورۆژنەیەکی دڵنیایی بەری لە رووداوە ناخۆشەکان دەگرت. **جورج لاڤیە** سرنج دەدا کە کۆمۆنیستەکان هەرگیز ناتوانن لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرن، بەڵام بوونیان دەبێتە هۆی ئەوەی رێگا لە دەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی ترسناك و نهێنی یان دروست بوونی کۆمەڵەیەکی تیرۆریستی بگرن" بەشێوەیەك، پەیدابوونی رێکخراوی **بادرمانهۆف** لە ئەڵمانیا ئەنجامی نایاسایی بوونی حزبی کۆمۆنیستی ئەم وڵاتە بوو.

لەم رووەوە، بوونی حزبێکی شۆڕشگێڕ و دژە ڕژێم لەلایەك ڕۆڵێکی وا دڵنیایی بەخش دەگێڕێ کە دەبێتە هۆی جێگیربوون و پتەو بوونی سیستمی سیاسی و لەلایەکی دیکەوە ڕەوایی سیستمی سیاسی زۆرتر دەکا، چونکە ئەو سیستمە سیاسی‌یەی بتوانێ مۆڵەتی چالاکی بە دژەکانی خۆیشی بدا،لە واقیع دا دەستەڵاتی خۆی خستۆتە ڕوو، و ئاستی ملکەچ بوونی خۆی بە دیموکراسی نیشان دەدا. لەم گۆشەیەوە، دەکرێ ئەوە هەڵێنجرێ کە حزبی لەم جۆرە مادام نەچوونەتە ڕیزی وەفادارانی سیستمی سیاسی‌یەوە، کاری تایبەتی لە جۆری تریبۆنی پولبەکانیان دەبێ و ئەگەر ڕۆڵێك لە سیستمی سیاسی‌دا ئاوێتە بن، ئەم کارە تایبەتی‌یە لەدەست دەدەن و کاری تایبەتی حزبە وەفادارەکان پەیدا دەکەن" وەك ئەوەی هاوکاری حزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا لەگەڵ ڕژێمی سیاسی ئەو وڵاتەدا، هۆی سەرەکی دەرکەوتنی **بریگادی سوور** بوو.

**٣-سیستمی کردار و ستراتیژی حزبەکان.**

هەروەك ئاماژەی بۆ کرا، حزبی سیاسی خۆی کۆمەڵێکی بچوکی سیاسی‌یە کە لەناوی‌دا تەواوی پەیوەندی‌یە سیاسی‌یەکانی کۆمەڵی سیاسی لە پێوانەیەکی گچکەتردا ئەنجام دەدرێن. بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ڕێبەرایەتی حزبیش وەك حکومەتی ئەم کۆمەڵە گچکەیە کاردەکا کە لەهەمان کاتدا دەتوانێ بە حکومەتی بەکردەوەی کۆمەڵی نیشتمانی لەقەڵەم بدرێ. چونکە حزبی سیاسی لە ئاکام دا لەپێناوی بەدەستەوە گرتنی دەستەڵاتی سیاسی و دەزگاکانی حکومەت خەبات دەکا. لەم رووەوە، حزبیش وەك سیستمێکی سیاسی خاوەنی سیستمێکی کردەوە و ڕەفتار و، ستراتیژ و لەیەك وشەدا ڕژێمێکی سیاسی‌یە. زاراوەی ڕژێمی

سیاسی کە بەزۆری لە کۆمەڵدا بەلایەنی خراپی بەکار دەهێنرێ، بریتی‌یە لەشێوەی کارکردنی ڕژێمێکی سیاسی و بەهیچ شێوەیەك ڕووی باری سەلبی نی‌یە.

هەر لەسەر ئەم پێگەیەدا دەتوانرێ وا دابنرێ کە هەر سیستمێکی سیاسی بەناچاری خاوەنی ڕژێمێکی تایبەتی خۆشیەتی. بەڵام پێچەوانەکەی بەردەوام ڕاست دەرناچێ" بەم مانایە کە ڕژێمێکی سیاسی لەوانەیە شێوەی بەڕێوەبردنی کاتی و بێ بنەمای کۆمەڵێك بێ کە نەیتوانیوە لەسەر بنچینەیەکی ڕەوا و جێگیر بگاتە سیستمێکی سیاسی بە متمانە. ئەگەر بۆ نمونە دەزگای گەرمایی خانوویەك لە ڕژێمێك دا لەبەرچاو بگرین، شێوەی ڕێکخستنی بۆ هاتن و دەرچوونی ئاوی گەرم و سارد و ماوەی گەرم بوونی دەزگاکە و ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ باشتر کارکردنی ئەم دەزگایە بەکار دەهێنرێ، بە ڕژێمەکەی لەقەڵەم دەدرێ. کاتێ حزبێکی سیاسی بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە و لەپێناوی چەند ئامانجێکدا خەبات دەکا، کارێکی سروشتی‌یە، بەڵام بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیارکراوەکان، چ ڕێگا و شێوازێك بگرێتەبەر، پێویستی بە زنجیرە ڕێوشوێنێك و چەندان ڕێگاچارە هەیە کە بە پێکهاتە و ئایدیۆلۆژیا و بەتایبەتی دیدوبۆچوونی ڕێبەرانی حزب کاریگەرە. لێرەدایە کە ئامرازی بەکارهێنراوی حزب و شێوازی کارکردنی، لەمەیدانی سیاسەت دا دەخرێتە ڕوو.

ئەم بابەتە بەتایبەتی دەبێتە جێگای بایەخی ئەوانەی لە ڕەفتار و کرداری سیاسی ڕکابەر دەکۆڵنەوە تا بتوانن بەو پێیە ڕەفتار و کرداری حزبی خۆیان بەشێوەیەك بخەنە بەر چاوەدێری و ڕێوشوێنی پێویست.

**ئەلف:- لایەنە تیوری‌یەکان.**

گریمانە تیوری‌یەکانی کردار و ڕەفتاری سیاسی، لە واقیع دا بوونی ڕکابەر و خەباتی بێوچانی نێوان ئەندامان و گروپە سیاسی‌یەکان لەپێناوی وەدەست خستنی دەستەڵاتدایە. ئەم خەباتە تارادەیەکی زۆر لە ململانێیەکی عەسکەری دەچێ. لەم رووەوە، پێویستی بە ستراتیژ و، شێواز و تاکتیکەکان هەیە کە بەبێ ئەوانە سەرکەوتن بەدی نایە.

یەکێك لەو نمونانەی کە دەتوانێ ئەو خەباتە روون بکاتەوە، هەر ئەوەیە کە بەهەڵە ناونراوە (تیوری گەمەکان).

لەسەر بنچنەی ئەم تیورییە، لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دا هەمیشە چەند یاریکەرێك (لەنێوان دووان تا بێکۆتایی) لەگەڵ بەرژەوەندی دژبەیەك لەسەر بابەتێکی تایبەتی و لەسەر بنچینەی رێسای ئامادەکراو، بۆ وەدەست خستنی بابەتی دیارکراو، لەگەڵ یەکتردا مامەڵە بکەن. بێگومان ئەم یاری‌یە لەسەر بنەمای پێوەری ئەقلانی ئەنجام دەدرێ و یاریکەر بە لەبەرچاوگرتنی هەل و مەرج، توانا و هێز و لاوازیی لایەنە بەرانبەرەکان، کۆمەڵە جولانەوەیەك بۆ خۆیان پێشبینی دەکەن و جێبەجێی دەکەن. ئەم کۆمەڵە جولانەوەیە کە هەمان ستراتیژی یاریکەرە، دەتوانێ سادە یان لێکدراو، بەرتەسك یان بەرفراوان بێ. دوا ئەنجامیش، بەپێی بردنەوە یان دۆڕاندنی تەواو یان بە کەم و کورتی، دەتوانێ بە کۆکردنەوەی کۆی سفر (بردنەوەی تەواوی یەکێك و دۆڕاندنی تەواوی یەکێکی دیکە) یان گەمە بە کۆکردنەوەی هەموو، بگۆڕێ. ئیئتلافی یاریکەرانیش لە هەل و مەرجی بوونی یاریکەرانی جۆراوجۆر، لەبەرچاوە[11].

"تیوری یاری‌یەکان" دەتوانرێ لە دوو گۆشەنیگای لێک جودا، بەڵام لە هەمان کات دا بەیەکەوە پەیوەست لەمەڕ حزبەکان، بەکار بهێنرێ: یەکێکیان هۆکاری سەپاندنی حزب، ئەوی دیکە هۆکاری سەپاندنی دەوروبەر. مەسەلەی یەکەم، دەتوانرێ بە تیوری بڕیاردان و مەسەلەی دووەم بە تیوری کاریگەری دەوروبەر ئاوێتەی یەکتر بکرێن. گۆشەی سێیەم کە قابیلی پێشبینی‌یە، لەپێکهاتی دوو گۆشەی یەکەم و دووەم پەیدا دەبێ.

۱-**هۆکاری سەپاندنی حزب** – ئەگەر حزب هۆکاری دیارخەری ستراتیژی خۆی بێ، بە ئیلهام وەرگرتن لە سێ نمونەی بڕیاردانی **ئایسن**[١٢] دەتوانرێ سێ شێوەی بڕیاردان و دەست نیشانکردنی ستراتیژی بۆ حزبەکان، لێک جودا بکرێتەوە. نمونەی یاریکەری زیرەك، بەم مانایە کە حزب ڕێکخراوێکی ئەقلانی‌یە وەك یەکەیەکی بەیەکەوە پەیوەست خاوەنی قازانج و ئەو داخوازیانەیە کە خۆیشی ئاگاداریانە" نمونەی ڕێکخراوەیی، کە دەبێ دەست نیشانی بکەین ئەوەیە چ ئۆرگانێ کاری داڕشتن و دانانی بەرنامەی حزبی بە ئەستۆوەیە و" لە دوایی‌دا نمونەی بیروکراتیک کە دەبێ بزانرێ کێ یان چ کەسانێ لە چ پلە و پێگەیەك دا، فەرماندەیی و ڕێبەرایەتی حزبیان بە ئەستۆوەیە. لە هەر یەکێك لەم بارانەدا، ئەنجام دانی یاری، وەك ئامرازی ڕەفتارێکی ڕێکخراو لەقەڵەم دەدرێ. دوو کەس لە سۆسیۆلۆژیستەکانی فەرانسە رایان وایە ڕەفتار و کاری ڕێکخراوێك بە ئاوێتەیەك لە خواستە تاکە کەسی و بەکۆمەڵەکان لەگەڵ ئیلتیزامی ڕێکخراوەیی و ڕێوشوێنەکانی گەمە، دەزانرێ و "ڕێکخراو وەك کۆمەڵێك لە یاری‌یە زنجیرەیی‌یەکان" دەناسێنن[١٣]. کە لە واقیع دا بەمانای

تێکەڵبوونی سێ نمونەی ئایسن، ئاوێتەی یەکترن. هەر ئەو نووسەرانە ئەم هەڵێنجانە لە سیستمی کارورەفتار بە "سیستمی رەفتاری ناوخۆی رێکخراوێک" ناو دەبەن و ئەوە دەڵێنەوە کە ئەم هەڵێنجانە لە دەیەی ١٩٦٠دا بووە مایەی مشت و مڕی ئەو تیوریسیۆنانەی تەئکیدیان لە بایەخی دەوروبەر دەکردەوە[١٤].

٢-**هۆکاری سەپاندنی دەوروبەر** – لەم دیدەوە، حزبی دەستەڵاتدار دەستەڵاتی بەسەر بڕیار و هەتا پێکهاتی ناوخۆیشیدا نییە و ئەوە دەوروبەرە کە ستراتیژ و بەرنامەی حزب دەست نیشان دەکا و بەرنامەش خۆی لەخۆیدا پێکهاتەی ناوەوەی حزب دەست نیشان دەکا. **ئانتونی داونز** لە کتێبی **تیورییەکی ئابووری لەمەڕ دیموکراسی**[١٥] بە چواندنی مەیدانی سیاسەتی نوێ بە بازاڕ و چواندنی یاریکەرانی سیاسی بە یاریکەرانی ئابووری، ئەوە هەڵدەهێنجێ کە حزبەکان لە بازاڕی هەڵبژاردن کە گرنگترین کاری تایبەتی ئەوانە، هەر بەو شێوەیە رەفتار دەکەن کە بەرهەم هێنەران لەبازاڕ دەیکەن و پەیوەندی حزب بە دەنگدەران هەر لە پەیوەندی نێوان فرۆشیار و کڕیار دەچێ. وەك چۆن ئامانجی سەرەکی فرۆشیارەکان وەدەست خستنی زۆرترین سوودە و بۆ ئەم مەبەستە کەل و پەل دەخەنە بەرچاوی کڕیارەکانیان و پڕوپاگندەی بۆ دەکەن و هانیان دەدەن بۆ کڕینیان، لە مەیدانی سیاسەتیش دا حزبەکان تێدەکۆشن بۆ وەدەست خستنی زۆرترین دەستەڵات کە لە کۆمەڵی دیموکراتی ئەمڕۆدا بەهۆی وەدەست خستنی زۆربەی دەنگەکان دەست دەکەوێ و دەنگدەرانیش بۆ قازانجی خۆیان بەدوای حزبێك دا دەگەڕێن کە بەرنامە و ئامانجەکەی پێش هەمووان دابین کەری ئەم قازانجانە بێ. لەم رووەوە بەرنامە و ئامانج و مەبەستە

راگەیەنراوەكانی حزب لە واقع دا ئەو كەل و پەلە سیاسیانەن كە بۆ كڕیارەكان دەخرێنە بەردەست. هەروەك چۆن مەنتیقی بازاڕ پێویست دەكا، ئەو كەل و پەلانەی زۆرتر مایەی داخوازی خەڵكە، دەخرێتە روو، حزبیش لەباتی راگەیاندنی بەرنامەیەكی ئوسولی و هەڵوێستی تا رادەیەك جێگیر، دەبێ خەریكی راگەیاندنی ئەو بەرنامانەبێ كە خەڵكانێكی زۆرتر بۆ خۆی راكێشێ و ئەمەش خۆی پێویستی بە هەبوونی زانیارییەكی زۆرە لەمەڕ دەوروبەری سیاسی خۆی. لەم پرۆسەیە ئوسولیەدا، دەتوانرێ ئەوە هەڵێنجرێ كە ئەوەی ئایدیۆلۆژیا و بەرنامە و ئامانجەكانی حزب دەست نیشان دەكا، لە واقیع دا پێكهاتی دەستەی دەنگدەرانە و ئەم ئاقارەش خۆی لە خۆی دا پێكهاتی ناوخۆی حزب دەگۆڕێ و لەگەڵ بەرنامە راگەیانراوەكاندا جووتی دەكا: دەوروبەر (دەستەی دەنگدەر) ◀ بەرنامە و ئامانجەكانی حزب ◀ پێكهاتی حزب.

**٣- نمونەی مامەڵەكردن یان روانگەی پێكهات** – بێگومان حزب یان هەر رێكخراو و یاریكەرێك ناتوانێ بەبێ سرنج دان لە ئیلتیزاماتی دەوروبەر، سیاسەت، ستراتیژ و رەفتاری سیاسی خۆی دەست نیشان بكا" لەلایەكی دیكەوە، لەبەرچاو نەگرتنی هۆكاری رێكخراو و ملكەچ كردنی بە دەوروبەر سەپاندن، دوورە لە واقیع. رێكخراو وەك واقیعیەتێكی كۆمەڵایەتی، خۆی بەشێكە لە دەوروبەر، و كاری لێ دەكا و پێی كاریگەر دەبێ. نمونەی **پییەر بوردیۆ** بەباشترین شێوە ئەم روانگەی پێكهاتە لەمەڕ (رەفتار)، شی دەكاتەوە. ئەو كە هێشتا پەیوەندی بە پارادایمی بنیەویەتەوە هەیە، بەزیادكردنی ستراتیژی لەتەك روانگەی رێسا، بنیەویەت لەباری جەبری و قەدەرییەكەی دەركرد، ئەو رۆلەی دابە یاریكەر كە بەلەبەرچاوگرتنی

دەوروبەر و ڕیسای باو، ستراتیژیەکەی خۆی دەست نیشان بکا. بەم ڕوانگەیەوە پییەر بۆردیۆ کە زۆرتر بایەخی بە گوتاری بەکاربردن و تایبەتمەندیەکانی چینەکان داوە نەك بە بەرنامەی حزبەکان، تیوریە پراکتیکیەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە، ڕێك خستووە کە دەتوانرێ بەشێوەیەکی گشتی سوودی لێ وەرگیرێ[١٦]:

پراکتیك = (ئابیتوس + سەرمایە) + فەزای کار (دەوروبەر)

هەبیتۆس (Habitus) بریتیە لە کۆمەڵێ بەهرە، تایبەتمەندی، ئاوێتەی روناکبیری و سەلیقەی چینایەتی و لەیەك وشەدا ئوسولێك کە ئیدراك و ڕەفتاری بەرپرسی کۆمەڵایەتی، دەچەسپێنێ[١٧]. ئەگەر ڕوانگەی مارکسیستی بۆردیۆ کە سوورە بە هەر شێوەیەك بۆ تیوری خەباتی چینایەتی وەفادار بێ، بخەینە لاوە، دەتوانرێ ئەوە هەڵێنجرێ کە کەسانی سەربە گروپ و ڕێکخراوەکانیش (Habitus) ێکی یەکسان وەدەست دەخەن و لە ئەنجام دا وەك ناسنامەی گشتی ڕێکخراو، شایانی خستنە ڕووە. لەبارێکی وادا دەتوانرێ ئەمە بە کۆمەڵی ناوخۆی حزب و تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتی، کلتوری، چینایەتی، ئایدیۆلۆژی و پێکهاتی دەروونی حزبیش بچوێنرێ. ڕەگەزی دووەم، واتە سەرمایە کە لەدیدی بۆردیۆدا لەگەڵ کۆمەڵەی سامانی ماددیدا قابیلی داشکاندن نیە، بەڵکو سامانی کلتوری، پلە و پێگەی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە، لە واقیع دا هەر ئەو کۆمەڵە تواناو لۆجستیکەی حزب دەبێ کە دەتوانێ لە ڕەفتارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەکار بهێنرێ. بۆ نمونە" هەبوونی کەسانی شارەزا و پسپۆر کە هۆکاری سەرکەوتنی هەر حزبێکە، دەچێتە خانەی سەرمایە. لێرەشدا بۆردیۆ وازلە ئامـاژەی مارکسستی ناهێنێ و بوونی

ئیمتیازاتی لەم جۆرە بە تایبەتمەندی چینە باڵاکان دەزانێ کە توانیویانە ئاستی رۆشنبیری‌یەکی باڵاتر و ئەزمونێکی زۆرتر وەدەست بخەن. رەگەزی سێیەم، واتە قەڵەمڕەوی کار، لە واقیع دا چوارچێوەیەکە یاریکەرە جۆراوجۆرەکان بەیەکەوە پەیوەست دەکا و لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە پێگەی هەر یاریکەرێکیش لەم چوارچێوەیەدا دەست نیشان دەکرێ. لەم قەڵەمڕەوە کۆمەڵایەتی‌یەدایە کە روون دەبێتەوە کێ لەسەرەوەیە و کێ لە خوارەوەیە و شەڕی نێوان یاریکەرەکانیش هەر لەم مەیدانەدا دەکرێ. لەبەرچاو گرتنی هەر ئەم چوارچێوەیە، تیوری‌یەکەی بۆردیۆ لە تیوری‌یە نوێکانی کاریگەر بوون نزیك دەکاتەوە. چونکە بۆردیۆ لەو باوەڕەدایە هەموو ئەو یاریکەرانەی لە قەڵەمڕەوێکی کۆمەڵایەتی دەست نیشان کراودا شەڕی یەکتر دەکەن، خاوەنی بەرژەوەندی بنچینەیی هابەشن، باوەڕیان بە بابەتی مایەی مشتومڕ هەیە و شەڕەکەیان دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی یاری و لە ئەنجام دا پاراستنی ئەم قەڵەمڕەوە.

**ب-لایەنە پراکتیکی‌یەکان:**

**جاك ئەتالی**، مامۆستای زانکۆ و وەزیری پێشووی فەرانسە، ستراتیژی حزبەکان لەسەر پێگەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردن دا، لە پێنج تەوەردا بەقابیلی لێکۆڵینەوە دەزانێ[١٨]:

١-ئایا دەتوانرێ ئیئتلافی سیاسی جێگیر پێشبینی بکرێن؟

٢-ئایا دەتوانرێ ئەو تاکتیکانە دەست نیشان بکرێن کە کاندیدێك دەبێ لە ململانێی هەڵبژاردندا بەکاریان بهێنێ؟

٣-ئایا دەتوانرێ راددەی دەستەڵاتی ئەندامێکی رێکخراوەکە بزانرێ؟

٤-ئایا دەتوانرێ ئەو بەرنامەیە دەست نیشان بکرێ کە دەبێ حزبێك بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردن دا هەڵی بژێرێ و خۆی لە دەسەڵات بهێڵێتەوە؟
٥-چۆن دەتوانرێ ململانێی نێوان دەستەڵاتی راپەڕاندن و یاسادانان رێك بخرێ؟

پرسیارەکانی ئەتالی تەنیا پەیوەندی بە سەرکەوتن لە هەڵبژاردن دا هەیە کە هەڵبەت بە گەورەترین سیمای ململانێی حزبەکان لەقەڵەم دەدرێ و سروشتییە رۆڵێکی گرنگی لە هەڵبژاردنی ستراتیژی حزبدا هەبێ، بەڵام ژیانی حزبایەتی هەر کاتی هەڵبژاردن و ململانێی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو ژیانی جێگیری حزب دەیکاتە یاریکەرێکی چالاك و خاوەنی چەندان بەرنامە کە خۆی لەخۆیدا ستراتیژ و سیستمی رەفتاری بەردەوام و هەمەلایەنەش دەگرێتەوە. ئەم سیستمەی رەفتارە لە زمانی سیاسی حزب تا رکابەری بۆ تێ شکاندنی رکابەر و وەدەست هێنانی سەرکەوتن و لەکۆتاییدا ئەنجام دانی تیۆری سیاسی-یش دەگرێتەوە.

لەوانەیە بکرێ، سیستمی رەفتاری حزبەکان لە دابەشکردنێکی گشتیدا، بکرێتە دوو دەستەی گونجاو و توند:

١-**رەفتاری توند:** رەفتاری توند بەشێوەیەکی ئاسایی لەلایەن حزبی خاوەن ئایدیۆلۆژی و ئامانجدار و کەمایەتی وەدەردەکەوێ. زمانی سیاسی ئەم حزبانە بە شێوەیەکە گوایە گەیشتوونەتە راستی موتڵەق و بەهیچ شێوەیەکیش ئامادەی سازش نین. زمانی سیاسی ئەوان لەلایەك، لەسەر بنچینەی دروشمی ئامانجدار دامەزراوە و هەتا هەوڵ دەدەن بە هەڵبژاردنی ناوی وەك "**کۆبوونەوە بۆ ئازادی، بزووتنەوەی خەڵك و دیموکراتیك، حزبی شۆڕشگێر**، ..." زۆرترین خەڵك لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە[١٩]. بێگومان ئەم

ناونیشانانە بۆ ئەو خەڵکانەی بەشێوەیەکی راستەخۆ نەهاتوونەتە ناو سیاسەتەوە و سیاسەت ناکەن، سرنج راکێشە و دەستەواژەی واقعی ئەو شتەیان نییە. لەلایەکی دیکەوە، زاراوەی سەرەکی و کلێشە ئاسای ئەم حزبانە بە رووکەش نیشاندەری سووربوونێکە کە بەدڵی خەڵکی بێ. ئەم زمانە بەشێوەیەکی ئاسایی لە رۆژنامەیەکدا گوایە ئۆرگانی حزبە، بەکار دەهێنرێ. شێوەی توندی سوك کردنی رکابەر یان رکابەرەکان زۆر بە روونی لەو رۆژنامانەدا دەردەکەون. گەلێ رۆژنامەی حزبی لەم شێوازانە بەکار دەهێنن و بەهۆی ئەوەی مەنتیق و قسەی بەڵگەدار لە فەرهەنگی ئەم جۆرە گروپانەدا نییە، نارازیانی سیاسی خۆیان بەتۆمەتی ئاکار و شتی لەم بابەتە تۆمەتبار دەکەن. ئەگەر زمان وەك هۆیەکی گەیاندنی باوەڕی گروپێك، بایەخدار بزانین، ماهیەتی ئەم جۆرە حزب و گروپانە دەکرێ هەر بەهۆی ئەم جۆرە هەڵمەتانەوە بزانرێ. هەڵبەت لێرەدا دەبێ لەنێوان ئەو حزبە خاوەن ئامانجانەی کە لە دیدی خۆیانەوە ئامانجی پیرۆزیان هەیە یان ئەو حزبانەی داکۆکی لە کەمایەتییەکی تایبەتی دەکەن و سەرکوت دەکرێن وەك (پ.ك.ك) ی تورکیا لەلایەك و گروپە فاشییەکان لەلایەکی دیکەوە، جیاوازی دابنێین. گوناهی توندوتیژی لە حزبەکانی جۆری یەکەم لە ئەستۆی ئەو زۆربەیەدایە کە رێز لە مافەکانیان ناگرن. بەڵام حزبەکانی جۆری دووەم ئەو گروپانەن کە نەتەنیا باری گوناهی خۆیان بە ئەستۆی خۆیانەوەیە، بەڵکو بەرپرسی وەرامی توندوتیژی کۆمەڵ یان حکومەتیشن.ئەگەر پەخشنامە و بڵاوکراوەی حزبیش بەبەشێك لە زمانی ئەوان بزانین، دەبێ بڵێین لەو کاتانەدا، ئەوانیش خۆیان بیرخەرەوەی جۆرە توندوتیژییەکن. ئەو شتانەی لەلایەن گروپی نازییە کۆنەکان یان بەرەی

نیشتمانی فەرەنسە بڵاو دەکرێتەوە، نیشانەیەکی ئاشتیو ئاشتەوایی تێدا نیيە. شتێکی سروشتییە کە ئەم جۆرە بەرهەمانە، هەر لەلای نەخۆشانی فیکر و دەرونی ڕەواجیان دەبێ و ئەمەش خۆی قسەیەکە و دەکرێ لەکاتێکی دیکەدا لێی بدوێین.

بەکردەوەش توندوتیژی پێگەی تایبەتی خۆی دەپارێزێ. هەڵمەت کردنە سەر کۆبوونەوەی نارازییان، مانگرتن، خۆپیشاندانی توندوتیژ و بارمتە گرتن نێزەیەکە لە کۆنەوە لە ڕەفتاری سیاسیدا بەکار هێنراون. مانگرتن مەقبولترین جۆری ڕەفتاری توندوتیژییە کە زۆرتر لایەنی پیشەیی هەیە و ئەگەر ڕاستەوخۆ زیان بە ژیانی خەڵکی نەگەیەنێ، بەسەر ڕای گشتییەوە بێ کاریگەر نییە. لە قاودانی ڕکابەر، نێزەیەکی دیکەیە هەم لەلایەن حزبی توندڕەو بەکار دەهێنرێ و هەم لەلایەن حزبی میانڕۆ. بەڵام شێوەی لەقاودان جودا دەبێ: ئەو گروپانەی گوشار کە دژی هەڵبژاردنەوەی **ڤالیری جیسکار دیستان** بوون بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، بەنەرمی لە هەفتەنامەی فوکاهی (**کانارئانشە**) (مرواریيەکی بەزنجیر)، ئاماژەیان بۆ ئەو ئەلماسە کرد کە بۆکاسای سەرکۆماری ئەفریقای ناوەڕاست پێی دابوو، و هەر ئەو مەسەلەیەش کاری خۆی کرد. بەڵام لە وڵاتانی دنیای سێدا کە توندوتیژی حزبەکان سیمایەکی سەرەتایی هەیە، هەندێ جار بە ئامازەکردن بۆ تایبەتیترین لایەنی ژیانی ڕکابەر یان تۆمەتی ناشایستە، هەوڵ بۆ سوکایەتی کردن بە ڕکابەر دەدرێ.

هەروەها دەبێ ئامازە بۆ ئەوەش بکرێ کە ڕەفتاری توندوتیژ بەشێوەیەکی ئاسایی بیر لە هاوپەیمانی ناکرێتەوە. حزبە توندڕەوەکان، توند و کەللە ڕەقن و بەراوێژی خەڵکی کار ناکەن و بێجگە لە خۆیان و لە

ئامانجە پووچ و دوور لە واقیعەکانیان، بیر لەشتێکی دیکە ناکەنەوە. بەرەی نیشتمانی فەرانسە هیچ حزبێك بە هاوپەیمانی خۆی نازانێ و بەدوای ئەوەشدا ناگەڕێ.

**٢-رەفتاری نەرم و گونجاو:** زمانی سیاسی لە سیستمی رەفتاری گونجاو بەئاقاری ئارامیدا دەڕوا و پشت بە ئوسولی مەنتیقی دەبەستێ. ئەگەر ئەوان رفێنەری هەستەکانی خەڵکی بوون، ئەمانە پەنجە دەخەنە سەر هۆشی خەڵکی. پێگەی زۆرینەی ئەم جۆرە حزبانە رۆڵێکی گرنگیان لە هەڵبژاردنی زمانیاندا هەیە، بەڵام کولتور و زیرەکی رێبەرەکانیش دەتوانێ لەکاتی کەمایەتی بوون دا، نەخشێکی گرنگی لە هەڵبژاردنی ئەم زمانەدا هەبێ.

ستراتیژی هاوپەیمانی و مشتومڕ لەم جۆرە سیستمی رەفتارەدا، بایەخێکی بەرچاوی هەیە. ئەگەر حزبێك بیەوێ لەسەر بنەمای دیموکراسی و وەرگرتنی دەنگی زۆرتر کار بکا، بێگومان لەباتی دەست بردن بۆ توندوتیژی، رێگای ئاشت بوونەوە و سازش دەگرێتەبەر. نمونەی هاوپەیمانی لەلایەن (**فن یومن**، **مورگنسترین**، **ولیام ریکر** و **لیز رسن**)ـەوە لێیان کۆڵراوەتەوە. نزیکەی هەموویان لەو باوەڕەدان کە هاوپەیمانی دەبێ تەنیا لەکاتی پێویستیدا ئەویش بەشێوەیەك بەڕێوە بچێ کە دەستەڵاتی حزبی پێشڕەو بپارێزرێ. بەڵام رێگاچارەیان، لێك جودایە. بۆ نمونە، ئەگەر کورسییەکانی ئەنجومەنێك (١٠٠) دانە بێ و حزبەکان وەك خوارەوە لەنێوان خۆیان دابەشی دەکەن[٢٠]:

حزبی ئەلف ------ ٣٢ کورسی

حزبی بێ ------ ٢٥ کورسی

حزبی جیم ------٢٠ کورسی

حزبی دال ------ ١٠ کورسی

حزبی هێ -------- ٢ کورسی

حزبی واو -------- ١١ کورسی

لە روانگەی یومن دا دەبێ کار بۆ هەر هاوپەیمانی‌یەك بکرێ کە سەرکەوتن وەدەست بهێنێ: واتە دوو حزبی گەورە یان چەند حزبی بچوك، و لەدیدی لیز رسن دا هەرچەندە ژمارەی حزبی هاوپەیمان کەمتر بێ، باشترە. لە دیدی ریکەر دا هاوپەیمانی لەگەڵ گچکەترین حزبێ کە سەرکەوتن زامن دەکا، پێویستە[٢١]. دیدوبۆچوونی ئەوان دەتوانرێ بەم شێوەیەی خوارەوە وەدەربخرێ:

| هاوپەیمانی بەرای بومن | لە دیدی لیز رسن | لەدیدی ریکر |
|---|---|---|
| ئەلف — ب | ئەلف — ب | ئەلف — ج |
| ئەلف — ج | ئەلف — ج | |
| ئەلف — دال — و | | |
| ب — ج — دال | | |

خۆپیشاندانی ئارام، بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی مایەی پێخۆش بوونی خەڵکی، رێزگرتن لە رکابەرە سیاسی‌یەکانیش لەتەك ستراتیژی هاوپەیمانی و مشتومڕ لەناو سیستمی رەفتاری گونجاو، بەکار دەهێنرێ.

فلیب برو سیستمی رەفتاری حزب لە دەوری دوو پرسیاردا، کۆدەکاتەوە: ١-لەگەڵ کێدا هاوپەیمانی ببەستین.

٢-بەچی گوشار دروست بکەین؟

ئەو لەمەڕ پرسیاری یەکەم چەند جۆرە ئیئتیلاف لێك جودا دەکاتەوە:

ئیئتلاف بۆ سەرکەتن یان ئیئتلاف بۆ زۆرترین دەستەڵات" ئیئتیلافی ڕەوا واتە ئەو هاوپەیمانی‌یەی لەگەڵ ڕەوتی نزیك" ئیئتیلافی بەکار واتە هاوپەیمانی لەگەڵ زۆرترین حزب" و ئیئتلافی بەرتەسك لەنێوان دوو یا سێ حزب" و ئیئتلافی بێ توانا واتە هاوپەیمانی نێوان چەند حزبی نەگونجاو کە بەگەیشتن بە یەك دەنگی گرفت بۆ خۆیان دەخولقێنن" و لەکۆتایی‌دا ئیئتلاف لەسەر بنچینەی یەکسانی یان لەسەر بنەمای ملکەچی یەکێك بۆ ئەوی‌تر یان ئاوێتەبوون[٢٢].

ئامرازەکانی گوشاریش لەدیدی (برو)دا بریتی‌یە لە پارە: توانای پەیداکردنی کار، توانای ڕاکێشانی ڕای گشتی، دەستەڵاتی ڕەوا، توانای کاریگەری لەسەر دانیشتوان بەهۆی کەسایەتی و سیمای کاریزمی یان ئەو شێوازانەی کە هەستی خەڵکی بوروژێنن، ئامادە بوون لە دەزگاکان و کەناڵەکانی بڕیار، توانای تێکدانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەهۆی مانگرتن، خۆپیشاندان، قەدەغەکردن و ملکەچ نەکردن، بڵاوکردنەوەی پەخشنامە بۆ دژایەتی هەندێ جار هەڵبژاردن یان بەلایەنی کەمەوە دەنگ نەدان.

ئەو، هەروەها بەپارێزەوە باس لە توندوتیژی و بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن دەکا و لە دوایی‌دا ڕۆڵی زانیاری و توانای حزب لە دەست گەیشتنی بە باشترین زانیاری سیاسی و غەیرە سیاسی کە ئەمڕۆ بودجەی گرانیشیان هەیە، ئامرازی گرنگی حزب بۆ گوشار دروست کردن و لە واقع دا بۆ ڕەفتاری سیاسی، دەزانرێ[٢٣].

## سەرچاوەکان :-


1.Roger-Gerard Schwartzenberg, Sociologie Politique, Montchrestien, 1947, PP. 471-474
2.Ibid, p.471
3.M.Duverger, Les Partis Politiquses, (195), Paris, A.Colin 1976, p.466.
4.C.Debbasch, J.M. Pontirer, Introduction a la politique, Dalloz, 1982, p.206
5.Ibid, p.212
6.Ibid, p.212
7.G.Almond, B.Powel, Comparative Politique, Boston University Press, 1966, p.99.
-هەروەها گابریل ئالموند و خەڵکانی دیکە، چوارچێوەیەکی تیوری بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسەتی پراکتیکی، وەرگێڕانی عەلی رەزا تەیب، ناوەندی فێرکردنی ئیدارەی دەوڵەت، ١٣٧٦، بەشی شەشەم.
8.Peter Merkle, Modern Comparative Politics, New York, Holt, Rinehart and Winston, 1970, p.104-109
9.Robert King Merton, Elements de theorie et de Methode Sociologique, Paris, Plon, 1965, p.126.
10.Georges Lavau, “partis et systemes politiques: Interactions et Fonctions”, Revue Canadienne de Science Politique, Mars, 1969, pp.36-44.
١١-بڕوانە بەشی چوارەمی ئەم کتێبە Jacques Attali, Analyse economique de la vie Politique, P.U.F, 1972
١٢-بڕوانە: گراهام.تی.ئایسن، شێوەکانی بڕیاردان لە سیاسەتی دەرەوە، وەرگێڕانی مەنوچەهری شوجاعی، کۆمپانیای ئینتیشاراتیعیلمی و فەرهەنگی، ١٣٦٤.
13.Michel Crozier, Erhard Friedberg, L’acteur et le Systeme, Paris, Seuil, 1977, p.98.
14.Ibid, pp.111-113.
15.Anthony Downs, “An economic theory of Democracy” in, J.Attali, op. Cit, pp,154-141/
١٦-بڕوانە:P.Bourdieu, Esquisse d’une theorie de la paratique Geneve, Droz, 1972
17.F.Heran, “La ‘Seconde nature de I’ Habitus”, Revue francaise di Sociologie, XXVIII, 3, Juillet-sep, 1987, p.398.
18.J.Attali, Les Modeles, Paris, P.U.F, 1972, p.93.
19.Philippe Braud, La Vie politique, P.U.F, 1985, pp.62-63.
20. J.Attali, Analyse economic…, Op. Cit, p.114.
21.Ibid, p.114.
22.Ph, Braud, Op, Cit, pp.77-78.
23. Ibid, p.83-90.


*سەرچاوە: اطلاعات سیاسي - اقتصادي، ژمارە (١٣٥ - ١٣٦)، ١٩٩٩.

د. حجت الله ايوبى

# نیشانەو تایبەتمەندی یەکانی سیستمێکی کارای هەڵبژاردن

کاتێ قسه لە یاساکانی هەڵبژاردن یان چاککردنیان دەکرێ، لەراستی دا دەبێ پرسیاری ئەوە بکرێ کە ئێمە چیمان لە هەڵبژاردن دەوێ ؟ بەواتایەکی‌دیکە پێش چاککردنی یاساکان دەبێ بزانین چیمان دەوێ ؟.

بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامی هەڵبژاردن لەدوو لایەنی جیاوازدا دەردەکەوێ، لەلایەك خەڵکی لە بازنەکانی هەڵبژاردن دا، کەسێك وەك نوێنەرو داکۆکی‌کاری مافەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن و لەلایەکی دیکەش لەکۆی ئەم کەسە هەڵبژێردراوانەوە، پێکهاتەی ئەنجومەنی نوێنەران کە لە زۆربەی وڵاتان دا بالاترین دەستەڵاتی بڕیاردەرە، دەست نیشان دەکرێ.

لەو وڵاتانەی حیزبی سیاسی جۆراوجۆریان تێدایە، ئەنجامی هەڵبژاردن بەزۆری فەرمانڕەوایی حیزبێکی لێدەکەوێتەوەو لەو وڵاتانەی وەك ئینگلستان و ئیتالیا، نەتەنیا چارەنووسی ئەنجومەن، بەڵکو بەکردەوە چارەنووسی دەستەڵاتی راپەڕاندنیش روون دەبێتەوەو حزبی فەرمانڕەوا بە پێکهێنانی حکومەت رادەسپێردرێ. لەوڵاتانی وەك ئەمریکا و رووسیا یان وڵاتانی دیکەش کە حزبی براوە تەنیا لە ئەنجومەن دا دەستەڵاتی دەبێ، مەرج نییە دەستەڵاتی حکومەتی هەبێ. لەگەڵ هەندێش، ئەنجامی هەڵبژاردن بایەخێکی زۆری هەیە. پرسیاری گرنگ لەم باسەدا ئەوەیە باشترین سیستمی هەڵبژاردن بۆ هەر وڵاتێك چییە ؟ بەواتایەکی دیکە، لەناو سیستمەکانی هەڵبژاردن دا کامەیان هەڵبژێرین ؟

بۆ وەرام دانەوەی ئەم پرسیارە، پێش هەر شتێك دەبێ بزانین ئێمە چیمان لە هەڵبژاردن دەوێ ؟ بەواتایەکی دیکە، چیمان لە سیستمی هەڵبژاردن دەوێ ؟ تا ئەو

دەمەی وەرامی ئەم پرسیارە روون و ئاشکرا نەبێ، هەڵبژاردنی سیستمی هەڵبژاردن بێ مانایە.

هەندێ کەس رایان وایە سیستمی هەڵبژاردن وەك کەل وپەل پێشتر ئامادەکراون و لە فرۆشگایەك دا لەتەك یەك دانراون. بۆ هەڵبژاردنی باشترین سیستم دەبێ بەدوای ئەم شمەکانەدا بگەڕێین و بە بینین و بەراوردکردنیان باشترینیان هەڵبژێرین.

واپێدەچێ ئەم شێوە روانینە بۆ سیستمی هەڵبژاردن لە بنچینەوە ناراست بێ و رێگا بەبن بەست بگەیەنێ. هەروەك **دیومت** دەنووسێ: "پێش ئەوەی بەدوای سیستمەکانی هەڵبژاردن دا بگەڕێین و بکەوینە تەماشاکردن و بەراوردکردنیان، دەبێ لە خۆمان بپرسین چیمان دەوێ ؟ وبەدوای چیدا دەگەڕێین ؟ لەکاتی رۆشن بوونەوەی ئەم مەسەلەیەدا روانینمان بۆ سیستمەکانی هەڵبژاردن، روانینێکی زانایانەو وردبینییەو بەپێچەوانەی گریمانەی پێشوو، ئەوەندەش توانای هەڵبژاردنمان نابێ. چونکە یەك سیستمی هەڵبژاردنە کە دەتوانێ بە باشترین شێوە داخوازیو پێداویستییەکانمان دابێن بکا.

لەم گوتارەدا، لەوە دەکۆڵینەوە کە بە چ پێوەرێك دەتوانین باشترین جۆری سیستمی هەڵبژاردن بۆ وڵاتێك دەست نیشان بکەین. لەبەر ئەم هۆیە، کورتەیەك دەربارەی چاوەڕوانیمان لە سیستمێکی هەڵبژاردن، پێویستە.

### ١-چاوەڕوانی لە سیستمی هەڵبژاردن

هەڵبژاردن و دەنگ دان بەسێ مەبەستی لێك جودا بەڕێوەدەچێ. هەندێ جار مەبەست لەدەنگ دان دەربڕین و رەنگدانەوەی رای گشتی یان دیدوبۆچوونی گشتییە دەربارەی مەسەلەو هەندێ جاریتر زانینی خواست و ئارەزووی دەنگدەران و هەندێ جاریتر لەیەك کات دا هەردووکیانە. لەبەرچاوگرتنی فەلسەفەو ئامانجی هەڵبژاردن زۆر بایەخدارەو دەتوانێ دەست نیشان کردنی سیستمێکی باشی هەڵبژاردن ئاسانتر بکا.

هەوڵ دەدەین بە هێنانەوەی نموونە، جیاوازی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ ئەو ئامانجە جۆراوجۆرانەی هەیانە، روون بکەینەوە. گریمانە دەکەین کە ئەندامانی کۆمەڵەی

کۆلیژێك لە فایلی چەند کەسێکی داواکاری ئەندامێتی لە لیژنەی زانستی کۆلیژێك دەکۆڵنەوەو دەیانەوێ لەناو ئەوان دا یەکێکیان هەڵبژێرن. لێرەدا، ئەندامانی کۆمەڵەکە دوای خوێندنەوەی داواکاری‌یەکان ناچارن رای خۆیان بدەن‌و هەڵبژاردنێکی بچووك ئەنجام بدەن. مەبەست لەم هەڵبژاردن‌و دەنگ دانە راگەیاندنی بۆچوونی کەسەکەیە دەربارەی شایستەترین کەس. رای ئەندامانی کۆمەڵەکە لەراستی‌دا دەربڕی دیدوبۆچوونی جیاوازە لەمەڕ دیاردەیەکی دەرەکی‌و بەواتایەکی دیکە رای گشتی دەربارەی شایستەترین کەس بۆ ئەندامێتی لە لیژنەی زانستی. رای زۆربە، لەلایەن زۆربەی ئەندامانەوە قبوڵ دەکرێ‌و بەکردەوە بوارێك بۆ نیگەرانی یان دژایەتی نامێنێتەوە. بڕیاری کۆمەڵەکە لەراستی‌دا حوکم دانێکە دەربارەی دیاردەیەکی دەرەکی‌و کەسانی دەرەوەی کۆمەڵەکەش مافی حوکم دانێکی وایان هەیە.

لەنموونەیەکی دیکەدا" ئەندامانی کۆمەڵەی کۆلیژی ناوبراو دەیانەوێ لەشێوەی بەرزکردنەوەی پلەی ئەندامانی لیژنەی زانستی بکۆڵنەوەو گفت‌وگۆی دەربارە بکەن. لێرەشدا بێجگە لە دەنگدان ڕێگاچارەیەکی دیکە نی‌یە، بەڵام لەگەڵ ئەم جیاوازی‌یەدا کە ئەندامانی کۆمەڵەکە دیدوبۆچوونی جۆراوجۆریان هەیەو دوای گفت‌وگۆ دەبێ بگەنە جۆرە سەوداو سازش‌و دەستکاری‌کردنی دیدوبۆچوونەکان‌و ڕێگایەك قبوڵ بکەن کە داواکاری زۆربە دابین بکا. بەپێچەوانەی نموونەی رابردوو کە حوکم دان لەسەر دیاردەیەك بوو، لێرەدا مەبەست لە هەڵبژاردن، دابین کردنی دیدوبۆچوونی زۆربەیە. یان گریمانە دەکەین کە ئەندامانی ئەنجوومەنێك دەیانەوێ لەبودجەی خۆیان بڕێك بۆ مەسەلەی دیکە تەرخان بکەن. دەنگ دان لەسەر ئەم مەسەلە تایبەتی‌یە لەراستی‌دا بەمەبەستی دابین بوونی بۆچوونی زۆربە بەڕێوە دەچێ. لەبەرهەندێ، هەڵبژاردن بۆ مەبەستی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێ کە هەندێکیان بریتیین لە:

**ئەلف: رەزامەندبوونی زۆربە**

گەلێ لە لێکۆڵەرەکان مەبەستی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەنجوومەن‌و کۆمیتەکان بە دابین کردنی داخوازی‌یەکانی زۆربەی خەڵکی دەزانن، چونکە خەڵکی داخوازی‌یان

هەیەو نوێنەرەکانیان دەیانەوێ بۆ دابین کردنی ئەم داواکاری‌یانە هەوڵ بدەن. لەگەڵ ئەم پێش مەرجەدا، شتێکی سروشتی‌یە کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمەکانی هەڵبژاردن دا، ببینین کامە سیستەمی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی ئەوەی شایستەترین کاندیدا بەزۆرترین دەنگ هەڵبژێردرێ‌و لەوەرامی دووەمین پرسیاری گرنگ دا کە لەسەرەتادا کردمان، دەبێ بزانین کامە سیستەمی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی ئەوەی دابەش کردنی کورسی‌یەکان بەشێوەیەك بێ، ئەو حزبانەی لەلای خەڵکی بە متمانەترن، زۆرترین کورسی بکەنە هی خۆیان.

بۆ ئەوی بزانین کامە سیستەمی هەڵبژاردن خواست‌وبۆچوونی زۆرترین رێژەی دەنگدەران لە بازنەی هەڵبژاردن دا دەنوێنێ، دەبێ **یەکەم**، لەدابەش کردنی بازنەکان‌و **دووەم** لەشێوەی دابەش کردنی کورسی‌یەکان لەنێوان حزب‌و کۆمەڵەکان دا، شێوازێکی گونجاو دەست نیشان بکەین. ئەگەر بازنەی هەڵبژاردنی (یەك کورسی)مان پێ لە بازنەی هەڵبژاردنی چەند کورسی باشتر بێ، بەکردەوە سیستەمی هەڵبژاردنی زۆربەیەکی یەك قۆناغی یان دوو قۆناغیمان قبوڵ کردووە. هەڵبژاردن بە لیست‌و رێژە لەکاتێکدا دەگونجێ کە لەهەر بازنەیەك دا، چەند کورسی‌یەك بکەوێتە ململانێ، لەم کاتەدا، هەڵبژاردن دەتوانێ بەشێوەی لیست بێ‌و حزبە سیاسی‌یەکان بە پێشکەش کردنی لیستی داخراو یان کراوە داوا لە دەنگدەران بکەن دەنگ بەو کەسانە بدەن کە ناویان لە لیستی ئەوان دا تۆمار کراوە.

لەبارێکدا، ئەوەندەی کورسی‌یەکانی ئەنجوومەن، بازنەی هەڵبژاردنمان هەبێ‌و لەهەر بازنەیەك دا تەنیا یەك کورسی بکەوێتە رکابەری‌یەوە، دەتوانرێ لەناو سیستەمەکانی هەڵبژاردنی زۆربەی یەك قۆناغی، دووقۆناغی یان زۆربەی رەها، یەکێکیان هەڵبژێرین.

لایەنگرانی سیستەمی رێژەیی گلەیی لە بازنەی (تاکە کورسی) دەکەن‌و باوەڕیان وایە لەم سیستەمەدا کە دەنگدەر تەنیا یەك دەنگی هەیەو یەك رێگاشی هەیە، ناچارە بە رایەکی سپی‌و تاکتیکی خواستی خۆی لەبەرچاو نەگرێ‌و کەسێك هەڵبژێرێ کە ئومێدی سەرکەوتنی لەوانی دیکە زیاترە، لە بارێکدا لە سیستەمی هەڵبژاردنی رێژەیی‌دا، چەندان بوارو رێگا لەبەردەم دەنگدەردا هەن کە بەوهۆیەوە بتوانێ بەشێك

لە خواستەکانی دڵی دەربڕێ. ئەوەی گوترا تەنیا وێنەیەکی گشتیو تێکڕایی چەند وەرامێکی ئەو دوو پرسیارە سەرەکیییە کە لە سەرەتادا خستمانە روو.

هەروەك گوترا، هەڵبژاردن لەلایەك دیارخەری پێکهاتەی ئەنجوومەنو لەلایەکی دیکەش نیشاندەری هەڵبژاردنو بەباشتر دانانی کەسەکانە لەبازنەی هەڵبژاردن دا. وا دابنێین چاوەڕوانیمان لە هەڵبژاردن ئەمە بێ کە سیستمێك هەڵبژێرین دڵنیابین شایستەترین کەس لە بازنەکان دا هەڵدەبژێردرێنو دەنگدەران دەیانکەنە نوێنەری خواستو بۆچوونەکانی خۆیان.

بەم شێوەیە، لەبنچینەوە پێکهاتی ئەنجوومەن وەك مەسەلەیەکی دواناوەندیو ئاسایی دەردەکەوێو لەناو سیستمەکانی هەڵبژاردن دا لەخۆوە بەرەو سیستمێك دەڕۆین کە تیایدا تاکەکان دەتوانن داخوازییەکانیان لە هەڵبژاردن دا دەربڕنو نوێنەرێك هەڵبژێرن کە دەیناسنو زۆرترین متمانەی پێدەکەن.

شتێکی سروشتییە لەکاتی قبوڵ کردنی گریمانەیەکی وا دا، سیستمەکانی هەڵبژاردن کە لە سەر لیست بنیات نراونو تیایدا حزبەکانو رێبەرە پیشەییەکانیان رۆڵێکی چارەنووسسازیان هەیە، سیستمێکی داواکراو نییەو دەبێ سیستمێك هەڵبژێرین کە تیایدا بازنەکان تاك کورسییەو دەنگدەران لەبازنەی گچکەو ناسینی پێویست نوێنەری دڵخوازی خۆ هەڵدەبژێرن. لە بارێکی وادا، چەند سیستمێکی هەڵبژاردن، قابیلی لێکۆڵینەوەن.

**سیستمی هەڵبژاردنی زۆربەی یەك قۆناغی:** لەم سیستمەدا ئەنجامی هەڵبژاردن هەر لە خوولی یەکەم دا روون دەبێتەوەو لەناو کاندیداکان دا هەرکەس زۆرترین دەنگ وەدەست بهێنێ، هەڵدەبژێردرێ. گرفتە گەورەکانی ئەم سیستمی هەڵبژاردنە کە لە ئینگلستان بەڕێوە دەچێ، ئەمەیە: کاندیدایەك دەتوانێ بە دەنگێکی کەم هەڵبژێردرێو ئەم شێوەیە بەکردەوە هەنگاوێکی زۆر نا دیموکراتیکە. لەلایەکی دیکەوە، دەنگدەر لەبەرئەوەی دەزانێ هەر لە خوولی یەکەم چارەنووسی هەڵبژاردن روون دەبێتەوە، ناچارە ئەوپەڕی وردەکاریو حیسابی خۆی بکاو دەنگ بە کەسانێك بدا کە ئومێدێکی زۆرتریان بۆ هەڵبژاردن هەیە. بە واتایەکی دیکە، دەنگدەر خواستە

واقیعی‌یەکەی خۆی وەلا دەنێ و روو دەکاتە کاندیدایەك کە لەچاو ئەوانی دیکە بۆ ئەو لەپێشترە. بەم شێوەیە لەم سیستمەی هەڵبژاردن دا، دەنگدەر کەسێك هەڵدەبژێرێ کە لەدڵەوە بەتەواوی جێگای متمانەو قبوڵی ئەو نی‌یە، بەڵام بە ناچاری لەنێوان خراپ و خراپتردا، خراپ هەڵدەبژێرێ تا گرفتاری خراپترەکە نەبێتەوە.

ئەم جۆرە هەڵبژاردنە ((دەنگدانی تاکتیکی)) یان بە گۆتەی فەرانسەیی‌یەکان ((دەنگی بەسوود)) ی پێ‌دەگوترێ و دەنگی راستەقینەو دەربڕی خواستی دەروونی دەنگدەر نی‌یە.

لەگەڵ قبوڵ کردنی گریمانەی پێشتر دەبێ بەدوای شێوازێکەوە بین کە دەنگی راستەقینە تا دەکرێ جێگای دەنگی تاکتیکی یان بەسوود بگرێتەوە. یەکێك لە رێگاکان، قبوڵ کردنی هەڵبژاردنی دوو قۆناغی‌یەو رێگاکەی دیکە (دەنگی باشتر)ە. لەباری یەکەم دا، لەقۆناغی یەکەم دا دەنگدەر خواستی دڵی رادەگەیەنێ، بەڵام لەدووەمین قۆناغ دا رکابەری لەنێوان ژمارەیەکی کەمتردا دەبێ کە زۆرترین دەنگیان وەدەست هێناوە، جارێکی دیکە دەنگدەر ناچاردەبێ دەنگی تاکتیکی بدا.

وا دابنیێن سێ کاندیدا( ئەلف)، (بێ)، (جێ) رکابەری یەکتر دەکەن. دەنگدەرێك لەناو کاندیداکان دا (ئەلف)ی پێ لەوانی دیکە باشترە، بەڵام دەزانێ (ئەلف)لە هەڵبژاردن دا براوە نابێ و دوای(ئەلف) (بێ) لە(جێ) باشترە، بۆیە(بێ) هەڵدەبژێرێ. بەڵام دەنگدەرێکی دیکە لەنێوان کاندیداکان دا، (ئەلف)ی پێ‌باشترەو دژی(جێ)یەوو (بێ)شی ناوێ. لەبەرئەوەی (ئەلف) براوە نابێ و لەبەرئەوەش دژی(جێ)یە، بەناچاری و لەدژی(جێ)، دەنگ بە (بێ) دەدا. ئەمە بەو مانایە نی‌یە کە ئەو دوو دەنگدەرەی (بێ) هەڵدەبژێرن، هەردووکیان قبوڵی دەکەن، بەڵکو (بێ) بەدوو مەیلی تەواو لێك جودا، لەوانەیە هەڵبژێردرێ.

رێگای سێیەم ئەوەیە داوا لە دەنگدەرێك بکەین کاندیداکانی خۆی بە ریز هەڵبژێرێ. ئەم رایە (باشتر)ی پێ دەگوترێ، ئەم ئیجابیاتەی هەیە تاکەکەس بیروڕای خۆی باشتر دەردەبڕێ. هەڵبەت لێرەش، لەبەرئەوەی یەکەم بایەخێکی زۆری هەیە،

دەنگدەر هەوڵدەدا لەم مەسەلەیەدا سوود لە دەنگی تاکتیکی یان بەسوود وەربگریٚ‌و بێجگە لەم ڕێگایەش چارەیەکی تری نییە.

ئەم شێوەیە، ئەم ئیجابیەتەی هەیە کە تاکەکەس لەباتی یەك کەس، چەند کەسێك لە کارتی دەنگدان دا یەك لەدوای یەکتر ریزدەکا.

دەنگی تاکتیکی بێجگە لەوەی دەربڕی خواستی دەروونی دەنگدەر نییە، ئەم کەم‌وکورتییە هەیە کە هەندیٚجار دەتوانیٚ لەسەر بنچینەی زانیاری هەڵە، ئەنجام بدریٚ. لەبارێکدا، لەسەر بنچینەی راپرسی یان هۆیەکانی راگەیاندنەوە بەهەڵە ئومێدێکی زۆر بۆ یەکێك یان چەند کاندیدێك بخولقیٚ، ئەم زانیارییە نادروستانە دەبێتە بنەمای حیسابەکانی دەنگدەران.

لەو هەموو نموونانەدا، گریمانە ئەوەیە کە دابەش کردنی بازنەکان بەشێوەیەکە لە هەر بازنەیەك دا تەنیا یەك کەس هەڵدەبژێردریٚ‌و بەواتایەك بازنەکان تاکە کورسین. یان لەهەموو وڵات دا، بەژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەن، بازنەی هەڵبژاردنمان هەیەو لەهەر بازنەیەك دا تەنیا کورسییەك دەخرێتە مەیدانی رکابەرییەوەو دەنگدەر تەنیا یەك کەس هەڵدەبژێریٚ، نەك چەند کەسێك.

**بیٚ: پێکهێنانی دەوڵەتانی جێگیرو کارا:** هەروەك گوترا، هەڵبژاردن نیشاندەری خواستی تاکەکانەو لەهەمان کاتیشدا دەست نیشانکەری پێکهاتی ئەنجومەن یان دەوڵەت‌و لەئەنجام دا خاوەنی کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی‌و گرنگە. پرسیاری دووەم ئەمەیە چۆن کورسییەکان لەنێوان حیزب‌و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان دابەش بکەین.

دەتوانین دوو وەرامی لێك جودای ئەم پرسیارە بدەینەوە:

١-ئەنجومەن یان دەوڵەت هەردووکیان هی حیزبێکن کە زۆرترین دەنگی هەیە، لە ئەنجام دا زۆربەی رەها یان هەموو کورسییەکان هی زۆربەیە.

٢-هەر حیزب و کۆمەڵەیەك بەرێژەی دەنگیان لەئاستی نیشتمانیدا، دەبێتە خاوەنی کورسی لەئەنجومەن. کەواتە، ئەگەر حیزبی (ئەلف) لەسەدا١٠٪ی دەنگەکانی هەڵبژاردن بەدەست بهێنیٚ، لەسەدا١٠٪ی کورسییەکان دەبنە هیئەو.

هەڵبـەت واقیعیـەت شـتێکە لـەنێوان ئـەم دووبارەدایـە، چـونکە بـەزۆری هـەموو کورسی یەکان نادرێنە حیزبی سەرکەوتوو، وبەکردەوە حیزبەکان بەرێژەی دەنگەکانی خۆیان نابنە خاوەنی کورسی یەکانی نوێنەرایەتی.

لێرەدا، دەگەینە سەر دووڕیانێکی گرنگ و ئەم هەڵبژاردنە بەتەواوی سیاسی یانەیە. لەراستی دا دەبێ لەنێوان (دادپەروەری) و جێگیری و مانەوەی حکومەت دا یەکێکیان هەڵبـژێرین. سیسـتمە رێژەیی یـەکان زۆر لـە دادپـەروەری نـزیکترن، چـونکە دەربـڕی واقیعـی بیروڕای گشـتی یە لـە ئەنجوومـەن و دەوڵـەت دا. بـەڵام ئـەو حکوومەتانـەی لـە ئـەنجامی ئـەم سیسـتمی هەڵبژاردنـە بـەزۆری نـاجێگیرن و پشـت بـە ئیئتیلافی لـەرزۆك دەبەسـتن. لەبەرامبـەردا، سیسـتمی زۆربـە کـە تیایـدا حزبـی سـەرکەوتوو حزبـی فەرمانڕەوایە، سیستمێکی جێگیرو بەردەوام و تەواو پتەوە.

لێـرەدا دوو سیسـتم لەبەرامبـەر یـەکتردا، دەخرێنـەروو: سیسـتمێکی رێـژەیی و سیسـتمێکی زۆربـە خـوازی. لـە سیسـتمێك دا کـە زۆربـە فەرمانڕەوایـە دوو شـێوەی دابـەش کردنـی کورسـی یەکان، خـۆ دەنـوێنن. **شـێوەی یەکـەم**، ئەمەیـە کـە هـەموو کورسی یەکان ببنە هی حیزبی سـەرکەوتووو **ئـەوی دیکـە** ئەمەیـە حیزبی سـەرکەوتوو لەسەدا زۆرترین کورسی بکاتە هی خۆی. **لـەباری دووەم** دا رێژەی سـەدی دەنگـەکانی حزبەکان حیساب دەکرێن و لەگەڵ ژمارەیەك دا (جاران) دەکرێن. بۆ نموونـە: ئەگـەر سێ حزبی **شین**، **سوورو زەرد** یەك لـە دوای یـەك ٤٠٪، ٣٥٪، ٢٥٪ی دەنگەکان بەدەسـت بهێـنن، لـە کاتێکدا بڕیـارە ئەنجامـەکان لەگـەڵ ١/٣ جـاران بکـرێن، حزبـی سـەرکەوتوو لەسـەدا ٥٢٪ی کورسـی یەکانی پـێ دەبڕێ و پاشمـاوە واتـە لەسـەدا ٤٨٪ لـەنێوان حزبـەکانی تر دابـەش دەکرێ و دوو حزبەکـە یـەك لەدوای یـەك دەبنـە خـاوەنی ٢٨٪ و ٢٠٪ی کورسـی یەکان. ئـەم شـێوەیە پاداشـتی زۆربـەی پـێ دەگوترێ، لەراسـتی دا رێگایـەکی میانەڕۆیـە لـەنێوان سیسـتمی زۆربـەو رێـژەیی. ئامـانجی ئـەم شـێوەیە، کۆکردنەوەی چاکەکانی سیستمی رێژەیی و زۆربەیی یە. هـەروەك دەبینـرێ لەم بارەدا حزبی شین بە ٤٠٪ی دەنگەکانی زیاتر لە ٥٠٪ی کورسی یەکان دەکاتە هی خۆی.

لایەنگرانی ئەم سیستمە لەو باوەڕەدان پێڕەوکردنی شێوەیەکی لەم جۆرە جێگیری و بەردەوامی یەکی پێویست بە حکومەت دەبەخشێ، چونکە یەکەم" دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو حزبەی زۆرترین دەنگەکانی وەدەست هێناوە، ببێتە خاوەنی زۆرترین کورسی و لەلایەکی دیکەش حزبە نارازی یەکان بەدەنگی کەمتر لەوەی هێناویانە بچنە ناو ئەنجوومەنەوە. بە پێچەوانەی سیستمی ئینگلستان کە لە بەرامبەر زۆربەدا، حزبی نارازی بەدەنگێکی زۆر بەرزی کورسی یەکان ئامادەیە، لێرەدا حزبی زۆربە لەگەڵ چەند کۆمەڵەیەکی نارازی بەدەنگی کەمتر ئامادەیە و بۆ حزبی فەرمانڕەوا نابێتە مەترسی یەکی جدی.

پێشتر لە چۆنیەتی دابەش کردنی کورسی یەکانی دواین. لێرەدا تەنیا نموونەیەك باس دەکەین. پێش دەست نیشان کردنی سیستمێکی هەڵبژاردن دەبێ لەخۆمان بپرسین چ جۆرە سیستمێکی سیاسیمان دەوێ، لەهەڵبژاردن چی چاوەڕوان دەکەین و لەنێوان لەبەرچاوگرتنی دادپەروەری یان جێگیری و بەردەوامی حکومەت دا کامەی هەڵدەبژێرین. لەبارێکدا سیستمێکی جێگیرمان پێ باشتر بێ، دەبێ واز لە هەڵبژاردنی ڕێژەیی بهێنین و لەدابەش کردنی کورسی یەکانی ئەنجوومەن سوود لە شێوەی ((هەموو کورسی یەکان بۆ زۆربە یان زۆربەی کورسی یەکان بۆ زۆربە))وەربگرین.

**٢-شوێنەوارو دەرە نجامە دەروونی- کرداری یەکانی یاساکانی هەڵبژاردن**

یەکێك لەو مەسەلانەی کە دەبێ لەدەست نیشان کردنی سیستمێکی گونجاوی هەڵبژاردن دا لەبەرچاو بگیرێ، شوێنەوارو ئاکامە سیاسی- کۆمەڵایەتی یەکانی سیستمێکی هەڵبژاردنە. بێ هودە نی یە کە هەندێ توێژەرەوە یاسای هەڵبژاردنی وڵاتێك بە دەستووری ئەو وڵاتە لەقەڵەم دەدەن، چونکە ئەو یاسایەی هەڵبژاردنە خاوەنی شوێنەوارێکی سیاسی و هەتا دەروونیشە، بۆیە دەست نیشان کردنی سیستمێکی هەڵبژاردن بۆ وڵاتێك، پێویستی یەکی ژیانە.

**کاریگەری یاساکانی هەڵبژاردن بەسەر ڕەفتاری حزبە سیاسی یەکانەوە**

یاساکانی هەڵبژاردن کاریگەری یەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر ڕەفتاری سیاسی حزبەکان و دەنگدەرانەوە هەیە. یاسای هەڵبژاردن لەزۆر ڕووەوە دەتوانن کار لە حزبە

سیاسی‌یەکان بکەن. توێژینەوەکان ئەو واقیعە دەردەبڕن کە یاساکانی هەڵبژاردن کار لە ژمارەی حزبە سیاسی‌یەکانی وڵاتێك دەکەن. **بلیس**و **کارتی** لە ساڵی ۱۹۹۱ لە لێکۆڵینەوەیەك دا لە ۵۰۹ هەڵبژاردنی ۲۰ وڵاتیان کۆڵی‌یەوەو بە بەراوردکردنی یاساکانی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتانە گەیشتنە ئەم ئەنجامە کە لە هەڵبژاردنی سیستمی هەڵبژاردنی یەك قۆناغی‌دا بەشێوەیەکی ناکۆیی ۵ حزب، لە سیستمی زۆربەی دوو قۆناغی‌و لە سیستەمی رێژەیی، ۸ حزب لەمەیدانی هەڵبژاردن دا دەکەونە رکابەریی هەڵبژاردن.

کەواتە ئەگەر لەهەل ومەرجی سیاسی‌وکۆمەڵایەتی تایبەتی وڵاتێك دا، بوونی حزبە جۆراو جۆرەکان هەڕەشە لە جێگیری سیاسی و تەبایی کۆمەڵایەتی بکەن، بەشێوەیەکی سروشتی سیستمی زۆربەی یەك قۆناغی پێویست دەبێ‌و دەتوانێ رێگا لە پێکهاتنی حزبی بچووك بگرێ. ئامارە بۆ ئەوە دەکەین کە لە سیستمی زۆربەی یەك قۆناغی‌دا، ئومێدی حزبە بچووکەکان بە وەدەست هێنانی کورسی نوێنەرایەتی لە ئەنجوومەن دا کەمەو بێجگە لە پەیوەست بوون بە ئۆردووی حزبە گەورەکان رێگاچارەیەکی دیکەیان نی‌یە. هەندێ لێکۆڵەرەوە سیستمی دوو حزبی ئینگلستان بە قەرزاری سیستمی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتە دەزانن. ئەگەر ئەم جۆرە پەیوەندی‌یە هۆو هۆکارە لەنێوان ئەم دوو دیاردەیەدا هەیە، بەلایەنی کەمەوە دەبێ بگوترێ یەکێك لە گۆڕانکاری‌یە نا سەربەخۆکانی روونکەرەوەی سیستمی حزبی ئینگلستان دەبێ لە سیستمی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەدا بدۆزرێتەوە. لە بەرانبەردا، لە سیستمەکانی رێژەیی‌دا کە حزبە سیاسی‌یە بچووکەکان دەزانن بەپێی رێژەی دەنگەکانی خۆیان دەتوانن لە ئەنجوومەن دا ببنە خاوەنی کورسی نوێنەرایەتی، زەمینە بۆ پێکهاتن‌و گەشەستاندنی کۆمەڵەو فرەحزبی سیاسی لەبارترە.

یاساکانی هەڵبژاردن دەتوانن شێوەو شێوازی پروپاگندەو رکابەریی حزبەکانیش بەتووندی بخەنە بەر کاریگەریی خۆیانەوە. **کاتز** لە ساڵی ۱۹۸۰ بە توێژینەوەی سیستمەکانی هەڵبژاردنی کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان، بینی: ئەو کۆمەڵانەی خاوەنی سیستمی رێژەیی‌و بازنەی گەورەو چەند کورسین، حزبی سیاسی خاوەنی

ئایدیۆلۆژییان هەیە. بەتایبەتی سیستمی لیستی داخراو دەبێتەهۆی ئەوەی حزبە سیاسییەکان دەستەلاتێکی زۆر پەیدابکەنو رێبەرەکانیان ببنە یاریکەرە سەرەکییەکانی مەیدانەکانی هەڵبژاردن. لە سیستمێکی وادا حزبە سیاسییەکان بەزۆری باوەڕیان بە ناوەندێتی هەیەو پروپاگندە لە دەوری حزب دا دەسوورێتەوەو کاندیداکان لەدەست نیشان کردنی رێبازی هەڵبژاردن رۆڵێکی سەربەخۆو گرنگیان نییە. بەڵگەی ئەمە رۆشنە، چونکە لە سیستمی لیستی داخراودا، رێبەرانی حزبەکان نە تەنیا دانەری ناوی لیستەکانن، بەڵکو بەدەست نیشان کردنی شێوەی رێکخستنی لیستەکان بەکردەوە بڕیار دەدەن کە کێ دەبێ ببێتە نوێنەری حزب لە ئەنجوومەن دا. پێشتر بینیمان، لەبەرئەوەی حزبەکان تا رادەیەکی زۆر دەتوانن مەزەندەی رێژەی سەدی دەنگەکانی خۆیان بکەن، رێژەیەکی سەدی دیارکراوی کەسەکانیش کە لە پێشەوەی لیستەکەدان، بەمسۆگەری دەچنە ئەنجوومەنو هەندێ لەوانەش کە لەدواوەی لیستەکان دان، بەمسۆگەری ئومێدی چوونە ناو ئەنجوومەنیان نابێ. پوختەکەی، لە سیستمی لیستی داخراودا رێبەرانی حزبەکان هەرچییەکی بیانەوێ ئەنجامی دەدەنو هەروەها دەست نیشانکەری سەرەکی رێبازی پروپاگندەن. لەبەرهەندێ، ئەوانەی دەیانەوێ دەستکارییو ریفۆرمی یاساکانی هەڵبژاردن بکەن، دەبێ پێش دەست نیشان کردنی سیستمێکی کارای هەڵبژاردن، لەخۆیان بپرسن ئایا دەیانەوێ دەستەلات بە حزبە سیاسییەکان بدەن یان نا.

ئەگەر بەهەر بەڵگەیەک، یاسادانەران بیانەوێ حزبە سیاسییەکان یاریکەرانی سەرەکی مەیدانی سیاسەت بن، سیستمی رێژەییو لیستی داخراو باشترین سیستمەو نابێ لەدەست نیشان کردنیدا دوو دڵییەک نیشان بدرێ. وانەبێ، دەبێ بیر لە دەست نیشان کردنی سیستمێکی دیکەی هەڵبژاردن بکەینەوە.

لە بەرانبەردا، سیستمی رێژەیی بە لیستی کراوە تا رادەیەک لە توندی دەستەلاتی حزبە سیاسییەکان کەم دەکاتەوەو تارادەیەک زەمینە بۆ ئازادی کاری کاندیداکان فەراهەم دەکا. لەبەرئەوەی دەنگدەران بە دڵی خۆیان لەناو کاندیداکانی حزبەکان دا، دەنگ دەدەن، پروپاگندە تارادەیەک بەرەو کاندیدەکان دەچێ. هەروەک دەبینرێ،

سیستمی هەڵبژاردن دەتوانێ كاریگەری‌یەكی راستەوخۆی بەسەر رەفتاری حزبە سیاسی‌یەكان و كاندیداكانەوە هەبێ.

**یاساكانی هەڵبژاردن و كاریگەری ئاكامەكانی لەسەر رەفتاری دەنگدەران**

سیستمی هەڵبژاردن نە تەنیا كار لە رەفتارو رێبازی حزبە سیاسی‌یەكان دەكا، بەڵكو كاریگەری‌یەكی دەروونیشی بەسەر رەفتاری دەنگدەرانەوە هەیە.

یەكەمین كاریگەری سیستمی هەڵبژاردن بەسەر دەنگدەرەوە باس كرا. ئەوەش گوترا كە لە سیستمی زۆربەی یەك قۆناغی‌دا، دەنگدەران ناچارن لەباتی هەڵبژاردنی كەسانی بەمتمانەو بەدڵی خۆیان، كەسانێك هەڵبژێرن كە ئومێدێكی زۆرتریان هەیە بگەنە ئەنجوومەن. ئەم رایە كە (دەنگی سپی) یان (دەنگی تاكتیكی) پێ‌دەگوترێ، هەندێ‌جار دەبێتەهۆی ئەوەی دەنگدەر لەناو خراپ و خراپتردا، خراپەكە هەڵبژێرێ تا رێگا لە خراپترەكە بگرێ.

بەشێوەیەكی سروشتی لە سیستمەكانی رێژەیی‌دا خەڵكی هەلێكی باشتریان بۆ دەرخستنی خواستەكانیان هەیەو دەنگی تاكتیكی جێگای خۆی بۆ دەنگی واقیعی بەجێ دەهێڵێ. هەڵبەت دەگوترێ كە لەزۆربەی سیستمە رێژەیی‌كانیش دا، حزبە سیاسی‌یەكان بۆ ئەوەی بتوانن بەرێژەی دەنگەكانیان لەدەست نیشان كردنی كورسی نوێنەرایەتی‌دا بەشداربن، دەبێ بگەنە راددەی دەست نیشان كراو. ئەم راددە دەست نیشان كراوە لەولاتە جۆراوجۆرەكان دا لێك جودایەو هەندێ جار دەگاتە ١٢٪. ئەوەش مانای ئەمەیە ئەو حزبانەی دەنگەكانیان لەراددەی دەست نیشان كراو كەمترە، هیوای وەدەست خستنی كورسی نوێنەرایەتی‌یان نی‌یەو لایەنگرانیان بێجگە لەدەنگی تاكتیكی رێگاچارەیەكی دیكەیان نی‌یەو لەبەر هەندێ لە سیستمی رێژەییش دا دەنگی بەسوود یان تاكتیكی یەكسەر لەناوناچێ. **ریچارد گیونر** بە لێكۆڵینەوەی هەڵبژاردنی جۆراوجۆر لەو ولاتانەی سیستمی رێژەیی پێڕەو دەكەن، نیشانی داوە كە لایەنگرانی حزبە بچووكەكان بەزۆری دەنگ بە حزبەكانی خۆیان نادەن و ئەو حزبانە هەڵدەبژێرن كە دڵنیابن لەراددەی دیاركراوی دەنگ، دەنگ زیاتر دێنن.

له هه‌ڵبـژاردنی زۆربـه‌ی دوو قۆنـاغی‌دا، ده‌نگده‌ران لـه قۆنـاغـه‌كـانی یه‌كـه‌م‌و دووه‌م دا ره‌فتـاری لێـك جودایـان لێ ده‌وه‌شـێته‌وه. لـه یه‌كـه‌مین خـولی هه‌ڵبـژاردن دا، تاكـه‌كان بـه‌زۆری ده‌نـگ بـه حـزب‌و كۆمه‌ڵـه‌ی خۆیـان ده‌ده‌ن‌و حزبـه‌كان ده‌تـوانن ژمـاره‌ی هه‌واداره‌كانی خۆیان له خولی یه‌كه‌می هه‌ڵبژاردن دا، بزانن. بـه‌ڵام لـه خـوولی دووه‌م دا، ده‌نگـده‌ران ناچـارن ده‌نگـی تـاكتیكی بـه‌كاربهێنن‌و هـه‌وڵ ده‌ده‌ن ده‌نگـی به‌سـوود بـه‌و كه‌س‌و حزبانه بده‌ن كه ئومێدێكی زۆرتریان بۆچوونه ناو ئه‌نجوومه‌ن هه‌یه.

**یاساكانی هه‌ڵبژاردن‌و پێكهاته‌ی ئه نجوومه‌نی یاسادانه‌ر**

هه‌روه‌ك پێشتر باسمان كرد، یاساكانی هه‌ڵبـژاردن ده‌رخـه‌ری شێوه‌ی دابـه‌ش بـوونی كورسی نوێنه‌رایه‌تی‌یه له‌ناو كۆمه‌ڵه‌و حزبه سیاسی‌یه‌كان دا. ئه‌م خاڵه له‌گه‌ڵ رووه‌وه بایه‌خـداره، چـونكه پێكهاتـه‌ی ئه‌نجوومـه‌ن دیارخـه‌ری رێبـازی سیاسـی بنچـینه‌یی وڵاتێكه‌و له‌زۆربه‌ی وڵاتان دا ده‌سته‌ڵاتی یاسادانان، پێگه‌یه‌كی باڵای هه‌یه.

بۆ ده‌ست نیشان كردنی پێكهاته‌ی ئه‌نجوومـه‌ن‌و دابـه‌ش كردنـی كورسـی‌یه‌كان لـه‌ناو حزبه سیاسی‌یه‌كان دا، دوو شێوه‌ی سه‌ره‌كی به‌رانبه‌ر یه‌ك هه‌ن:

**ئه‌لف**: شێوه‌ی زۆربه‌ی یه‌ك قۆناغی له‌گه‌ڵ ((هه‌موو كورسی‌یه‌كان بۆ حزبی زۆربه)) كه به مانـای تـه‌رخان كردنـی زۆربـه‌ی كورسـی‌یه‌كان بـۆ حزبـی زۆربه‌یـه. ئـه‌م شـێوه‌یه‌ش خۆی، به چه‌ند جۆرێك پێڕه‌و ده‌كرێ:

١-زۆربـه‌ی دوو قۆنـاغی كـه لـه‌سـه‌ر ئـه‌و بنچـینه‌یه زۆرترینـی كورسـی‌یه‌كان ده‌درێنـه حزبـی زۆربـه‌و دوای ئـه‌وه زۆربـه‌ی ئـه‌و كورسـی‌یانه‌ی ده‌مێنێتـه‌وه، ده‌درێنـه حزبـی دووه‌م كه دوای حزبی یه‌كه‌م زۆرترین ده‌نگی وه‌ده‌ست هێناوه و دوای ئه‌ویش ئـه‌و كورسی‌یه كه‌مانـه‌ی ده‌مێننـه‌وه ده‌درێنه حزبه‌كانی دیكه. هـه‌روه‌ك پێشتر گوترا، لـه‌م شێوازه‌دا حزبه‌كان به‌رێـژه‌ی ده‌نگـه‌كانی خۆیـان نابنـه خـاوه‌نی كورسـی‌و ئـه‌و حزبـه‌ی زۆربـه‌ی ده‌نگـه‌كان وه‌ده‌سـت ده‌هێنـێ، رێـژه‌ی سـه‌دی كورسـی‌یه‌كانی زۆر لـه‌و رێـژه‌ی سـه‌دی‌یه زۆرتـره كـه لـه هه‌ڵبـژاردن دا وه‌ده‌سـتی هێنـاوه. حزبـی دووه‌میش بـه‌كرده‌وه ئـه‌و كورسـی‌یانه‌ی وه‌ده‌سـتی ده‌كـه‌وێ لـه‌و رێـژه ده‌نگـه زیـاتره كـه لـه هه‌ڵبـژاردن دا وه‌ده‌سـتی هێنـاوه. ئـه‌م سیسـتمه‌ی هه‌ڵبـژاردن بـه قـازانجی حزبـه گـه‌وره‌كانـه‌و

دەبێتەهۆی ورووژانی نارەزایی حزبە بچووکەکان. گرنگترین ئیجابیاتی ئەم شێوەیە، جێگیری‌و بەردەوام بوونی حکومەتەکانە. چونکە حزبی زۆربە بەبێ ئەوەی پێویستی بە هاوپەیمانی‌و ئیئتلاف لەگەڵ حزبەکانی‌تر هەبێ، حکومەت پێك دەهێنێ.

٢-لەسەر بنچینەی شێوازێکی دیکە، حزبی زۆربە وەك رابردوو زۆربەی زۆری کورسی‌یەکان دەکاتە هی خۆی‌و پاشماوەی کورسی‌یەکان تەقریبەن بەرێژەی دەنگی حزبە کەمینەکان بەش دەکرێ. لایەنگرانی ئەم شێوازە باوەڕیان وایە دووبەرەکی لەنێوان کەمینەو دابەش کردنی کورسی‌یەکان لە نێوانیان دا دەبێتەهۆی ئەوەی کەمینەیەکی بەهێز لە بەرانبەر زۆربەدا پێك نەیەت‌و حزبی زۆربە بەدەستێکی کراوەترو بەبێ رێگری‌و تەگەرەکانی حزبی دووەم حکومەت بەڕێوە ببا.

٣-شێوازێکی دیکەی دابەش کردنی کورسی‌یەکان، شێوازی رێژەیی‌یە. لەسەر ئەم بنەمایە هەر حزبێك بەرێژەی دەنگی خۆی لەهەڵبژاردن، دەبێتە خاوەنی کورسی‌یەکانی ئەنجوومەن‌و کورسی‌یەکان بەرێژە لەناو حزبە سیاسی‌یەکان دا دابەش دەکرێ. لەزۆربەی وڵاتان، وەدەست خستنی لایەنی کەمی رێژەیەکی سەدی کە بەزۆری لە ٥٪ کەمتر نی‌یە، لەلایەن حزبە سیاسی‌یەکانەوە بەمەرج دانراوە، تا لەدابەش کردنی کورسی‌یەکان دا بەشداربن. لە ئەنجام دا، ئەو حزبانەی نەیانتوانیوە ٥٪ی دەنگەکان وەدەست بهێنن، مافی بەشداری‌یان نی‌یە لە ئەنجوومەن دا.

شێوازی یەکەم لەسەر بنەمای دەسەڵات‌و ئازادی کاری حزبی زۆربە دامەزراوە، بۆ ئەو کۆمەڵانەی پێویستیان بە حکومەتی بەهێزە، زۆر گونجاوە. ئەم شێوازە بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کە دەستەڵاتی راپەڕاندن لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دروست دەبێ، شتێکی عەمەلی‌یەو دەبێتەهۆی ئەوەی حکومەت بەراحەتی‌و ئازادانە بتوانێ پرۆژەکانی خۆی لەماوەی نێوان دوو هەڵبژاردن دا جێبەجێ بکا. هەندێ کەس، ئەم شێوەیەیان ناوناوە (**دیکتاتۆری هەڵبژاردن**)، چونکە حزبی هەڵبژێردراو هەموو دەستەڵاتێکی هەیەو نوێنەرانی زۆربە کە دەستەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی و یاسادانانیان بەدەستەوەیە، بەکردەوە نارازی‌یەکانی خۆیان بێ‌چەك دەهێڵنەوەو هیچ تەگەرەکیان لەبەردەم دا نی‌یە.

حکومەتە دەرکەوتووەکانی ئەم سیستەمەی هەڵبژاردنە، لەبەرئەوەی دەرەنجامی هاوپەیمانیو ئیئتلافە لەرزۆکەکان نین، بەبێ هیچ نیگەرانیو دوودڵییەک حکومەت دەکەن.

لە ئەڵمانیا، ڕێگایەکی میانەڕۆ هەڵبژێردراوە. داوا لە دەنگدەر دەکرێ، لە بازنەیەکی بچووکی هەڵبژاردن دا کە تیایدا تەنیا یەک کورسی دەخرێتە رکابەرییەوە، کەسێک هەڵبژێرێ. لەکۆی ئەو کەسانەی لەبازنە جۆراوجۆرەکاندا کە بەپێی سیستەمی زۆربەی یەک قۆناغی، وەک ئینگلستان هەڵدەبژێردرێن، پێکهاتی نیوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی دەست نیشان دەکرێ. دەنگدەری ئەڵمانی هەر لەوکاتەدا، لیستێک لە کاندیدای حزبە سیاسییەکان لە بازنەیەکی گەورەی حکومەتی ناوخۆ( لندەر) هەڵدەبژێرێو لەراستیدا دەنگیش بەحزبەکەی خۆی دەدا، ئەو حزبانەی دەنگی زۆرتر لە ٥٪ وەدەست بهێنن، بەرێژەی دەنگەکانی خۆیان پاشماوەی کورسییەکانی ئەنجوومەن دەکەنە هی خۆیان. ئەو حزبانەش کە دەنگیان لە ٥٪ کەمترە، نوێنەرایەتی بازنەی خۆیان دەپارێزن، بەڵام مافیبوونی نوێنەرانی حزبییان نییەو لەدابەش کردنی کورسییەکان لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا بەشداری ناکەن. لەبەرهەندێ، هەرگیز ژمارەی دیارکراوی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی پێشتر دەست نیشان نەکراوەو لەهەر خولێک دا دەکرێ چەند کورسییەک زیاد یان کەم بێ.

لەم سیستەمەی هەڵبژاردن دا هەوڵ دراوە، سوود لە ئیجابیاتی سیستەمەکانی دیکەی هەڵبژاردن وەرگیرێ. هەڵبژاردن لە ئاستی بازنەکان وەک ئینگلستانو بەشێوەی زۆربەی یەک قۆناغییەو لەئاستی حکومەتی ناوخۆدا بەشێوەی ڕێژەییو بەلیستە. لەم سیستەمەدا ئامانجی سەرەکی ئەمەیە تاکەکان، نوێنەرەکانی خۆیان لەبازنەکان هەڵبژێرنو لەهەمان کاتیشدا چارەنووسی حزبە سیاسییەکانو شێوەی دابەش کردنی کورسییەکان بۆ حزبەکانیش لە سیستمێکی جێگیردا روون بکاتەوە.

پەیوەندی لەنێوان ئاستی دەنگەکانو ژمارەی کورسییەکان، یەکێک لە بابەتەکانی پەیوەست بە مەسەلەکانی هەڵبژاردنە. (ڕای) یەکێکە لەو تۆژەرەوانەی کە بەلێکۆڵینەوەی سیستەمە جۆراوجۆرەکان، لە پەیوەندی ئەم دوو دیاردەیە واتە

دەنگ‌وکورسی کۆڵیوەتەوە. ئەو دەگاتە ئەم ئەنجامە کە لە سیستمەکانی ڕێژەیی‌دا، ئاستی لادانی دەنگ لەڕێژەی سەدی کورسی‌یەکان ۱,۰۷و لەسیستمەکانی زۆربەدا ۱,۲۰ی سەدی‌یە. (رای) دوای لێکۆڵینەوەی ئامارێك لەمەڕ ڕێژەی دەنگ‌و ڕێژەی سەدی کورسی، ئەوە هەڵدەهێنجێ کە لەهەموو سیستمەکانی هەڵبژاردن دا، حزبە گەورەکان لەڕێژەی دەنگەکانی خۆیان زیاتر دەبنە ماخۆی کورسی ئەنجوومەن، بەڵام ڕێژەی ئەم لادانە ئامارییە لە سیستمەکانی ڕێژەیی‌و لە سیستمەکانی زۆربەی یەك قۆناغی‌دا، زۆرترە. ناوکۆیی ئیمتیازی زیاتری حزبە گەورەترەکان لەوەدەست خستنی کورسی‌یەکان، لە سیستمی زۆربەی یەك قۆناغی‌دا (۸) و لە سیستمی ڕێژەیی‌دا(۱).

پێش دەست نیشان کردنی سیستمی هەڵبژاردن، دەبێ سرنج بدرێتە ئەم خاڵە کە پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان وەدەست خستنی زۆربەی دەنگی پەرلەمان‌و سیستمی هەڵبژاردن دا، هەیە.

**بلیس و کارتی**، بەلێکۆڵینەوەی ٥١٠ هەڵبژاردن لە ۲۰ وڵاتی جۆراوجۆری دنیا، گەیشتنە ئەم ئەنجامە کە تەنیا ١٠٪ی ئەنجوومەنەکانی یاسادانان لەسەر بنەمای سیستمی ڕێژەیی دەبنە هۆی پێکهاتنی زۆربەیەکی پەرلەمانی، بۆیە بەلایەنی زۆرەوە بەڕێژەی ۹۰٪ دەتوانرێ لەو باوەڕەدا بین کە سیستمی ڕێژەیی ڕووبەرووی گرفتی وەدەست خستنی زۆربەی پەرلەمانی‌یەو حزبەکان ناچارن لەگەڵ یەکتردا ئیئتلاف بکەن بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی زۆربەی پەرلەمان.

**لیج فارت** لە لێکۆڵینەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ۲۷ وڵات لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥و ۱۹۹۰ دەگاتە ئەم ئەنجامە کە تەنیا ۲۰٪ی ئەنجوومەنەکان لەسەر بنەمای سیستمی ڕێژەیی توانیویانە زۆربەی پەرلەمان وەدەست بهێنن. ئەو، ئەوە هەڵدێنجێ، کە لەم سیستمەدا بۆ ئەوەی حزبێك بتوانێ زۆربەی دەنگی پەرلەمان وەدەست بهێنێ، پێویستە ڕاددەی لایەنی کەمی وەدەست خستنی کورسی‌یەکانی تا دەکرێ باڵابێ تا حزبە گچکەکان لەملوانکەی ئەنجومەن بسڕنەوە وحزبە گەورەکان بتوانن زۆربەیەکی پێویست وەدەست بخەن. لەبەر هەندێ، سیستمی ڕێژەییش لە بارێکدا دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی زۆربەی پەرلەمانی، ئەگەر بە شێوەیەکی باشتر، دەستکاری کرابێ. ڕەنگە

بتوانرێ بگوترێ سیستمی ڕێژەیی دەستکاری نەکراو کەمتر دەتوانێ ئەو زۆربە پێویستە وەدەست بهێنێ.

لەکاتێکدا ڕادەی پێویست ١٠٪ بێ، دەتوانرێ تا ٣٠٪ ئەگەر دابنرێ کە سیستمی ڕێژەیی بتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی حزبێك لە پەرلەمان دا ببێتە خاوەنی زۆربەی کورسییەکان. ئیسپانیا یەکێك لەو وڵاتانەیە کە بە ڕادەی پێویستی دەنگ بۆچوونە پەرلەمان، هەندێ جار زۆربەی پەرلەمانی بۆتە هی یەك حزب.

لە بەرانبەردا، سیستمی زۆربەی یەك قۆناغی تا ٦٩٪ دەتوانێ ببێتە هۆی دروست بوونی زۆربەی یەك حزب لە ئەنجوومەن دا. لیچ فارت لە لێکۆڵینەوەی خۆیدا کە لە نێوانساڵانی ١٩٤٥و١٩٩٠دا ئەنجامی داوە، گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە کە ڕادەی سەدی پێویست بۆچوونە پەرلەمان زۆرترەو لە سیستمی زۆربەی یەك قۆناغیدا تا ٩٣٪ ئەگەری زۆربەی پەرلەمانی لێدەکەوێتەوە.

لەمەڕ سیستمی هەڵبژاردنی دوو قۆناغیدا، لێکۆڵینەوەکان بارێکی ناوکۆ نیشان دەدەن. تۆژینەوەی هەڵبژاردن لە ئوستراليا و فەرانسە نیشانی دەدا کە لە٥٠٪ی هەڵبژاردنەکان، زۆربەی پەرلەمانی وەدەست هاتووە.

**٣-سیستمەکانی هەڵبژاردن و کاریگەری بەسەر چاکسازیی هێزە سیاسیەکانی وڵات دیدوبۆچوونە جیاوازەکان:**

(**مۆریس دوروژە**)ی بیریاری بەناوبانگی فەرانسەیی لە ساڵی ١٩٥١یاسا بەناوبانگەکەی خۆی لەمەڕ پەیوەندی نێوان سیستمی حزبی و سیستمی هەڵبژاردن، ڕاگەیاند. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی تا ڕادەیەك درێژ، یاساکانی دوروژە هێشتاش هێزو متمانەی خۆیان ماوەو تۆژەرەوەکان لە تاقیکردنەوەکانی ئەم تیوریانە دەکۆڵنەوە. دوروژە لە کتێبی (**حزبە سیاسییەکان**)دا کاریگەری سیستمی هەڵبژاردن لەسەر پێکهاتی حزبە سیاسییەکانی لە سێ پرەنسیپی گشتیدا پوختەکردووە کە لێرەدا باسیان لێوە دەکەین.

لەدیدی مۆریس دوروژە دا، خولی سیستمی هەڵبژاردنی زۆربەی یەك قۆناغی دەبێتە هۆی پەیدابوونی سیستمی دوو حزبی، چونکە لە سیستمێکی وا دا حزبە

سیاسییەکان بە تەنیا شانسی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنیان نییەو دەبێ هەموو کۆمەڵەو باڵە لێك نزیکەکان بۆ پێشکەش کردنی کاندیدای هاوبەش بخەنەگەڕ. لە ئەنجام دا، بەکردەوە حزبە گچکەکان ئومێدیان بە سەرکەوتن نییەو ناچارن پەیوەندی بە حزبە گەورەکانەوە بکەن. بەم شێوەیە دوو ئاقار یان دوو حزبی گەورەو بەهێز دەخولقێنن و حزبەکانی دیکە بە یەکێك لەم دوانە، وابەستە دەبن. بۆ نموونە: لە ئینگلستان هیچ کۆمەڵە یان حزبێکی سیاسی بەبێ ئەوەی خۆی بە خۆپاریز یان کرێکار بزانێ، ئومێدێکی وای بە سەرکەوتن و وەدەست خستنی کورسی لە ئەنجوومەندا نییە.

لە سیستمی هەڵبژاردنی زۆربەیەکی یەك قۆناغیدا، کەسانێك کە لەچاو خەڵکانی دیکە دەنگی زۆرتر وەدەست دێنن، دەبنە براوەی هەڵبژاردن. ئەنجام، لە کاتێکدا کۆمەڵەو حزبە جۆراوجۆرەکان لە هەڵبژاردن دا بەشداری دەکەن، لەوانەیە یەك حزب بەدەنگێکی کەمیش ببێتە براوەی هەڵبژاردن.

ئەم سیستمە کە تا شەڕی جیهانیی یەکەم، سیستمی هەڵبژاردنی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی بووە، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شێوەی پێکهاتنی حزبە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەدا هەیە، ئەم شێوەیە لەسەدەی هەژدەهەمەوە تا ئێستا لە ئینگلستان پێڕەو دەکرێ و لەوڵاتانی وەك ئەمریکا، ئەفریقیای خواروو، هیندستان، ئوسترالیا، سریلانکا، نیوزیلاند... پێڕەو دەکرێ.

بەکارهێنانی ئەم شێوازە بەکردەوە دەبێتەهۆی دابەش بوونی کۆمەڵ بۆ دوو بەرەو دوو قوتبی سیاسی گەورە، چونکە تاکەکان لەباتی دەنگ دان بە حزبی بچووك کە ئومێدیان بە سەرکەوتن نییە، هەوڵ دەدەن دەنگ بەو حزبە گەورانە بدەن کە تا رادەیەك لەمەیلە سیاسییەکانیان نزیکترن. بەکردەوە، ((دەنگی بەسوود)) جێگای دەنگی بێ سوود دەگرێتەوە. لەبەرئەوەی حزبە گچکەکان ئومێدیان بە گەیشتن بە دەستەڵات نییە، مەیلی پێکهێنانی حزبی جۆراوجۆر کەم دەبێتەوەو بەکردەوە دوو حزبی بەهێز لەناو کۆمەڵ دا دەردەکەون. لە ئینگلستان حزبی پارێزگاران و حزبی کرێکاران و لە ئەمریکا حزبەکانی دیموکرات و کۆماریخواز حزبی زاڵن. لەبەرهەندێ

تیوری مۆریس دوروژه كه هەڵبژاردنی زۆربەی یەك قۆناغی دەبێتەهۆی جێگیربوونی سیستمی دوو حزبی، بەكردەوە زۆر لەواقیع دوور نییە.

شایانی باس كردنه، هەڵبژاردنی یەك قۆناغی تەنیا لەبارێك دا دەتوانێ ببێتەهۆی دەركەوتنی سیستمی دوو حزبی كە لەهەر بازنەیەك دا چەند كورسییەك بخرێتە ركابەری هەڵبژاردنەوەو بازنەكان لەجۆری بازنەی چەند كورسی بن. هەندێ جار، لەهەر بازنەیەك دا كە تەنیا كەسێك بتوانێ هەڵبژێردرێ، هەڵبژاردنی یەك قۆناغی مەرج نییە ئەنجامێكی وای لێ بكەوێتەوە. هیندستان نموونەی دیاری ئەو وڵاتانەیە كە هەڵبژاردنی یەك قۆناغیو زۆربەیان هەیە، بەڵام بەشێوەیەكی ئاسایی حزبێكی بەهێز جڵەوی كاروباری بەدەستەوەیە. هۆیەكانی ئەمەیە، لەو وڵاتەدا، بازنەی هەڵبژاردن، یەك كورسییە.

لەلایەكی دیكەوە، مانای یاسای دوروژە ئەمە نییە كە تەنیا لەم جۆرە سیستمانەی هەڵبژاردن دا دەبێ چاوەڕوانی سیستمی دوو حزبی بین. بۆ نموونە: لەوڵاتی بەلجیكا، وێڕای ئەوەش كە تا ساڵی ١٨٩٩سیستمی هەڵبژاردنی دوو قۆناغی بە بازنەی (چەند كورسی) پێڕەو دەكرا، هەر سیستمی دوو حزبی هەبوو.

لەوەدا كە سیستمی هەڵبژاردن كاریگەرییەكی گرنگی بەسەر سیستمی حزبی هەر وڵاتێكەوە هەیە، دوودڵییەك نییە، بەڵام خاڵی جێگای گومان، بوونی پەیوەندی هۆو ئەگەرەكەیو مسۆگەری نێوان ئەم دوو دیاردەیەیە. هەتا لەمەڕ ئینگلستان كە رەنگدەرەوەی یاسای دوروژەیە، لەوانەیە نەتوانرێ بگوترێ سیستمی دوو حزبی تەنیا هۆكاری رووناكەرەوەی سیستمی هەڵبژاردنە لەو وڵاتەدا. وادێتە بەرچاو، بێجگە لە سیستمی هەڵبژاردن، هۆكارە مێژوویيو كۆمەڵایەتییەكانیش لە خولقاندنی سیستمی دوو حزبی لە ئینگلستان، بێ كاریگەر نەبوون.

لەكۆنەوە رای گشتی لە ئینگلستان لەنێوان دوولایەنی (**ویگ**)و (**توری**)دا بەش دەبوو، وئەم دابەش بوونە دەیتوانی ئاقارە ناوخۆيیو كەمەكان بەخۆوە بگرێ. كاندیدا جۆراوجۆرەكان لە ئاستی نیشتمانیش دا خۆیان بە یەكێك لەم دووباڵەوە پەیوەست دەكردو دەكەوتنە ركابەری یەكترەوە. بەهۆی ئەوەی كەسێك لە ئەنجوومەنی نوێنەران

دا بەبێ وابەستەیی بە یەکێك لەو دوو ئاقارە نەیدەتوانی کاریگەرییەکی هەبێ، بەخێرایی دەستەگەری لەناو ئۆردووگا گەورەکە دا دروست دەبوو. خودموختاری ناوچەکان و بواری چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ناوچەکە بەبێ خۆتێگەیاندنی ئەنجوومەن، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سیستمی سیاسی ئینگلستانە. بە پێچەوانەی ئیتالیا و فەرانسە، لە ئینگلستان ناوچەکان دەتوانن بەبێ ئەوەی پێویستیان بە خستنەرووی مەسەلەکان لە ئەنجوومەن هەبێ، مەسەلەکانی خۆیان چارەسەربکەن. لە ئەنجام دا، پێویستی بۆ پێکهێنانی حزبی سیاسی بەمەبەستی وەدەست خستنی دەستکەوتی کەم و ناوچەیی و هەرێم نییە و حزبە سیاسییەکان دەربڕی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی سەرانسەری وڵاتن و جێگایەك بۆ خستنەرووی مەسەلەی ناوچەیی و پێکهێنانی کۆمەڵەی سیاسی بەپێی بەرژەوەندی تەسك و ناوچەیی نامێنێتەوە و درزی سیاسی لە نێوان هێزەکان لەسەر بەرژەوەندی نیشتمانی دەردەکەوێ، نە لەسەر بەرژەوەندی ناوچەیی.

تایبەتمەندییەکی دیکەی سیستمی سیاسی ئینگلستان، زۆر زوو، وپێش گەلێ وڵاتی دیکە بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی جۆراوجۆر لە ئاستی نیشتمانی بەخۆوە دیوە و خەڵکی ئاگاداری باس و ناکۆکییەکانی ناو پەرلەمان بوون. هەڵبژاردن بواری بە دەنگدەران داوە دەربارەی بابەتە گەرمەکانی سەرانسەری وڵات دیدوبۆچوونی خۆیان دەربڕن. ریفۆرمی یاساکانی هەڵبژاردن و ئامادەبوونی بەشێکی گەورەی خەڵك لە ریزەکانی دەنگدان دا، پێویستی دەکرد، ئەم توێژە فراوانە ئاراستە بکرێ و رای گشتی پێك بێ. ئەم کارە وای لە حزبە سیاسییەکان کردبوو بەهۆی بڵاوکراوەکانیان دەیانتوانی پروپاگندە بۆ بیروڕا و بەرنامەکانی خۆیان بکەن. هەروەها پێویست بوو، تاکەکان بۆ وەدەست خستنی شایستەیی دەنگدان لە هەڵبژاردن دا، خۆیان بە لێژنەیەکی تایبەتی بناسێنن و ئەو لێژنەیە پشتگیری شایستەییان بکا.

لەساڵی ١٨٧٦ هەڵبژاردن سیمایەکی واقیعیتری بەخۆوەگرت و بە پێچەوانەی رابردوو کە کاندیداکان پێشتر دەست نیشان کرابوون، رێژەی سەدی کورسییە مسۆگەرەکان رووی لەکەمی کرد. تا پێش ئەوکاتە، باری ٣٠٠کورسی پێشتر

دیارکرابوون، چونکە لەزۆربەی بازنەکانی هەڵبـژاردن دا، ئەنجامی هەڵبـژاردن پێشتر روون بوو، کاندیدا پێش پرۆسەی هەڵبژاردن دەیزانی دەباتەوە یان دەدۆڕێنێ.

هەڵبـەت نـاتوانرێ بگـوترێ سیسـتمی هەڵبژاردنی ئینگلستان هیچ کاریگەری‌یەکی بەسەر حزبە سیاسی‌یەکانی ئەو وڵاتەوە نەبووە. لەبەرئەوەی کۆمەڵە پەرلەمانی‌یەکان دەستەڵات‌و بایەخێکی تایبەتی‌یان هەیە تا رادەیەك دەتوانرێ حزبە سیاسی‌یەکان بە حزبـی پەرلـەمانی بزانـرێن. ئەنـدامی ئەنجوومـەن پـێش ئـەوەی خـۆی بـە نوێنـەرو وتەبێـژی حـزب بزانـێ، نوێنـەری راسـتەوخۆی دەنگـدەرانی بازنـەی هەڵبـژاردنی خۆیەتی‌و لە ئەنجام دا لەبەرانبەر حزب دا ئازادی‌یەکی زۆری هەیە. لەلایەکی دیکەوە، خودموختـاری ناوچـەکان، بۆتـەهۆی ئـەوەی لقـی نـاوخۆی حزبـە سیاسـی‌یەکان سەربەخۆیی‌یەکی زۆرتریان هەبێ.

وێڕای ئەمە سیستمی دوو حزبی لە ئینگلستان وێنەیەکی تەواوی نی‌یەو لەتەك دوو حزبی گەورەدا، حزبی دیکەش هەن کە رکابەری یەکتر دەکەن.

پوختـەی قسـە، ئـەزموونی هەڵبـژاردن لـەوڵاتان ئـەوە نیشـان دەدا کـە ئـەو وڵاتانـەی پێـڕەو لـەم سیسـتمانەی هەڵبـژاردن دەکـەن، بـۆ گەیشـتن بـە سیسـتمی دوو حزبـی، ئامادەیی‌یەکی زۆرتریان هەیە.

بـەپێی دووەمـین پرەنسـیپی مـۆریس دوروژە، هەڵبـژاردنی دوو قۆنـاغی زۆربـە دەبێتەهۆی پەیدابوونی سیستمی فرەحزبی‌و حزبی لاوازو وابەستە بەیەکترو کۆمەڵ لە باتی ئەوەی دوو حزبی هەبێ، بەرەو سیستمی دوو قوتبی دەڕوا.

لـەم جـۆرە سیسـتمەی هەڵبـژاردن دا، تـەنیا کەسـانێ دەتـوانن لـەخولی یەکـەمی هەڵبژاردن دا بەشداری بکەن کە زۆربەی رەها(نیوە+یەك)ی دەنگەکانیان وەدەست هێنابـێ. هەنـدێ جـار، بێجگـە لـە وەدەسـت خسـتنی زۆربـە، رادەی دیکـەش لەبەرچاودەگیرێ. بۆ نموونە: لە فەرەنسا کە دەنگدەران پێش هەڵبژاردن دەبێ وەك دەنگدەر نـاوی خۆیـان بنووسـن، بـۆ سـەرکەوتن لەهەڵبـژاردن بێجگـە لـە وەدەسـت خستنی دەنگـی زۆربـەی دەنگدەران پێویسـتە ژمـارەی ئـەم دەنگانـە لـە چواریەکی ژمارەی ناوە نووسراوەکان بۆ دەنگدان کەمتر نەبێ. ئەم تەگەرەیە رێگا لەوە دەگرێ لە

کاتێکدا ڕێژەیەکی باڵای ناوە نووسراوەکان بەشداری هەڵبژاردن نەکەن، کەسی هەڵبژێردراو تەنیا نوێنەری ژمارەیەکی کەمی ئەوانە بێ کە مەرجی دەنگ دانیان هەیە.

لەکاتێکدا لەخوولی یەکەم دا، ژمارەیەکی پێویست لە کاندیداکان زۆربەی دەنگەکان وەدەست نەهێنن، هەڵبژاردن دەچێتە خوولی دووەمەوە. لە ئەنجام دا، لە خوولی یەکەم دا، دەنگدەران دەنگی خۆیان بە کەسانو حزبی خۆیان دەدەنو لەخوولی دووەم دا کە خوولی ئیئتلافەکانە دەنگ بە بەرەیەك دەدەن کە لە مەیلی سیاسییان نزیکتر بێ. لەم وڵاتانەدا، لەباتی سیستمی دوو حزبی، جۆرە سیستمێکی دوو قوتبی دەخولقێ. حزبو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان کە شانسی ناساندنی خۆیان هەیە لە خوولی یەکەم، بەڵگەو هۆی پێویست بۆ درێژەدان بە ژیانی سیاسی خۆیان هەیە. لەلایەکی دیکەوە، پێویستی ئیئتلاف لە خوولی دووەم، کۆمەڵ دەکاتە دوو قوتبی گەورەی بۆ نموونە چەپو ڕاست.

لەم سیستمەی هەڵبژاردن دا، ئەگەرچی حزبو کۆمەڵە بچووکەکان لە خوولی یەکەم دەتوانن ئامادەیییەکی باشیان لەهەڵبژاردن دا هەبێ. بەڵام بەکردەوە لە ئەنجوومەن بزرنو لە ئەنجام دا لە پێکهاتنی حکومەتو بڕیارەکان دا هیچ ڕۆڵێکیان نییە. لەراستیدا، ئەوانەی زۆربە وەدەست دەهێنن هەموو دەستەڵات دەکەنە هی خۆیان.

فەرانسە، ئیتالیاو ئەلمانیا تا کۆتایی شەڕی جیهانیی دووەم پێڕەویان لە سیستمی زۆربەی دوو قۆناغی دەکرد. ئەم سیستمە بۆتە تەگەرەیەك لەبەردەم پەیدابوونو گەشەکردنی حزبی سیاسی لەم وڵاتانەدا. بە پێچەوانەوە، هەڵبژاردنی دوو قۆناغی، بۆتەهۆی بەهێزبوونی پیاو ماقولانو کەسانی دەوڵەمەند، چونکە بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردن دا، وەدەست خستنی زۆربەیەکی بەرچاو پێویستەو ئەمە لە ئەنجامی چالاکییەکی زۆری کەسە بەدەستەڵاتو کۆمیتەکانی هەڵبژاردن، مەیسەر دەبێ. ئیئتلاف لەگەڵ کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان مەرجی پێویستی سەرکەوتنە لەرکابەری هەڵبژاردن دا. لەئەنجام دا، ئەو حزبانە خولقان کە بەتووندی لەژێر کاریگەری کەسانی بەرجەستەدان کە توانای خولقاندنی ئەم ئیئتلافانەیان هەیە. نوێنەران ناچارن

بەردەوام هەوڵ بدەن متمانەی دەنگدەران وەدەست بخەن. هەڵبەت حزبە سۆسیالیستو کاسولیکەکان کە لە دەرەوەی ئەنجوومەن دا خولقاون، پێش ئەوەی خۆیان ببنە بەشێك لە سیستم، لەدەرەوەی ئەم رێسایە بوون. ئەم حزبانە بایەخێکی زۆریان بە ئەنجوومەن نەدەدا، چونکە جێگایەکیان لە ئەنجوومەن دا بۆ خۆیان نەدەدۆزییەوە.

بەپێی سێیەمین پرەنسیپی مۆریس دوروژە، هەڵبژاردنی رێژەیی دەبێتەهۆی پەیدابوونی سیستمی چەند حزبی، حزبی گونجاو، سەربەخۆو بەهێز. لە سیستمێکی وادا حزبە سیاسییەکان بەڵگەیەک بۆ ئیئتلاف لەگەڵ حزبەکانی دیکە نادۆزنەوەو خۆیان بە تەنیایی دەتوانن رێژەیەکی سەدی( باکەمیش بێ) کورسییەکان بە خستنەگەڕی لایەنگرەکانیان، وەدەست بهێنن.

د. حجت ألله ئەيوبی

# شیکردنەوەی هەڵسوکەوتی دەنگدەران لە هەڵبژاردندا

-١-

یەکێك لەباسە گرنگەکانی سۆسیۆلۆژیی سیاسی، شیکردنەوەی هەڵسوکەوتو رەفتاری دەنگدەرانە. گەلێ لێکۆڵەری زانستی سیاسەت هەوڵیان داوە، نموونەی تیوری جۆراوجۆر بەمەبەستی تێگەیشتن لەرەفتاری دەنگدەران بخەنەروو. ئەم باسە بەپێی گەلێ ئەزموونی دوورودرێژی هەڵبژاردن لە وڵاتانی رۆژئاوا، ئامادەکراوە. کەم کەم، لێکۆڵەران گەیشتنە ئەم ئەنجامە کە گرووپە کۆمەڵایەتی‌یە جۆراوجۆرەکان لەهەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکان دا وەك یەك هەڵسوکەوت دەکەن. وەك نموونە دانیشتوانی ناوچەیەکی تایبەتی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ باڵێکی‌تایبەتی هەڵدەبژێرنو لەهەڵبژاردنە یەك لەدوای یەکەکان دا دەنگیان پێ‌دەدەن. ئەم کارە، لێکۆڵەرانی وا لێکرد لەرەفتارو هەڵسوکەوتی دەنگدەران وەك دیاردەیەك کە لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی‌و هەتا جوگرافیاییەکان دا قابیلی روونکردنەوە بێ، بکۆڵنەوە. پێ‌بەپێ، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی وڵاتێك لەساڵانی جۆراوجۆر، بێجگە لەنەخشەی جوگرافیایی، نەخشەی هەڵبژاردنی وڵاتیش دەست نیشان کرا. ئەم نەخشانە کە بەپێی جوگرافیا رێك دەخرێ، بەباشی نیشانی دەدا کە شوێنە جوگرافی‌یە جۆراوجۆرەکان لەهەڵبژاردن دا چۆن دەنگ دەدەن‌و بەباشی دەیتوانی رووکارێکی گشتی باڵە سیاسی‌یەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات نیشان بدا. وەك نموونە“ لە نەخشەی جوگرافیایی

فەرەنسادا، باکووری ئەم وڵاتە بە رەنگی سوور نیشانەکراوەو نیشاندەری ئەوەیە ئەم ناوچەیە لەخولەکانی هەڵبژاردن دا دەنگیان بە کۆمۆنیستەکان داوەو ئەم دیاردەیە بۆماوەیەکی زۆر بەردەوام بووە. ئەمە، بۆتە هۆی ئەوەی گەلێ لێکۆڵەرو پسپۆری هەڵبژاردن وەك بگۆڕێکی سەربەخۆ، روونکەرەوەی رەفتاری هەڵبژاردن بڕواننە رەگەزی جوگرافیا. بەم شێوەیە، تا پێش شەڕی جیهانیی دووەم تەنیا جوگرافیای هەڵبژاردن بەگرنگترین سەرچاوەی روونکردنەوەی رای تاکەکەسەکان لەقەڵەم دەدرا. لێکۆڵەران هەوڵیان دەدا دەنگی زۆربەی ناوچەکان دەربخەنو بەلێکۆڵینەوەی باری ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانە، بەڵگەی بوونی دەنگی چەپ یان راست لەناوچەکە روون بکەنەوە.

دوای شەڕی جیهانیی دووەم لەگەڵ پەرەگرتنی پیشەی (راپرسی)، لێکۆڵەران بەمەبەستی روون کردنەوەی بەرنامەی دەنگدەران لەهۆکاری جوگرافیاییو هەرێمایەتییان تێپەڕاندو بۆ رۆشن کردنەوەی بابەتەکە، چوونە لای خودی دەنگدەران، چونکە هەرچەندە دەنگ دان بەرووکەش کارێکی بەکۆمەڵە، بەڵام لەراستیدا بەبڕیارێکی تاکەکەسی لەقەڵەم دەدرێ. هەڵبەت روونکردنەوەی ئەم خاڵە پێویستە کەدوای شەڕی جیهانیی دووەم سوود وەرگرتن لە تاکگەرایی وەك شێوازێك لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان دا بۆتە شتێکی ئاساییو سۆسیۆلۆژیی هەڵبژاردنیشی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە، یەکەمین لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەمەڕ هەڵبژاردن لە ئەمریکا ئەنجام دراو هێواش هێواش کۆمەڵە جیاوازەکانیش سوودیان لەو شێوەیەی شیکردنەوەی دەنگدان وەرگرت.

لـەم گوتـارەدا نموونـەی جۆراوجـۆر دەخەینـە بـەر رەخنـەو لێکۆڵینـەوە، بەتایبـەتی ئەوانـەی لـە سۆسـیۆلۆژیی هەڵبـژاردن دا بـۆ شـیکردنەوەی رەفتاری دەنگدەران سوودیان لێوەردەگیرێ. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئـەم جـۆرە باسـانە لـە ئـەدەبیاتی سیاسـی وڵاتەکـەمان دا بـەهۆی کـەم ئـەزموونی لەزەمینـەی هەڵبـژاردن دا تـا رادەیـەکی زۆر، نەناسـراوە، نووسـین و لێـدوان لـەم بارەیـەوە زۆر پێویسـتەو دەتوانـێ لێکۆڵینـەوەی زانستی دیاردەی هەڵبژاردن بکاتە کارێکی پراکتیکی.

نموونـەی جۆراوجـۆری شـیکردنەوەی رەفتـاری هەڵبـژاردن دەتـوانرێ لـەرەوتی سـەرەکی‌دا پوخـت بکرێتـەوە: نموونـەی سۆسـیۆلۆژی، نموونـەی دەروونی- سیاسی و نموونەی هەڵبژاردنی ئەقڵانی.

**نموونەی سۆسیۆلۆژییانەی شیکردنەوەی رەفتاری دەنگدەران**

نموونـەی سـەرەکی سۆسـیۆلۆژیی شـیکردنەوەی رەفتـاری هەڵبـژاردن لەلایـەن **پـول لازارسـفیلدی** سۆسیۆلۆژیسـتی بـەناوبانگ و گرووپەکـەی لـەزانکۆی کۆلۆمبیـا، خراوەتـەروو. ئـەم گرووپـە لەسـاڵی ١٩٤٠ لێکۆڵینەوەیـەکی دەربـارەی شـوێنەواری پروپاگنـدە لەسـەر دەنگـدەران لـە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکادا، ئەنجام دا. لـەم هەڵبژاردنـەدا **ویلسـکی** کۆماریخوازو **رۆزفلت**-ی دیموکرات رکابەری یەکتریان دەکرد. ئەم گرووپە بەرێبەری **لازارسفیلد**، لە لێکۆڵینەوە مەیدانی‌یەکەیان دا لەویلایـەتی ئۆهـایۆ گەیشـتنە ئـەو ئەنجامـە کـە کاریگـەری پروپاگنـدە لەسـەر دەنگـدەران زۆر کەمـەو بـەکردەوە پروپاگندەی فراوانی حزبـەکان کاریگەری‌یـەکی ئـەوتۆی لەدەنگـدەران نـەکردووەو ئـەوان ماوەیـەکی زۆر پـێش دەسـت پـێکردنی پروپاگندەی هەڵبژاردن بڕیاری خۆیان داوە" بەواتایەکی دیکە دەنگدەران

خاوەنی مەیلی سیاسی جێگیرن کە سەرچاوەکەی لە دەوروبەری بنەماڵە، شوێنی کارو کولتووریان دایە.

ئەم گرووپە نیشانیدا کە بەلێکۆڵینەوە لە هەل‌ومەرجی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و کولتووریی دەنگدەران، بەئاسانی دەتوانرێ مەیلی سیاسی‌یان پێشبینی بکرێ‌و پەیوەندی‌یەکی راستەوخۆ لەنێوان هەل‌ومەرجی کۆمەڵایەتی‌و مەیلی سیاسی کەسەکان دا هەیە. بەم شێوەیە، بۆ پێشبینی مەیلی سیاسی‌ی کەسەکان، هەرئەوەندە بەسە لەباری کۆمەڵایەتی‌و پێگەی ئایینی‌و شتی لەم جۆرە بکۆڵێتەوە. ئەو گرووپە نیشانیدا کە ٣/٤ی دەنگدەرانی لادێ‌یی پرۆتستان‌و خاوەنی ژیانێکی مام ناوەندی بەرەو سەرەوە، کۆماریخوازن، لەکاتێکدا نزیکی ئەو رێژەیە لە شارنشینانی کاسۆلیك کە ئاستی ژیانیان لە مام ناوەندی‌یەوە بۆ خوارەوەیە، دەنگ بۆ دیموکراتەکان دەدەن. لازارسفیلد، ئەوە هەڵدەهێنجێ:

(... تایبەتمەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان تایبەتمەندی سیاسی کەسەکان دەست نیشان دەکەن)[٢٤].

**ئەندرێ زیگفرید** بۆ سەلماندنی گریمانەکەی خۆی کەوتە لێکۆڵینەوەی رەفتاری دەنگدەرانی رۆژئاوای فەرەنسا لەماوەی سی ساڵی یەکەمی کۆماری سێیەم‌و گەیشتە ئەو ئەنجامە کە ناوچە جۆراوجۆرەکان لەمەڕ هەڵبژاردن رەفتاری جێگیر دەکەن‌و بۆ ماوەیەکی تارادەیەك دووردرێژ لایەنگری باڵێکی تایبەتی دەکەن.

زیگفرید لەو کتێبەیدا کە لەم بارەیەوە نووسیویەتی، هەوڵی داوە بە لەبەرچاوگرتنی هەل‌ومەرجی جوگرافیایی‌و دەوروبەری دەنگدەران لەناوچە جۆراوجۆرەکان، مەیلە سیاسی‌یەکانیان روون بکاتەوە[٢٥].

ئەندرێ زیگفرید هەوڵ دەدا شێوازی خۆی لەناوچەی ڤاندە بۆ روونکردنەوەی مەیلی دەنگدەران تاقی بکاتەوە. ڤاندە ناوچەیەکە لە وڵاتی فەرانسە کە لە دووبەشی جوگرافی جیاواز پێك دێ. باکووری ڤاندە ناوچەیەکی دارستانو بەردەڵانە، بەڵام خوارەوەی دەشتێکی بەرفراوانو تەختە. خاڵی بەرچاو ئەوەیە، ئەم دوو بەشە نەتەنیا لەروانگەی جوگرافیاییەوە، هەلومەرجی لێك جودایان هەیە، بەڵکو لەرووی سیاسیشەوە دەرخەری مەیلی تەواو لێك جودان، چونکە ناوچە شاخاوییەکە بەردەوام دەنگ بۆ باڵی راست دەداو دانیشتوانی دەشتەکەش، کاندیدە چەپەکان هەڵدەبژێرن.

زیگفرید لە لێکۆڵینەوەکانیدا تەئکیدێکی تایبەتی لەرەگەزی جوگرافیا دەکا، بەڵام لەهەمان کات دا رۆلی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش فەرامۆش ناکا. ئەو، نیشانی دەدا کە ناوچەی دارستانو شاخاوی خاوەنی دانیشتوانی پەراگەندەو موڵکدارانی گەورەیەو بەزۆری کاسولیکی ئیماندارن. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم ناوچەیە ئەوەیە پیاوماقولو قەشەکان نفوزێکی زۆریان تێدا هەیە. دەستەڵاتی پیاوماقولو قەشەکان لەراستیدا رەگی لە هەلومەرجی هەرێمەکەدا هەیە" لەکاتێکدا ناوچەکەی دیکە کە مەیلی چەپیان هەیەو دانیشتوانەکانی ماوەیەکی زۆرە حزبە چەپەکان هەڵدەبژێرن، پڕ لەدانیشتوانەو موڵکداری گەورەکان زۆر نین و موڵکدارە بچووکەکانیش نفوزێکی وایان بەسەر خەڵکەوە نییە.

تایبمەندییەکی دیکەی ئەم بەشە، ئەوەیە دانیشتوانەکانی بەزۆری ئایین پەروەر نینو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ستوونی نینو ئاسۆییە. بەم شێوەیە زیگفرید دەگاتە ئەم ئەنجامە کە پێکهاتی دانیشتوان کە خۆی

بــە جوگرافیــا کاریگــەرە، شــوێنەوارێکی ســەیری بەســەر مــەیلی سیاســی ناوچەکەیەوە هەیەو هۆکارێکە جێگیری مەیلە سیاسی‌یەکان لەناوچەیەك دا روون دەکاتەوە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوشتانەی باسکران، زیگفرید ئەو نموونەیـەی خـوارەوە بۆ روونکردنەوەی مەیلە سیاسی‌یەکان لەناوچە جۆراوجۆرەکان، پێشکەش دەکا:

پێکهاتی کۆمەڵایەتی

لایەنگریی سیاسی مولْکایەتی پێکهـــاتی دانیشــــتوان

باری جوگرافی

ئایین

زیگفرید لە لێکۆڵینەوەکانی‌دا، بەتووندی کەوتۆتە ژێر کاریگـەری **ڤیـدال دولبلانش**-ی جوگرافیاناسی بەناوبانگ. ئەو لـە لێکۆڵینـەوەکانی‌دا، دەگاتـە ئــەو ئەنجامــە کــە دەتــوانرێ بــۆ هــەر وڵاتێــك نەخشــەیەکی جوگرافیــایی هەڵبژاردن بکێشین کە بەباشی مەیلە سیاسی‌یەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکان روون بکاتــەوە. چــونکە بەدرێــژایی رۆژگــار ناوچــە جیاوازەکــان خــاوەنی مــەیلی سیاســی جــێگیرو بــەردەوامن‌و ناوچــە جوگرافی‌یــە جۆراوجۆرەکــان بەدرێژایی رۆژگار بەیەك شێوە دەردەکەون. ئەو هەوڵی‌دا بەسوود وەرگـرتن لــە نیشــانەی(دەرکەوتــە) وەك شــێوەی موڵکایــەتی، پێکهاتــەی دانیشــتوان، رۆڵی قەشەکان‌و ئاستی نفووزی دەوڵەت، مەیلی سیاسیان بزانێ.

هــەروەك دەردەکــەوێ، ســرنجی ســەرەکی زیگفریــد رووی لــەرۆڵی پێکهاتــە کۆمەڵایەتی‌یەکان لەسەر بڕیارەکانی تاکەکەسەو مەیلی تاکەکەس کەمتر لـە شی‌کردنەوەکانی‌دا لەبەرچاو دەگیرێ. لەدیدی ئەودا، مەسەلەی وەك ئایین،

تەمـەن، چـینی کۆمەڵایـەتیو شـتی لـەم جـۆرە دەرخـەری دەنگـەکانن. بەشـێوەیەکی سروشـتی، روانگەیـەکی لـەم جـۆرە بـۆ پرۆپاگنـدە لـەکاتی هەڵبژاردن دا، بایەخێکی وای نییە. لەم دیدەوە، ئەو بابەتانەی کاندیداو حزبـە سیاسـییەکان لـەرۆژانی هەڵبـژاردن دا دەیخەنـەروو، کاریگەرییـەکی وایـان بەسـەر دەنگدەرانـەوە نابیو کەسـەکان بـەپێی پێگـەی جـوگرافیو کۆمەڵایەتی خۆیان بڕیار دەدەن.

لەفەرانسـە لێکۆڵینـەوەی سۆسـیۆلۆژییانە لەلایـەن سۆسیۆلۆژیسـتی وەك **فرانسـوا گوگیـل** دامـەزراوە، نـاوبراو لەسـاڵی ١٩٥١ هـاوڕێ لەگـەڵ گرووپـی لێکۆڵینەوەکەی خۆی، گۆڤارێکی دەرکرد کە تیایدا کەوتە روونکردنـەوەی شێوازی سۆسیۆلۆژیکیی شیکردنەوەی رەفتاری دەنگدەران. ئـەم شێوازە بەفراوانی قبـوڵ کـراو لەراسـتیدا لکێکـی نـوێی زانسـتی سیاسـی خولقـاو لێکۆڵەرانێکی زۆری بۆلای خۆی بەکێش کرد[٢٦].

ئەمڕۆش گـەلێ لێکۆڵـەر بۆ لێکۆڵینـەوەو شیکردنەوەی دەنگـەکان، سـوود لـەم شـێوازە وەردەگـرن. وەك نموونـە، ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی سیاسـی لـە فەرانســـە (CEVIPOF) بەشــێوازێکی لـــەم شــێوەیە لـــە هەڵبژاردنـــە جۆراوجۆرەکـــان دەکۆڵێتـــەوە و ئـــەم شـــێوازەی بـــە کـــاراترین شـــێوازی لێکدانەوەی هەڵبژاردن لەقەڵەم داوە[٢٧].

ئـەم ناوەنـدە تێدەکۆشـێ بەسـوود وەرگـرتن لـە بـارودۆخی وەك بـاری خێزانـی، مـەیلی ئـایینی، پێکهـاتی کۆمەڵایـەتیو شـتی لـەم جـۆرە، دەنگـی دانیشـتوانی ناوچـەیەك شـی بکاتـەوە. لێکۆڵـەرانی ناوەنـدی نـاوبراو، بـێدرەنگ دوای هەڵبـژاردن دەچـنە سـەر سـندووقەکانی دەنگـدانو لەدەنگـدەران دەپرسـن: کامـە بـاڵی سیاسـییان هەڵبـژاردووە. پاشـان

بەوەرگرتنی زانیاری دەربارەی پێگەی کۆمەڵایەتی، کار، ئایین و خێزانی ی ئەو، هەوڵ دەدەن خەریکی شیکردنەوەی بەڵگەی هەڵبژاردنەکەی بن و پەیوەندی نێوان ئەم مەسەلانەو مەیلە سیاسیەکەی لێك بدەنەوە.

سوود وەرگرتن لەشێوازی سۆسیۆلۆژییانە بۆ شیکردنەوەی رەفتاری هەڵبژاردن هەر بەتەنیا لە فەرانسە بەکارناهێنریێ و گەلێ دەزگای دیکەی ولاتانی تریش بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن سوودی لێوەردەگرن. وەك نموونە لە ئینگلستان دەزگای **نافیلد کۆلیج**[28]-ی ئۆکسفۆرد لەساڵی ١٩٤٥وە شیکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی بەئەستۆوەیەو بۆ ئەم مەبەستە سوود لە شێوازی سۆسیۆلۆژییانە وەردەگریێ، لەئەمریکاش شێوازی زیگفرید زۆر جێی بایەخە. لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرانی وەك ((**فردریك جاکسۆن ترنەر**)) لەساڵی ١٩٧٠ کە لەسەر بنەمای نەخشەی جوگرافیایی بنیات نرابوو،زۆرتر گریمانەکانی زیگفریدی خستەروو. ئەو لەشیکردنەوەی هەڵبژاردن دا زۆر بایەخی بە گۆڕانکاری کولتووری دەدا. لەناو تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی کولتووردا، هاوپشتی نەژادی بایەخێکی تایبەتی هەیەو لەشیکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دا، زۆر سوودی لێ وەردەگیریێ. نزیکەی دوای نیو سەدە، **والدەمیر ئۆکس** و **فرانك مانگیر** هەر ئەم شێوەیەیان بەکارهێنا و هەوڵیان دا بە لێکۆڵینەوەی درزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵ، لەمەیلی هەڵبژاردنی دانیشتوانی ( ئیندیانا) لەنێوان ساڵانی ١٨٦٨-١٩٥٢ بکۆڵنەوە. گەلێ لێکۆڵەری دیکەش لە لێکۆڵینەوەکانیان دا سوودیان لەم شێوازە وەرگرت. لەم لێکۆڵینەوانەدا، بەزۆری بابەتی وەك تەمەن، رەگەز،

پێگـەی کۆمەڵایـەتی و کولتـووری بـۆ روونکردنـەوەی دەنگـی دەنگـدەران سوودی لێ وەردەگیرێ.

بەشـێکی‌تری لێکۆڵـەران کـە لـە پرانسـیپ دا، بـۆ روونکردنـەوەی هەڵس‌وکـەوت و رەفتـاری هەڵبـژاردن دیـدی سۆسـیۆلۆژی پەسـەند دەکـەن، لەهەنـدێ مەسـەلەدا دیـدو بۆچوونەکانی زیگفریـد پەسـەند ناکـەن. ئەمانـە هـەوڵ دەدەن بەسـوود وەرگـرتن لەمێـژوو، ورووداوە گرنگـەکانی مێـژوو، مەیلـە سیاسـی‌یە یەکسـانەکانی دانیشـتوانی ناوچـەیەك لـە هەڵبـژاردن دا روون بکەنەوە. لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرانی وەك **پـول بـوا**، **جـۆرج دوپـورا** یـان **مـــوریس ئـــاگول هـــرن**، دەتـوانرێ بخرێتـە نـاو ئـەم جـۆرە لێکۆڵینـەوە سۆسیۆلۆژییانە دەربارەی هەڵبژاردن.

**پـۆل بـوا**، لەچەند رووێکـەوە رەخنـە لـە لێکۆڵینەوەکـەی زیگفریـد لەمـەڕ ناوچەی ڤانده دەگرێ. **یەکەم** ئیستنسا زۆرەکانی رێساکان لەگشتی‌بوون، دەکاتـەوە" **دووەم** لەدیـدی بـوا زانیاری‌یـە کۆکراوەکـانی زیگفریـد دەربـارەی ناوچەی ناوبراو بێ کەم‌وکورتی و هەڵە نین" **سێیەم** لەدیـدی (**بـوا**) هۆکـاری مەزهەب کاریگەری‌یەکی وای بەسەر دەنگدانی سیاسـی تاکـە کەسـەکانەوە نی‌یـە. ئـەو ئـایین بـە جـۆرە رای گشـتی‌یەك دەزانـێ، نـەخۆی بـە هۆکـاری خولقاندنی رای گشتی لەناوچەیەك بزانـێ. هەڵبـژاردنی ئایینی و سیاسـی لەراستی‌دا دوو رووی پارەیـەکن و هـەردووکیان مەیلـە فیکری‌یـەکانی تاکـە کەسەکان پێك دێنن.

(بـوا)ش لـەرەفتاری دەنگـدەرانی بەشـێك لـە فەرانسـەی سـاڵانی ١٧٨٣- ١٧٨٩ی کۆڵی‌یەوەو هەوڵی‌دا لە کاریگەری رووداوە مێژوویی‌یە گرنگەکان بەسـەر پێکهـاتنی مـەیلی سیاسـی تاکەکەسـەکان بکۆڵێتـەوە. ئـەو بـە

لێکۆڵینەوە لەناوچەی سارت، سرنجی‌دا کە لەرۆژئاوای ئەم ناوچەیەدا جووتیارانی دەوڵەمەند ژیاون. لەرووی جوگرافیاییشەوە ئەم ناوچەیە خاوەنی چەند تایبەتمەندی‌یەك بووە، لەوانە زەمینە گەلێکی فراوان هەبووە کە لەبەردەستی قەشەکان دا بووە. ئەم قەشانە، لەبەڕێوەبردنی ئەم بوارانەدا بێتوانابوون‌و ئەمەش نارەزاییەتی‌یەکی زۆری لێکەوتۆتەوە. لەبەرانبەردا، لەرۆژهەڵاتی ناوچەکەدا، جووتیاران بەدرێژایی رۆژگار بەهەژاری دەژیان‌و بەزەحمەت دەیانتوانی کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن‌و قەشەکان لێرانەدا نفووزێکی زۆریان نەبووە. زۆربەی جووتیارانی ئەم ناوچە هەژارنشینە خەریکی رستن‌و چنین بوون‌و بەمەبەستی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان لەگەڵ کارگەکانی رستن‌و چنینی شاردا پەیوەندی‌یەکی بەردەوامیان هەبووە.

پۆل بوا سرنجی دەدا کە رووداوگەلێکی مێژوویی جۆراوجۆر لەم دوو شوێنەدا روویان داوەو لەئەنجام دا جیاوازی و درزێکی قووڵ لەنێوان دانیشتوانی رۆژهەڵات‌و رۆژئاوادا دروست بووە. ئەم رووداوانە پەیوەندی‌یان بە شۆڕشی جۆراوجۆرەوە هەبووە کە لەناو وڵات دا روویان داوە. گرنگترین رووداو میللی کردنی موڵك‌و سامانی پیاوە ئایینی‌یەکان بوو کە لە ٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٨٩ رووی‌دا. ئەم موڵك‌و سامانە لەساڵانی ١٧٩٠-١٧٩٢ فرۆشرا. فرۆشتنی ئەم موڵك‌و سامانە بووە هۆی وەرگۆڕان‌و گۆڕانی موڵکایەتی زەوی بەتایبەتی لەرۆژئاوا. براوەی سەرەکی لەم رەوتەدا سەوداکارەکانی شارەکان بوون کە توانییان زۆرترین قازانج لەبواری وەدەست کەوتوو، بکەن. بەڵام جووتیارانی ناوچەی رۆژئاوا کە خاوەنی موڵك‌و دارایی‌یەکی بەرچاوبوون، سوودیان لەو بوارە وەرنەگرت.

ئەمەش بووەهۆی ئەوەی لە شۆڕش نائومێدبن و بەدیاردەیەکی ناخۆش و شوومی بزانن. لەلایەکی دیکەوە، سیاسەتی باج کە دەرەنجامی شۆڕش و بەتایبەتی هێرش بۆ سەر پیاوە ئایینیەکان و بەتالان چوونی موڵك و سامانی کلێسابوو، بووەهۆی ئەوەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە رۆژبەرۆژ زیاتر لە شۆڕش نائومێدبن.

ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هیچ یەکێك لەهۆکارەکانی ئەو رەشبینییە لەناوچەی رۆژهەلات دا نەبوو، ودانیشتوانەکانی وەك دیاردەیەکی بەختەوەری لە شۆڕشیان دەڕوانی. هێواش هێواش نارەزایی دانیشتوانی ناوچەی رۆژئاوا زۆرتربوو، وخەڵکەکە لەبەرانبەر شۆڕش دا یاخیبوون و شەڕێکی توندی ناوخۆ لەنێوان دانیشتوانی ناوچەی رۆژهەلات کە لایەنگری شۆڕش بوون و دژە شۆڕشەکانی ناوچەی رۆژئاوا دەستی پێکرد. ئەم شەڕو پێکدادانە ماوەیەکی زۆری خایاندو درزێکی قووڵی لەنێوان خەڵکی ئەم دوو ناوچەیەدا دروست کرد. ئەم ناکۆکیيە لەکاتی هەڵبژاردن دا بەباشی وەدەرکەوت و دوو رەفتاری زۆر دژبەیەکی هەڵبژاردنی تێدا دەبینرا. ناوچەی رۆژئاوا لەهەڵبژاردن دا دەنگیان بۆ باڵی راست دەداو ناوچەی رۆژهەلاتیش مەیلی چەپیان هەبوو[٢٩].

بەکورتی، دەتوانرێ بگوترێ کە شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژیکی،کەمتر بەمەیلی تاکەکەسەوە خەریك دەبێ و هەوڵ دەدا بەسوود وەرگرتن لەو هۆکارانەی لەتاکەکەس بالاترن، بەردەوامی و جێگیری مەیلە سیاسییەکانی ناوچە جوگرافیە جیاوازەکان روون بکاتەوە. لەم دیدەدا، پێکهاتی کۆمەلایەتی و کولتووری و چینە کۆمەلایەتیيەکان و هەتا جوگرافیاش دەست دەخەنە ناودەستی یەکترو مەیلێکی سیاسی تایبەتی بەسەر

ناوچـەیەك دا زاڵ دەكـەن و ئـەم مەیلـە بـۆ ماوەیـەكی زۆر لەناوچـەكەدا دەمێنێتەوە. **پۆل بوا** و لێكۆڵەرەوەكانی دیكەی هاوڕێی، بەبێ ئەوەی رۆلی هۆكـارە ناوبراوەكـان رەت بكەنـەوە، رووداوە مێژوویی‌یـە پەیوەسـتەكانی ناوچـە جۆراوجۆرەكـان وەك هۆكاری‌سـەرەكی مـەیلی یەكسـانی خـەڵكی لەناوچـەیەك دا دەناسـێنن و هـەوڵیان دا بـە لێكۆڵینـەوە لـەدەنگی ناوچـە جۆراوجۆرەكان ئەم تیوری‌یە بسەلمێنن.

ئـەمڕۆ جوگرافیـای هەڵبـژاردن جـێی بایـەخی لێكۆڵـەرە سیاسـی‌یەكانی وڵاتانـەو زۆربـەی وڵاتـان نەخشـەی هەڵبـژاردنی تایبـەتی خۆیـان هەیـەو بـەكردەوە جـێگیری و بـەردەوامی مەیلـە تایبەتی‌یـەكان لەناوچـە جوگرافیـە جۆراوجۆرەكان دەبینرێ. یەكێك لە گرنگترین بەرهەمی ئەم شێوازە، رەسم كردنـی نەخشـەی هەڵبـژاردن بـۆ وڵاتـە جۆراوجۆرەكانـە كـە لەزەمینـەی هەڵبـژاردن دا خـاوەنی ئـەزموونێكی دووردرێـژن. ئـەم نەخشـانە، بەباشـی دەتـوانن مـەیلی سیاسـی ناوچـە جـۆراو جۆرەكـان نیشـان بـدەن و شی‌كردنەوەی هەڵبژاردن لەو وڵاتانەدا، ئاسانتر بكەن.

**تیوری دەروونی-سیاسی لە شی‌كردنەوەی رەفتاری دەنگدەران لەهەڵبژاردندا**

لێكۆڵەرانی ناوەندی لێكۆڵینـەوەو توێژینـەوەی **زانكۆی میشیگان** بەتووندی رەخنـە لـەبوونی پەیوەنـدی میكـانیكی نێـوان هەل‌ومـەرجی كۆمەڵایـەتی و بڕیـاری تاكەكەسـەكان كـە مـۆدیلی سۆسـیۆلۆژی ئیـدیعای دەكـا، دەگـرن. لەدیدی ئەم لێكۆڵەرانەدا، دەنگدان پێش ئەوەی دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی بێ ((كارێكی سیاسی‌یە))و ملكەچی چۆنیەتی تێ‌گەیشتنی تاكەكەسەكان لەبابەتـە سیاسـی‌یە گرنگـەكانی كۆمەڵـە. لێكۆڵـەرانی میشـیگان لەسـاڵی ١٩٤٨ كەوتنە لێكۆڵینـەوەی هەڵبژاردنی سـەركۆماریی ئەمریكا و گەیشتنە

ئەو ئەنجامە کە بڕیاری دەنگدەران زۆرتر ملکەچی هۆکارە دەروونی‌یەکانە. لــەم روانگەیــەوە، پەیوەنــدی‌و پەیوەنــدی عــاتیفی نێــوان دەنگــدەران‌و کاندیـداکان لەگـەڵ ڕێبـەری حزبـە سیاسـی‌یەکان ڕۆڵێکی چارەنووسسازی هەیــە. ئــەم دیــدە، گــرنگترین گــۆڕانی روونکــەرەوەی دەنگــی کەســانی ((پێوەندی حزبی))ی دەنگدەرانە. دەنگدەرانی ئەمریکایی لەرووی گیانی‌و هەسـتی تاکەکەسـی‌یەوە مـەیلیان بـەلای یـەکێك لـەدوو حزبـە گەورەکـەی ئــەمریکادا هەیــەو ئــەم پەیوەندی‌یــە عــاتیفی‌و سیاســی‌یەیە کــە دەنگــی کەسەکان دیاردەکا. هەرچەندەی ئەم پەیوەندی‌یە عاتیفی‌یە پەیوەندی بە حزبێکەوە هەبێ، مەیلی تاکەکەس بۆ کاندیدای حزبی ناوبراو زۆرتر دەبێ. زۆربـەی دەنگـدەران بایـەخێکی زۆر بـە بەرنامـەی حزبـەکان و بابەتـەکانی کاندیداکان نادەن و گەلێکیان گوێ بەو شتانە نادەن.

بەکورتی، ئەوەی کە دەنگدەر بەهۆی ئەو پەیوەندی‌یەی لەگەڵ حزبێکی سیاســـی‌دا هەیـــەتی، دەیـــەوێ بەســـەرکەوتنی‌بگەیەنێ‌و ئامانجـــە ســـەرەکی‌یەکەی ئەمەیــە کــە کاندیــداکانی حزبەکــەی لــە هەڵبــژاردن دا سەرکەون. ئەم لێکۆڵەرانە دەنگدەر بە ((کڕیاری ئۆتۆمبیلێك دەزانن کە هیچ زانیاری‌یەکی لەمەڕ تایبەتمەندی‌یە تەکنیکی‌یەکانی نی‌یەو تەنیا ئاگاداری کارخانــە جــۆراو جۆرەکانیــەتی و بــەهۆی ئــەو متمانەیــەی بەکارخانــەی ناوبراوی هەیە، لەبازاڕدا تـەنیا بەدوای ئەودا دەگەڕێ. دەنگدەریش تـەنیا دەزانێ کـە کۆمـاریخواز یـان دیموکراتەو لەراستی‌دا دەنگ بۆ هاوپشتی‌و پێوەندی‌یە حزبی‌یەکەی خۆی‌دەدا[٣٠].

ئـەم پەیوەندی‌یـە عاتیفی‌یـە بـەزۆری لەسـەردەمی منـداڵی‌و مێرمنـداڵی‌دا لــەلای کەســەکان دەخولقــێ‌و بەشــێوەیەکی ئاســایی لەخێزانەکانــەوە

دەگوزارێتــەوە رۆڵــەکانیان و دەوروبــەرو فــەزای کــارو کۆمــەڵیش لــە جێگیرکردنی ئەم پەیوەندی‌یانە کاریگەرە. ئەمانە لەو باوەڕەدان کە گۆڕانی دەنگ لـە هەڵبـژاردن دا بەشێوەیەکی ئاسـایی تایبەتـە بـەو کەسـانەی کـە ئاسـتی خوێنـدنیان لەخوارەوەیـەو لـەرووی سیاسـی و کۆمەڵایەتی‌یـەوە پێگەیەکی دیارکراویان بۆ خۆیان پەیدا نەکردووە.

ئەم شێوازی شی‌کردنەوەیەش پشت بە چاوپێکەوتن لەگەڵ دەنگدەران دەبەستێ. بەڵام بەپێچەوانەی روانگەی سۆسیۆلۆژییانە، تەئکیدێکی زۆر لە تایبەتمەندی‌یـە تاکەکەسـی‌یەکان و مەیلـە شەخسـی‌یەکان دەکـرێ و کـەمتر بایـەخ بـە پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی دەنگـدەر دەدرێ. لـەم شـێوازەدا لـەباتی ئـەوەی تاکەکـەس ملکەچـی جـەبری کۆمەڵایـەتی بکـەن و لـەباتی ئـەوەی پەیوەندی‌یــەکی هــۆو ئــەنجام لــەنێوان هەل‌ومــەرجی کۆمەڵایــەتی و جوگرافیایی ژیانی تاکەکەس و دەنگی ئەو دروست بکەن، زۆرتـر بایـەخ بـە مـەیلی تاکەکـەس لەدەنگـدان، دەدرێ. ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەو تۆژینـەوەی زانکـۆی میشـیگان، لێکۆڵینـەوەی لـەم جـۆرە لەئاسـتی وڵات ئـەنجام دەدا. تۆژەرەوەکـانی دەزگـای میشـیگان چـاوپێکەوتن لەگـەڵ دەنگدەران دەکـەن. لـەقۆناغی یەکـەم دا، داوا لـەو کەسـە دەکـرێ کـە چـاوپێکەوتنی لەگـەڵ دا دەکـرێ حزبـی سیاسـی دڵخـوازی خـۆی دەسـت نیشـان بکـا و لـەنێوان گرنگترین باڵە سیاسی‌یەکان، واتە کۆماریخواز، دیموکرات و سەربەخۆکان، یـەکێك هەڵبـژێرێ. هـەروەها داوای لێدەکـرێ پلـەی وابەسـتەیی حزبایـەتی خۆی لـەنێوان زۆر بـەهێز، یـان لاواز دەسـت نیشـان بکـا. لەقۆناغی دووەم دا پرسـیاری لێدەکـرێ، کـە لەهەڵبـژاردن دا، کاندیـداکانی خـۆی لـەچ بـاڵێکی سیاسـی هەڵبـژاردووە. لێکۆڵـەرانی میشـیگان، بـەم لێکۆڵینەوانە بـەخێرایی

پەیوەندی نێوان پێوەندی حزبایەتیو دەنگی تاکەکان نیشان دەدەنو لەو باوەڕەدان کە دەنگی کەسەکان ملکەچی وابەستەییو پەیوەندییان بەحزب یان رەوتێکی تایبەتییەو بابەتی رۆژانی هەڵبژاردن، کاریگەرییەکی بەسەریانەوە نییە.

وابەستەیی بەحزبەکان زۆرجار جۆرە پێوەندو هەستێکی عاتیفییە کە بەزۆری لەلایەن خێزانەکانو دەوروبەرەوە فێرە تاکەکەس دەکرێ. بۆیە دەنگی تاکەکەس لەم دیدەوە دیاردەیەکی (لەخۆوە)و تا رادەیەکی زۆر (بۆماوە)یە.

گرنگترین بەرهەم کە سەرچاوەی ئەم دیدەیە، لەساڵی ١٩٦٠ لە ئەمریکا نووسراو بەم روانگەیە لەهەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵانی ١٩٥٢و١٩٥٦ یان کۆڵییەوە. لەم کتێبەدا، پێوەندی حزبی وەك گرنگترین گۆڕانی روونکەرەوەی دەنگی کەسەکان، ناسراوە.

ئەم تۆژەرەوانە لەگەڵ نیشاندانی پێوەندی نێوان وابەستەیی حزبیو دەنگ، باوەڕیان وایە کە وابەستەییە حزبییەکان خۆی ملکەچی هۆکاری هەستو دەوروبەرە. لەم میانەدا خێزان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ. بەلەبەرچاوگرتنی بەردەوامیو پێکەوە گرێدانی وابەستەییە حزبییەکان هەڵسوکەوتی رەفتاری دەنگدەران تا رادەیەکی زۆر قابیلی پێشبینییەو درزە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان هەروەك (ستین روکان)ی لێکۆڵەری نەرویژی ئیدیعای دەکرد مەیلیان بۆ (بەستن) هەیەو تاکەکان بەدەگمەنو بەسەختی مەیلیان بۆ ئەوە دەچێ ئۆردووی سیاسی خۆیان بگۆڕن.

بەکورتی دەتوانرێ بگوترێ: رێبازی میشیگان دەربارەی هەڵبژاردن لەو باوەڕەدایە کە وابەستەیی حزبی گرنگترین بگۆڕی روونکەرەوەی رەفتاری

کاتی هەڵبژاردنەو ئەم پەیوەندییە بەدرێژایی ڕۆژگار کەمتر ڕووبەڕووی گۆڕان دەبێتەوەو ماخۆی بەردەوام بوونە.

پێوەندی‌یە حزبی‌یەکان خۆیان ڕەگیان لەو هۆکارە گرنگانەدایە کە خێزان بریتی‌یە لە گرنگترینیان‌و بەزۆری ئەم مەیلانە نەوە بەنەوە بەردەوام دەبن‌و لەباوکانەوە بۆ منداڵەکانیان دەگوازرێتەوە. تاکەکەس مەیلی سیاسی خۆی لە بنەماڵەوە وەردەگریٚ‌و بەدرێژایی‌ڕۆژگار ڕەگ دادەکوتیٚ. لەهەل‌ومەرجی ئاسایی‌دا، تاکەکان مەیلە سیاسی‌یەکانیان دەپارێزن‌و ئەم مەیلانە کەمتر دەگۆڕێن‌و تەنیا لەسەردەمی تەنگژە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان دا ئەگەری گۆڕانیان هەیە.

ڕەخنەی جۆراوجۆر لەم ڕوانگەیە گیراوە کە هەندێکیان مایەی لیٚوردبوونەوەن. لەناو ڕەخنەگرانی‌ئەم ڕێبازەدا، (**وربا**)و(**نای**) هەن کە لەساڵی ١٩٧٦ لە کتێبەکەی[٣١] خۆیان دا نیشانیان دا کە بەپێچەوانەی گریمانەکانی‌لایەنگرانی ڕێبازی میشیگان، ڕێژەی سەربەخۆکان هێشتا ڕوو لەزیادی‌یەو لەنێوان ساڵانی ١٩٦٤و ١٩٧٤دا ئەم ڕێژەیە دوو ئەوەندەی لیٚهات. لەبارێکدا ڕێژەی حزبی‌یەکان زۆر کەم بۆتەوەو لە ٣٨٪ەوە گەیشتۆتە ٢٦٪. ئەم کارە، تیوری میرات‌و بەردەوام بوونی مەیلەکان بەباشی دەخاتە گومانەوە. لەلایەکی‌دیکەوە، لەگەڵ ڕۆژگاردا ڕۆڵی پرۆپاگندەی هەڵبژاردن لەسەر دەنگی تاکەکەسەکان هێشتا بیٚ کاریگەرتر بووەو لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە کاندیداکان بەخستنەڕووی بابەتی نویٚ‌و سرنج ڕاکێش دەتوانن دەنگێکی زۆر وەدەست بهێنن[٣٢]. ڕەخنەیەکی دیکە ڕووی لە ئەنجامێکی تایبەتە کە دەرەنجامی پەیوەندی حزبی‌یە. لەم ڕوانگەیەوە، وابەستەیی حزبی تەنیا بە بەڵگەی هەبوونی‌پەیوەندی عاتیفی

پاساو دەدرێ. لایەنگرانی ئەم دیدە لەو باوەڕەدان کە تاکەکەسەکان دەنگ بە حزبێکی تایبەتی دەدەن، تەنیا لەبەرئەوەی مەیلێکی عاتیفی‌یان بۆی هەیە. هەندێ لێکۆڵەر لەو باوەڕەدان کە لەگەڵ کۆمەڵدا هەتا کۆمەڵی رۆژئاواش، پێچەوانەی ئەم ئیدیعایە راستە. واقیع لە کۆمەڵی ئەمریکادا دەربڕی ئەوەیە کە پێوەندی تاکەکەسەکان بە حزبەکانەوە لەباری عاتیفی‌یەکی رووت دەرچووەو خەڵکی بە لەبەرچاوگرتنی بەرنامەو گفتی حزبەکان روویان تێدەکەن‌و لەکاتێکدا حزبەکان گفتەکانیان جێبەجێ نەکەن، خەڵکەکە روو دەکەنە حزبی سیاسی‌تر.

لێکۆڵەرە جۆراوجۆرەکان هەوڵیان دا بە لێکدانەوەی ئامار نیشانی بدەن کە جگە لە ((پێوەندی حزبی))، هۆکاری گرنگی دیکەش کار دەکەنەسەر دەست نیشان کردنی دەنگەکان. هەندێ لەم لێکۆڵینەوانە نیشانی دەدەن کە ٢٠٪ تا ٢٥٪ دەنگدەرانی ئەمریکایی هەڵویستی کاندیداکان لەمەڕ ئەو بابەتە گرنگانەی لەکاتی پروپاگندەی هەڵبژاردن دا دەخرێنەروو، دەکەنە پێوەری هەڵبژاردنەکانیان‌و رێژەیەکی بەرچاویش تایبەتمەندی‌یە شەخسی‌یەکانی کاندیداکان بەهۆکارێکی سەرەکی دەنگدانی خۆیان دەزانن[٣٣].

دەبێ ئایدیۆلۆژیاش لەناو ئەو کۆمەڵە هۆکارە گرنگانە دابنرێ کە لە دەنگدانی گەلێ دەنگدەردا کاریگەرە. لێکۆڵەرە جۆراوجۆرەکان هەوڵیان داوە بە لێکۆڵینەوە لە ئامارەکان پەنجە لەسەر رۆلی ئەم هۆکارە لە هەڵبژاردن دانێن. **کوئوڤەر و فلدمان** نیشانیان دا کە رێژەیەکی بەرچاوی ئەمریکایی‌یەکان لەپاساودانی دەنگەکانیان سوود لە واتای وەك (لیبرالیزم)و (محافەزەکاری) وەردەگرن[٣٤].

بەکورتی دەتوانرێ بگوترێ کە لاوازییە گرنگەکەی ڕێبازی **میشیگان** ئەمەیە: (پێوەندی حزبی) وەك گۆڕاوێکی سەربەخۆی ڕوونکەرەوەی هەڵبژاردن لەقەڵەم داوە. بەشێوەیەکی ئاسایی ڕۆڵی وابەستەیی حزبی لەخولقاندنی دەنگی کەسەکان، جێگای نکۆڵی کردن نییە" ئەوەی جێگای دوو دڵییە، یەکەم" میرات و هەستیاری وابەستەیی بەحزبەکان و دووەمیش لەبەرچاوگرتنی وابەستەییحزبی وەك بگۆڕێکی سەربەخۆی ڕوونکەرەوەی دەنگی دەنگدەران.

**شیکردنەوە ئابوورییەکان-ی ڕەفتاری دەنگدەران**

دەبێ دەیەی ٦٠ بەدەیەی مەیل بەرەو نموونەی ئەقڵانی لەڕوونکردنەوەی دیاردەی هەڵبژاردن بزانرێ. سوود وەرگرتن لەنمونەی ئابوری لە شیکردنەوەی دیاردە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان لەم دەیەیەدا زۆر پەرەی گرت وگەلێ لێکۆڵەر هەوڵیاندا بەسود وەرگرتن لە تیوریە ئابورییەکان، دیاردەی وەك بەشداری سیاسی، بزوتنەوە جەماوەرییەکانی بەشداری حزبی، شی بکەنەوە و لێکی بدەنەوە. لایەنگرانی ئەم تیورییانە بەتوندی رەخنەیان لە نمونەکانی پێشوو گرت وبەتایبەتی لە روانگەی ئەوان بۆ تاکە کەس زۆر نارازی بوون. (**گی**)[٣٥] یەکێك لەو توێژەرە بەناوبانگانەیە کە لەسالانی ١٩٦٠ مۆدیلەکانی پێشوی بەتوندی خستە بەر رەخنە. ئەو لەو باوەڕەدایە، نمونەی سۆسیۆلۆژی و دەرونی و سیاسی، هەردوکیان تاکەکەس بە زیندانی دەوروبەرو هەلومەرجی کۆمەڵایەتی یان هەستی دەروونی خزم و دیلی سەپێنراوی دەوروبەر، دەزانن. لەم دیمەنەوە، تەنیا هۆکاری بەدەر لەویستی مرۆڤ لە بڕیارەکانیدا کاریگەرن وتاکەکەس زیندانی هۆکارە دەرەکییەکانە.

کۆ بەرهەمی (**نای**)و(**وربا**)و(**پتروسیك**) بەناوی (**دەنگدەری ئەمریکایی لە باری گۆڕان دا**)[٣٦] کە لەساڵی ١٩٧٩ دا نوسراوە، دەبێ بەگرنگترین بەرهەم لە قەڵەم بدرێ کەتیایدا بەتوندی رەخنە لە نمونەکەی پێشوی گیراوە. لەم کتێبەدا نووسراوە سەردەمی شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژی ودەرونی لە رەفتاری دەنگدەر بەسەرچووەو دەنگدەری ئەمڕۆی ئەمریکایی لەگەڵ دەنگدەری ساڵانی دوای شەڕی جیهانیی دووەم جیاوازیەکی بنچینەیی هەیە، چونکە حزبە سیاسیەکان لەم سەردەمەدا رەوایی خۆیان لەدەست داوەو رووبەرووی تەنگژەیەکی قوڵن. شایەدی ئەم ئیدعایە ئەمەیە: رێژەی کەسانی سەربەخۆ کە هیچ جۆرە وابەستەیەکی حزبییان نییە، بەردەوام لەزۆربووندایەوئامارورژمارە دەربڕی ئەوەن کە رێژەی سەربەخۆکان لە ٢٣٪ لە ساڵی ١٩٦٤، لەساڵی ١٩٧٤ دا گەیشتۆتە ٤٠٪. ئەم لێکۆڵەرانە بە شیکردنەوەکانیان نیشانیان داوە کە گەلێ جار هەتا ئەو کەسانەی هێشتا خۆیان بە وابەستەی حزبەکان دەزانن، هەوڵ دەدەن لە هەڵبژاردن دا، سەربەخۆ بڕیاربدەن وتا دەکرێ سەربەخۆیی دیدی خۆیان بپارێزن. بە کورتی دەتوانرێ بگوترێ کە بە لەبەر چاو گرتنی زۆرتربوونی رێژەی خوێندەواریو هۆشیاری لە کۆمەڵە جیاوازەکان دا، دەنگدەران هەوڵ دەدەن خۆیان بەجیا لەحزبەکان نیشان بدەن وتەنیا بە پشت بەستن بە بیروباوەڕی خۆیان لەهەڵبژاردن دا، بڕیاربدەن. هەڵبەت، ئاشکرایە تاکەکەس بیەوێ نەیەوێ دەکەوێتە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی حزبەکانو رێنوێنییەکانی رای گشتی لەلایەن ئەم حزبانەوە بە ئارامی دەکەوێتە کار.

هەندێ لە تۆژەران بۆ سەلماندنی تیوریەکانی خۆیان ونیشاندانی ئاستی ئەقڵانی بوونی بڕیاری دەنگدەران کەوتنە لێکۆڵینەوەی هەڵبژاردنی

سالآنی حوکمی **ئایزەنهاوەر** و گەیشتنە ئەوئەنجامە کە دەنگدەران زۆرتر بایەخ بە بیروباوەڕوتێزەکانی کاندیداکان دەدەن وبەکردەوە وابەستەیی حزبی کاریگەریی‌یەکی وای لەسەر بڕیارودەنگەکانیان نی‌یە. بەواتایەکی دیکە، دەنگدەران لە ناو بەرنامە راگەیەنراوەکان دا، ئەوەی کە دابین کەری بەرژەوەندی‌یەکانیانە هەڵدەبژێرن، ئەم هەڵبژادنە بە تەواوی لایەنگروحیساب کراوە. ئەم گرووپەی تۆژەرەکان رایانگەیاند کە دەنگدان بریارێکی تاکە کەسی‌یە و لەپێگەی کۆمەلآیەتی و هەست‌وسۆزو وابەستەیی حزبی دەنگدەران جیایە" چونکە لەراستیدا (بابەتەکانی رۆژ) کە لەلایەن کاندیدەکان لە کاتی هەڵبژاردن دا دەخرێنە روو، دەنگەکان دەست نیشان دەکەن.

لەدیدی ئەم لێکۆڵەرانەدا، وەرگۆڕانی دەرکەوتوو لەم کۆمەلآنەدا رەگی لە گۆڕانکاری‌یە کۆمەلآیەتی‌یەکانی ئەم سەردەمەدایە وبە پلەی‌یەکەم بەری هاتنە سەرکاری توێژێکی نوێیە کە پێشتر لە مافی دەنگدان بێ بەش بوون، لە مەیدانی هەڵبژاردن دا بزربوون. پەیدابوونی لاوان‌و ژنان‌و رەشەکان لە مەیدانی شەڕی هەڵبژاردن دا وەرگۆڕانێکی تازەی لە هەڵبژاردن‌و بەشداری سیاسی لەگەڵ خۆی‌دا هێنا. لەگەڵ هاتنی ئەم توێژە نوێیانە بۆ مەیدانە سیاسی‌یەکان، بابەتگەلی نوێی وەك کاروباری لاوان، خەبات لەدژی نەژادپەرستی‌و داکۆکی‌کردن لەمافەکانی ژنان کەوتنە ناو پروپاگندەکانی هەڵبژاردنەکانەوە.

گۆڕانێکی دیکە، دەرەنجامی گواستنەوە لەسەردەمی پیشەسازی بۆ سەردەمی پۆست–پیشەسازی‌یە لەگەڵ بەگشتی‌بوونی فێربوون‌و زۆرتربوونی رێژەی خوێندەواری، بەشداری سیاسی ئاراستەیەکی

هۆشیارانەی بەخۆوە گرتو هاوولاتیان بە بەرچاوروونی‌یەکی زۆرتر رایان بۆ بەرنامەی کاندیدەکان دا[٣٧]. دەنگدەر لەبازاڕی سیاسەت دا وەك بازاڕەکانی دیکەی ئابووری بەدوای دابێن کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی لە بالاترین پلە دایەو هەوڵ دەدا بە لێکدانەوەی بەرنامەی حزبەکانی دیکە، حزبێك هەڵبژێرێ کە بەرنامەکەی لەئاستی پاراستنو دابین کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی دابێ.

بەلەبەرچاوگرتنی کاڵ بوونەوەی رۆڵی ئایینو مەسەلەی ئایدیۆلۆژی لەکۆمەڵی رۆژئاوادا و کاڵ بوونەوەی بەرژەوەندی چینایەتی، لەگەڵ کۆمەڵی رۆژئاوا ئەم جۆرە دەنگدانە زۆرتر دەبێ[٣٨]. ئەمڕۆ رێژەیەکی بەرچاوی دەنگدەرانی فەرانسە وەك ئەمریکایی‌یەکان لەو باوەڕەدان کە ئیدی سەردەمی دەستەگەری چەپو راست بەسەرچووەو سەردەمی ئایدیۆلۆژی تێپەڕیوە[٣٩].

لە راپرسی‌یەکدا کە لەساڵی ١٩٩٤دا ئەنجام دراوە، ٥٧٪یان بیروڕایەکی وایان دەربڕیوەو ئەمەش لەبارێکدایە کە لەساڵی ١٩٨١ تەنیا ٣٣٪ رایان وابوو کە ئیدی‌سەردەمی ریزبەندی نێوان چەپ وراست بەسەرچووە.

(**ئالن لانسولت**)و(**فیلیپ هابرت**)، بەلەبەرچاوگرتنی گۆڕانکاری‌یەك کە لەهەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی فەرانسەدا بینیویانە، لەکتێبێکی هاوبەش دا نووسیویانە: ((دەنگدەری ئەمڕۆ لەبڕیاری هەڵبژاردنی‌دا هەتا دێ بەرەو سەربەخۆیی دەنگدان دەچێو ئەو بڕیارانەی لەسەر چەند ستراتیژی‌یەك بنیات نراون، دەربارەی چەندبەرنامەیەکن کە لەسەردەمی هەڵبژاردن دا دێنە گۆڕێ))[٤٠].

**ئولیویـــەئیل** جیـاوازی دیـدی ئـابووری–تـەوەرو ڕێبـازی میشـیگان بـەم شـێوەیە پوختـە دەکـا: مۆدێلی میشـیگان لـەو باوەڕەدایـە کـە دەنگـدەر بـۆ بڕیـاردان لـەخۆی دەپرسـێ ((پەیوەندی‌یـەکانی مـن، بـەرەو کـێم دەبـەن؟))، لەبارێکدا بەپێی دیدی ئابووری–تەوەر تاکەکەس بەڵگەی وا دەهێنێتـەوە: ((کامــە حــزب دەیــەوێ ئــەو بەرنامەیــە جێبــەجێ بکــا کــە زۆرتــرین داواکاری‌یەکانم وەدی دەهێنێ؟)).

دەنگـدان لـەم ڕووەوە، کارێکـە لەسـەر لێکدانـەوە ئەقڵانی‌یـەکان و بـەپێی سـوودو زیـانی شەخسـی بنیـات نـراوە، هـەروەك سـرنج دەدرێ، ئـەم دیـدە لەسـەر بیرکردنـەوەی تاکگـەرایی ڕۆنـراوە و بـۆ شـی‌کردنەوەی دیـاردەی سیاسی سوود لە تاکگەرایی هۆشیارانە وەردەگرێ.

(**کرامر**) یەکێك لەو کەسانە کە لەساڵی ١٩٧١ هـەوڵی‌دا بەسوود وەرگرتن لەو یاسایانەی بەسەر بازاڕدا فەرمانڕەوان، بەرژەوەندی شەخسی، ڕەفتاری دەنگدەران ڕوون بکاتەوە[٤١].

بەشـێوەیەکی گشـتی هــەموو شـی‌کردنەوەکانی ئـابووری–تـەوەر مـرۆڤ بـــەبوونێکی ئـــابووری[٤٢] دەزانن‌وسەرچـــاوەی ســـەرەکی ئـــەم جـــۆرە شی‌کردنەوانە، کتێبە بەناوبانگەکەی ( **ئەنتونی داونـز**)ە کە لەساڵی ١٩٥٧ لـەژێر نـاوی (**شی‌کردنەوەیەکی ئابووری تیوری دیموکراسی**) نووسـرا[٤٣]. لەدیـدی داونزدا دەنگدەر سیمای واقیعی مرۆڤێکی ئابووری‌یە. ئەو لـەو کتێبـەی‌دا ئیدیعا دەکا کەدەنگدەر کەسێکی ئەقڵانی‌یە، چونکە هـەوڵ دەدا کورتترین‌و هــەرزانترین ڕێگــا بــۆ دابــین کردنــی بەرژەوەندی‌یــەکانی هەڵبــژێرێ. ئــەو سـتراتیژی (**مــاکس ڤیبــەر**) لەمـەڕ حزبـە سیاسـی‌یەکان زینـدوو دەکاتـەوەو چونکە ئەو حزبە سیاسـی‌یەکان بەو (کۆمپانیا)یانـە ناودەبا کـە دەیانـەوێ

بەخستنەرووی شمەکە سرنج راکێشەکانیان زۆرترین کڕیار پەیدا بکەن، دەنگدەرانیش هەوڵ دەدەن حزبێك هەڵبژێرن کە بە بودجەیەکی کەمتر رێگای دابین کردنی بەرژەوەندییەکانیان بۆ خۆش بکا.

یەکێك لە گریمانەکانی تیوری داونز، بوارە جۆراوجۆرەکانی دەنگدەرە" لەبارێکدا دەنگدەر، حزبی A لە حزبی B و B لە حزبی C بەباشتر بزانێ، دەتوانرێ لە لێکدانەوەیەکی ئاقلانەدا پێشبینی بکرێ کە دەنگدەری ناوبراو بە مسۆگەری حزبی A لە C بەباشتر دەزانێ. چونکە دەنگدەر بەردەوام حزبێك هەڵدەبژێرێ کە زۆرترین سوودو قازانجی ئەو دابین بکا.

داونز بۆ روونکردنەوەی رەفتاری دەنگدەران، ئەم هاوکێشەیە پێشنیار دەکا:

$$E(uat + 1) - E(ubt + 1)$$

لەم هاوکێشەیەدا += کاتی هەڵبژاردن

t +1 = کاتی نێوان دوو هەڵبژاردن

A = حزبی فەرمانڕەوا

B = حزبی نارازیو کەمایەتی

Ua = قازانجێك کە لەسەرکەوتنی حزبی a بۆ دەنگدەر دەست دەکەوێ.

Ub = قازانجێك کە لە سەرکەوتنی حزبی b بۆ دەنگدەر دەست دەکەوێ.

ئەگەر بەراوردی Ua وUb ئیجابی بێ، دەنگدەر دەنگی خۆی بە حزبی زۆربە کە حوکمی بەدەستەوەیە دەداو لەبارێکدا بەراوردەکە سەلبی بێ، دەنگ بۆ حزبی نارازیو کەمینە دەداو ئەگەریش بەراوردەکە سفر بێ، بەشداری هەڵبژاردن ناکا.

تیوری داونز لەلایەن گەلێ تۆژەرەوە بایەخی پێدراو ئەوان هەوڵیان دا بە دەستکاریکردنی تیورییەکەی ئەو، رێو شوێنە ناوبراوەکان لە شیکردنەوەکانیان دا بەکاربهێنن[٤٤].

ئەم لێکدانەوانە گۆڕەپانی سیاسی بە بازاڕی ئابووری دەچوێنن و لەباتی ئەوەی دەنگەکان بە رەنگدانەوەی رای گشتی بزانن، بەملکەچی چەندایەتی ئەو قازانجە پێشکەشکراوانەی دەزانن کە لەلایەن حزب و کاندیداکانەوە دەخرێنەروو. یاسای بازاڕ (عەرز و تەڵەب) هەروەك بازاڕی ئابووری لەسەر بازاڕی سیاسەتیش دا فەرمانڕەوایە. دەنگدەران لەم بازاڕەدا بەدوای ئەو شمەکانەدا دەگەڕێن کە تا دەکرێ قازانجەکانیان دابین بکا. لەئەنجام دا، کاندیداکان و حزبەکان ئەو دەلالانەن کە هەوڵ دەدەن بە رەونەقترین کەلوپەل پێشکەشی کڕیارەکانیان بکەن و ئەوان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان راکێشن. (**ئەیو شمیل**) لەو باوەڕەدایە کە هاتنی کەلوپەلی نوێ بەناوی (**ئەکولۆژیك**) بۆ بازاڕی سیاسەت، جولانەوەیەکی تازە دەخاتە ناو بازاڕەکەوە. کڕیاری تازە رادەکێشێ و تارادەیەکی زۆر، ژمارەی ئەوانە کەم دەکاتەوە کە نایانەوێ بەشداری هەڵبژاردن بکەن[٤٥].

**پییر بۆردیۆ**[٤٦]، سۆسیۆلۆژیستی بەناوبانگی فەرانسەیی، بەقبوڵ کردنی پرەنسیپی ئابووری–تەوەر لەمەیدانی سیاسەت دا، پێناسەیەکی بەرفراوانتری بەرژەوەندی دەکاو دەیکاتە دووبەشی بەرژەوەندی (مادی)و (رەمزی). بۆردیۆ، لەو باوەڕەدایە کە (رای گشتی) بوونی نییەو ئەو راپرسییانەی ئەمڕۆ باون، خەڵکی بە هەڵەدا دەبەن، چونکە لەباتی ئەوەی رەنگدەرەوەی رای گشتی بن، گەلێجار خۆیان دەبنە هۆی خولقاندنی رای گشتی. لەگەڵ لەم راپرسییانەدا، تۆژەر پرسیار دەوروژێنێ و ئەو کەسەی

پرسیاری لێدەکرێ هەوڵ دەدا خۆی وانیشان بدا کە ئەویش بایەخی بەم مەسەلەیە داوەو لەخۆڕا وەرامێك ئامادە دەکا. کۆمەڵی وەرامەکان کە وەك رای گشتی لەقەڵەم دەدرێن، ئەو وەرامە خێرایانەن کە تاکەکان بەو پرسیارانەی دەدەنەوە کە پێشتر کەمتریان بیر لێ کردۆتەوەو دوای چاوپێکەوتنەکەش لەوانەیە ئەوەندە بیری لێنەکەنەوە.

لەدیدی ئابووری-تەوەردا، نوێنەر پێناسەیەکی نوێ دەدۆزێتەوەو بە پێچەوانەی رابردوو کە بەنوێنەری رای گشتی و ئیرادەی گشتی کۆمەڵیان دەزانی، شایستەیە ئەو بە براوەو سەرکەوتوو لە رکابەرییەکی سەختی بازاڕی بۆرسەی سیاسەت ناوی بنێن.

دەبێ نوێنەران بە نوێنەرانی رەوتی فیکری و سیاسی دابنرێن کە لە پێشانگای بازرگانی هەڵبژاردن دا هۆڵێکی ئاپۆڕەیان کردۆتەوەو بەسەر رکابەرەکانیان دا سەرکەوتوون. هەروەك چۆن کۆمپانیا بازرگانییەکان هەوڵ دەدەن بە بەرهەم هێنانی کەلوپەلی بە رەونەق و پروپاگندەیەکی زۆر، مەیلی بەکارهێنانی بەرهەمەکانیان لەناو کڕیارەکان بخولقێنن، حزبە سیاسییەکان و کاندیداکانیش تێدەکۆشن تازەترین و سرنج راکێشترین کەلوپەلی بەرهەمهێنراوی خۆیان پێشکەشی بازاڕی سیاسەت بکەن. دەنگدەران لەهەلێکی بەرتەسك دا خۆیان لەژێر بۆردوومانی پروپاگندەی کۆمپانیا سیاسییەکاندا دەبیننەوەو گەلێجار بەهۆی ئاڵۆزی یاسای گەمە، توانای گەمەیان نامێنێ و وایان پێباشترە بەنەچوون بۆسەر سندووقەکانی دەنگدان، خۆیان لە بازاڕێکی جەنجاڵ و پڕ لە ئاژاوە رزگار بکەن.

(**دانیال گاکسی**)، توێژەری فەرانسەیی کە خاوەنی بەرهەمێکی زۆرە لەبواری سۆسیۆلۆژیای سیاسی و بەتایبەتی هەڵبژاردن، لەکتێبێك دا بەناوی

((**بەرتەسك كردنەوە نهێنی یەكانی مافی دەنگدان**))، لەهەل و مەرجەكانی ئەمڕۆی هەڵبژاردن دواوە. ئەو لەو باوەڕەدایە كە ئەمڕۆش وەك رابردوو كە بۆ دەنگدان مەرجی وەك بڕێكی دیاركراو لەدارایی یان خوێندەواری پێویست بوو، مەرجی نهێنی بۆ هەڵبژاردن هەیە. ئەم مەرجانە بەزمانی فەرانسەیی بە (Cens) دەردەبڕدرێ و تا پێش بە گشتی بوونی مافی دەنگدان، لەفەرانسە باوبوو. لەدیدی گاكسی دا ئەمڕۆش لە كۆمەڵی رۆژئاوایی دا ئەو مەرج و بەرتەسك كردنەوانە دەبینین. لەخۆوە چەند بەرتەسك كردنەوەیەك بۆ دەنگدەران خولقاون و توێژێكی بەرچاو لە مافی دەنگدان بێ بەشن. ئەمڕۆش وەك رابردوو سیاسەت كاری ژمارەیەكی تایبەتە كە پسپۆڕی و زانیاری پێویستیان هەیە و بەزەحمەت دەتوانرێ قسە لەگشتی بوونی مافی دەنگدان بكرێ.

بۆئەوەی مامەڵە لە بازاڕی ئابووری دا بڕەوی هەبێ، پێویستە كۆمپانیا بازرگانی یەكان خاوەنی كەل و پەل، سەرمایە و هێزی پێویست بن و لەلایەكی دیكەوە كڕیارەكانیش دەبێ توانای كڕین و هەڵبژاردنیان هەبێ تا ركابەری ئابووری وەدی بێ. ئەوانەی شی كردنەوەی ئابووری-تەوەر پێشكەش دەكەن، هەوڵ دەدەن[٤٧] بەسوود وەرگرتن لەواتای ئابووری زاڵ بەسەر بازاڕدا، هەڵبژاردن شی بكەنەوە. لەم دیدەوە، حزبە سیاسی یەكانیش، هێزی وەك لایەنگرو ئەندام و كۆمەڵەی وابەستە بەخۆیان هەیە. سەرمایەی سەرەكی حزب بریتی یە لە سیمای مێژوویی، پێشینە و رۆڵێك كە دەتوانن لەمەیدانی سیاسەت دا بۆ خولقاندنی وەرگۆڕانێك بیگێڕن، سامانی ئابووری و... لەگەڵ ئەمەش دا، متمانەی دەنگدەران و وێنەیەك كە رای گشتی لەمەڕ حزبە سیاسییەكان دەیدا، سەرمایە سەرەكی یەكەیان پێك

دەهێنێ. تێزو بەرنامەکانی حزبەکان ئەو کەل‌و پەلانەن کە لەلایەن ئەم کۆمپانیانەوە پێشکەش بە بازاڕی سیاسەت دەکرێن.

لەلایەکی دیکەوە، دەنگدەریش بە لەبەرچاوگرتنی فراوان بوونی مافی دەنگدان، وەك کڕیارێکە کە توانای هەڵبژاردنی هەیە. هەروەك ( **ئالکوت پارسونز**) دەڵێ، دەنگدەر نە تەنها خاوەنی هێزی کڕینە، بەڵکو دەتوانێ لەکاتی پەشیمان بوونەوە و هەست بە زولم کردن، مامەڵەکە هەڵبوەشێنێتەوە. چونکە لەبارێکدا کە دەنگدەر نوێنەری داواکراوی خۆی پەیدا نەکا، لە خولی ئایندەدا واز لە دەنگدان بۆ ئەوان دەهێنێ[٤٨]. ئەوەی لەم تیوری‌یانەدا کەمتر لەبەرچاو گیراوە، ڕۆڵی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژی‌یە لە بڕیاری سیاسی تاکەکان.

بۆ ریفۆرمی تیوری‌یەکانی ئابووری–تەوەر، تیوریسیۆنانی وەك (بۆردیۆ) هەوڵیان داوە بە سوود وەرگرتن لە زاراوەی وەك بەرژەوەندی ڕەمزی، بەجۆرێك ڕۆڵی کولتور و ئایدیۆلۆژیش لە شی‌کردنەوەکانیاندا نیشان بدەن، بەڵام ئەم دیدە لەسەر بنچینەی ڕەت کردنەوەی بیروڕای تاکەکەس و ئایدیۆلۆژی دەنگدەران بنیات نراوە. لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە باڵە سیاسی‌یەکان ڕێژەیەکی زۆربەرزی لایەنگر و دەنگدەرانی خۆیان بۆ ماوەیەکی زۆر دەپارێزن و گۆڕینی مەیلی سیاسی تاکەکان زۆر بە هێواشی بەڕێوە دەچێ، لەبارێکدا حزبە سیاسی‌یەکان دوای گەیشتن بە دەستەڵات، کەمتر گفتەکانی کاتی هەڵبژاردن جێبەجێ دەکەن. لە ئەنجام دا، ناتوانرێ ڕەفتاری لایەنگرانی حزبەکان بە ئەقڵانی‌یەکی ڕەها بە مانا ئابووری‌یەکەی لەبەرچاو بگیرێ. گەلێ لە سۆسیالیستەکان بێ گوێ دانە جیاوازی لەسەر بابەتە سیاسی و ئابووری‌یەکان، لە رووی دیدوبۆچوون و

بیروباوەڕیشەوە لەگەڵ باڵی راستدا ناکۆکن و کەمتر ڕێدەکەوێ سۆسیالیستێکی بەبیروباوەڕ بۆ وەدی هێنانی داخوازیەکانی، دەنگ بۆ باڵی راست بدا. ئایدیۆلۆژیا ئەگەرچی رۆژبەڕۆژ بایەخی کەم دەبێتەوە، بەڵام هێشتا زۆرجار دەتوانێ رۆشن کەرەوەی رەفتاری دەنگدەران بێ.

نزیکەی سی ساڵ پێش ئێستا، (**ستین روکان**)، لێکۆڵەری بەناوبانگی نەرویجی تیوری سڕبوونی جیاوازی و درزەکانی خستە روو. ئەو، لەو باوەڕەدابوو کە درزە بنچینەییەکان دوای دەرکەوتنیان لەناو کۆمەڵدا، رووەو سڕبوون دەچن و ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە. لە هەردوو دیوی ئەم درزانەدا، ئەو کەسانە هەن کە بە کەمترین بیانو ئامادەن ئۆردووی سیاسی و ئابووریی خۆیان بەجێ بهێڵن و وەك بازاڕی ئابووری بەئاسانی لە کۆمپانیایەکەوە بچنە کۆمپانیایەکی دیکە.

لە بنچینەدا، چوواندنی حزبە سیاسییەکان بە کۆمپانیای بازرگانی، هەرچەندە لە چەند رووێکەوە لەوانەیە لەجێگای خۆیدا بێ، بەکردەوە رووبەڕووی چەندان گیروگرفت دەبێتەوە. وەك نمونە دەتوانرێ بگوترێ کڕیارانی کۆمپانیایەك کەمتر وابەستەیی فیکری و بیروباوەڕ بۆ ئەو کۆمپانیایە پەیدا دەکەن و بە ئاسانی دەتوانن واز لەو کۆمپانیایە بهێنن و ببنە کڕیاری کۆمپانیایەکی دیکە کە کەلوپەلی باشتر پێشکەش بکا. لە بارێکدا لایەنگرانی حزبێك یان لایەنێکی سیاسی بە زەحمەت دەتوانن واز لە حزبەکەی خۆیان بهێنن و بچنە ناو حزبێکی دیکەوە. ئەم دیدە، لەگەڵ چەند خاڵێکی لاواز، لە هەمان کاتدا دەتوانێ تۆژەر بۆ توانای دیکە بۆ شیکردنەوەی رەفتاری هەڵبژاردن راکێشێ. ئەم شیکردنەوەیە دەتوانێ دەربڕی واقیعیەتی بەشێك لە کۆمەڵی رۆژاوابێ و روونکەرەوەی دەنگی ئەو

کەسانەبێ کە لە رووی بیروباوەڕەوە خۆیان وابەستەی هیچ باڵێکی سیاسی نازانن و جگە لە دابین کردنی بەرژەوەندییەکانیان لە قەڵەمڕەوی سیاسەت دا، بیر لە شتێکی دیکە ناکەنەوە. دەبێ دانی پێدا بنێین کە لێکۆڵینەوەکان دەرخەری ئەم واقیعەن کە ژمارەی ئەم جۆرە دەنگدەرانە لە کۆمەڵی رۆژاوادا، زۆر رووله زۆرییە.

## پوختەی نمونەکان

(**نونا مایەر**) و (**پاسکال پرینو**) نمونەیەکیان بۆ روونکردنەوەی رەفتاری دەنگدەران پێشنیار کردووە کە بەباشی لەنێوان گرنگترین نمونە بەرچاوخراوەکاندا، کۆبەندی کردووە. ئەم نوسەرانە لەو باوەڕەدان کە لەنێوان ئەو شیکردنەوانەی پشت بە مرۆڤی ئەقلانی دەبەستن لەگەڵ ئەو شیکردنەوانەی پشت بە سۆسیۆلۆژیا دەبەستن، هیچ جۆرە ناکۆکییەك نییە، بەڵکو تەواوکەری یەکترن و هەر یەکەیان بەشێك لە واقیعیەت دەدەبڕن. لەدیدی ئەم دوو لێکۆڵەرەدا، دەنگدەر نە زیندانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و دەوروبەری خۆیەتی و نە ئەوەشە بە هەر هۆیەك بێ دەنگ بدا. دەنگی هەر کەسێك لە ئەنجامی پرۆسەیەکی تایبەتیدا دەخوڵقێ کە پێداویستییەکانی سەردەم و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و دەوروبەر بەشێك لەو پرۆسەیەن. ئەم دوو نووسەرە دەیانەوێ بڵێن: پرۆسەی (بەکۆمەڵایەتی بوونی سیاسی) تایبەت نییە بە سەردەمی منداڵی مرۆڤ، بەڵکو پرۆسەیەکە بەردەوام لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی ژیان دا دەست پێدەکاتەوە. هەر کەسێك لە کۆمەڵدا، سەربە گروپێکی سیاسی و کولتوری جیاوازە.

کۆمەڵێك کاریگەری و کاریگەربوونی پەیوەست بە پەیوەندی‌یەکانی تاکەکەس لەگەڵ گروپە جۆراوجۆرەکان، مەیلی سیاسی دەنگدەر دروست دەکەن. بێ لەبەرچاو گرتنی ئەو بەرنامانەی لەلایەن کاندیداکانەوە راگەیەنراون و بێ گوێدانە تایبەتمەندی‌یەکانی دەوروبەر، کرێکارەکان بەگشتی لەچاو چینە دەوڵەمەندەکان خاوەنی بیروباوەڕی توندتر و پێشکەوتنخوازترن و کاسولیکە ئیماندارەکان لەچاو عیلمانی و نا ئایینی‌یەکان، خۆپارێزترن.

لەبەر ئەوە، هەرکەسێك بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و پێگەی کۆمەلایەتی خۆی زەمینەیەکی گونجاوی بۆ دەنگدان بە باڵێکی تایبەتی هەیە، وەك نمونە، کەسێك کە سەربە چینە دەوڵەمەندەکان و لە کاسولیکە ئیماندارەکانە، زەمینەیەکی زۆر لەباری هەیە تا دەنگ بە کاندیداکانی باڵی راست بدا.

لەگەڵ هەندێش، مەیلە زاڵەکەی، هەر کاتێك لە هەڵبژاردندا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی زاڵ بەسەر هەڵبژاردندا، ئەنجام دەدرێ. کەسێك کە لەبەر تیشکی هەلومەرجی تایبەتی سیاسی و کۆمەلایەتی‌دا، پێش هەڵبژاردن ئامادەیە دەنگ بۆ مەیلێکی تایبەتی بدا، بە لەبەرچاوگرتنی توانا و بەهرەی کاندیداکان و هەروەها لەبەرچاوگرتنی بابەتە پێشکەش کراوەکانیان بڕیار دەدا بەشداری هەڵبژاردن بکا یان نا، ئەگەر بەشداری بکا دەنگ بۆ کامە حزب بدا. بەم شێوەیە بڕیاری دەنگدەر لە پرۆسەیەکی تایبەتی‌دا پێ دەگا کە هەلومەرجی کۆمەلایەتی-کولتوری و دەوروبەر لەلایەك و لێکدانەوەی ئەقلانی پەیوەست بە هەڵبژاردن لەلایەکی دیکەوە، بە بەشەکانی ئەم پرۆسەیە لەقەڵەم دەدرێن[٤٩].

# پراکتیك کردنی
# تیوری‌یەکانی شیکردنەوەی
# هەڵسوکەوتی دەنگدەران: (بەریتانیا)

-٢-

بۆئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەر تەنیا دەرخستنی تیوری نەبێ، جێگای خۆیەتی ئەم تیورییانە بە دەرکەوتە واقیعی‌یەکان تاقی‌بکەینەوە.

**کاریگەری باری کۆمەلایەتی دەنگدەران لەسەر رەفتاریان لە هەڵبژاردن دا**

راپرسی‌یە جۆراوجۆرەکان نیشانی دەدەن کە دەنگی ئینگلیزەکان لەساڵی١٩٢٠ تا ١٩٧٠ بەتووندی کەوتبووە ژێر کاریگەری باری کۆمەلایەتی و چینایەتی‌یەوە. لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە رێژەیەکی بەرزی چینە ناوەڕاستەکان بەزۆری دەنگ بە موحافەزەکاران دەدەن، لەبارێکدا توێژی کرێکاران زۆرتر مەیلی بەلای حزبی کرێکاراندایە. **پیتەر پولزەر**، باری کۆمەلایەتی و چینایەتی دەنگدەرانی بەگرنگترین هۆکاری چارەنووسسازی دەنگی ئینگلیزەکان زانیوەو لەکاریگەری هۆکارەکانی دیکە کەم دەکاتەوە. لەدیدی ئەودا، پێشبینی رای ئینگلیزێك هەر ئەوەندە بەسە بزانین پێگەی چینایەتی چی‌یەو پەیوەندی بە چ چینێکی کۆمەلایەتی‌یەوە هەیە.

گرفتی سەرەکی کە بێ‌دەنگ دەخرێتەروو، پەیوەست بەو کرێکارانەیە کە دەنگ بە موحافەزەکاران دەدەن. بەواتایەکی‌دیکە، دەنگدەران کە پێیان دەگوترێ (Tory Woter) دەبنەهۆی دوودڵی لەم تیورییەدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە دوو لەسێی دەنگدەرانی ئینگلیزی کرێکارن، شتێکی سروشتی‌یە ئەگەر هەموو کرێکاران دەنگیان بە حزبی کرێکاران

دابا، حزبی موحافەزەکار هەرگیز شانسی گەیشتنە دەستەڵاتی نەدەبوو. لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە نزیکەی نیوەی کرێکارانیئینگلیز دەنگ بەحزبی موحافەزەکار دەدەن. ئەوەی مایەی سەرسووڕمانی تۆژەرانە، ئەمەیە" کرێکارانی موحافەزەکار لەچاو کرێکارانی دیکە، بەزۆری دەرامەتێکی کەمیان هەیەو ئاستی ژیانیان زۆر لەخوارەوەیە. تۆژەران دەڵێن: کرێکارانی موحافەزەکار گەرچی لەرووی ئابووری‌یەوە لەئاستێکی خوارەوەدا دەژین، بەڵام لەرووی ورەو باری دەروونی‌یەوە لەژیانی خۆیان رازین‌و لەباری ئیش‌وکارو کۆمەڵایەتی خۆیان رازین. کرێکارانی موحافەزەکار لەچاو هاوتا چەپەکانیان، لەبارودۆخی ژیان زۆر رازی‌ترن. لەبەرهەندێ، لێرەدا لەوانەیە بەسوودوەرگرتن لەپێوەری (زەینی)، دەنگی کرێکارانی موحافەزەکار روون بکرێتەوە. بەزۆری ئەم کرێکارانە لەکۆمپانیاو کارگەو پیشەسازی گەورەدا کاردەکەن‌و کەمتر لەپیشەسازی گچکەدا کاردەکەن.

**بالتەرو ستوکز**، لەو کتێبەی کە بەناوی (**گۆڕانکارییە سیاسییەکانی بەریتانیا**) نووسیویانە، لە هۆی دەنگدانی کرێکاران بۆ حزبی موحافەزەکاریان کۆڵیوەتەوەو ئەوەیان بەجۆرە دەنگێکی رێز-ئامێز ناوبردووە. ئەم کۆمەڵەیەی کرێکاران پێیان خۆشە کەسانێك حوکم بگێڕن کە لە منداڵی‌یەوە لە فەزایەکی سیاسی‌و لەناو چینی پیاوماقوڵان‌و هەڵبژاردەو لەناو کۆشکەکاندا گەورە بووبن. لەدیدی ئەمانەدا، کرێکاران با خوێندنێکی بەرزیشیان تەواو کردبێ، بەهۆی ئەوبارە کۆمەڵایەتی‌یەی تیایدا ژیاون، ناتوانن فەرمانڕەوای گونجاوبن. **بالتەرو ستوکز** نیشانیان داوە کە لەگەڵ رۆژگاردا، رێژەی کرێکارانی موحافەزەکار کەم بۆتەوە.

وكرێكاران كەم كەم روویان كردۆتە حزبی كرێكاران. لەسەرودەری ساڵی ١٩١٨و سەرەتای پەیدابوونی حزبی كرێكاران، نزیكەی ٥٣٪ی كرێكاران موحافەزەكار بوون. ئەم ژمارەیە، لەسالآنی نێوان دووشەڕدا بۆ ٤١٪ كەم بۆوەو لەساڵی ١٩٤٧ كە حزبی كرێكاران دەستەڵاتی بەدەستەوە گرت، رێژەی كرێكارانی موحافەزەكار دابەزی بۆ٢٧٪[50].

لەگەڵ گەیشتنی **مارگرێت تاچەر** بۆ دەستەڵات، جارێكیدیكە مەیلی كرێكاران بۆ حزبی موحافەزەكار زیادیكردو تاچەر توانی كرێكارێكی زۆر بۆ لای حزبەكەی راكێشێ. لەپاساودانی ئەم كارە، لەوانەیە بتوانرێ بگوترێ ئەم تۆژەرانە هەوڵ دەدەن پەیوەندییەكی هۆوئەنجام لەنێوان دەنگو چینە كۆمەلآیەتییەكان بەرقەراربكەنو داخوازیو مەیلو ئارەزووە شەخسییەكان لەبەرچاوناگرن. كرێكارانی لاو بەپێچەوانەی باوكانیان كە لە دەستەڵاتی سەندیكاكان بێزارن، پێشوازی لەئازادی كاركردن لە چالاكی ئابووری دەكەنو تایبەتكردن بە هۆكارێك لەرێگای پێشكەوتنی ئابووریو جوولان لە ئابووری وڵات دەزانن. ئەم كەسانە، هەندێ لە سیاسەتەكانی موحافەزەكاران، وەك كەم كردنەوەی كۆچو تایبەتیكردن، سیاسەتی دابین كردنی ئاسایشی وڵات بەحەزی خۆیان دەزاننو هەرچەندە لەهەموو سیاسەتەكانی باڵی راستیش رازی نین، موحافەزەكاران بۆ دەستەڵات هەڵدەبژێرن. لەساڵی ١٩٧٩دا تاچەر بە پشتیوانییەكی بەرچاوی كرێكاران توانی بگاتە دەستەڵاتو بۆ ماوەی چەندان ساڵ لەسەر كورسی حوكم بمێنێتەوە.

لەبەرانبەردا، حزبی كرێكارانیش توانی سیمایەكی تازە نیشان بداو لەو ساڵەدا هەوڵێكی زۆربدا تا دەنگدەرانی موحافەزەكار لە چینەكانی دیكە،

بەرەو لای خۆی راکێشێ و لەم سیاسەتەدا تاراددەیەکی زۆر سەرکەوت. حزبی کرێکاران توانی بە پرۆپاگندە و راگەیاندنی بەرنامەی تازە، توێژێکی بەرچاوی چینە ناوەندی‌یەکان بەرەو لای خۆی راکێشێ، بە شێوەیەك کە ئێستا گەلێ لە ئەندامانی کۆمیتەکانی هەڵبژاردنی حزب، لە چینی ناوەڕاستن. پوختەی قسە ئەوەیە لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان ئەو واقیعە دەردەبڕن کە دەنگی چینەکان رۆژبەرۆژ کەم بایەختر دەبن[٥١] و حزبە سیاسییەکانی بەریتانیا لە دوا دەیەدا پێگەی چینایەتی خۆیان زیاتر لەدەست داوە. رێژەیەکی بەرزی موحافەزەکارانی کرێکار و بۆرژوازی‌یەکانی لایەنگری حزبی کرێکاران، شایەدی کاڵ بوونەوەی دەنگی چینایەتی لەم وڵاتەن. ئامار نیشانی دەدا لەساڵی ١٩٨٣ تەنیا ٤٩٪ی دەنگدەران بەهۆی ئیلتزامی چینایەتی دەنگیان بۆ حزبێکی تایبەتی داوە و ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی چینە نوێکان کرێکار و چینەکانی ناوەڕاست، لە بنچینەوە هەر جۆرە وابەستەیی‌یەکی خۆیان بە حزبێکی تایبەتی رەت دەکەنەوە و خۆیان بە مولتەزیمی هیچ حزبێك نازانن[٥٢]. لەبەرئەوە، دەتوانرێ ئەوە هەڵێنجرێ کە باری کۆمەلایەتی و چینایەتی کەسەکان لە شێوەی هەڵبژاردنیان، بێ کاریگەر نی‌یە، بەڵام لەگەڵ رۆژگاردا بایەخی ئەم رەگەزە کەم دەبێتەوە. ئەمڕۆ، بەشێوەیەکی گشتی، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی زانست و هۆشیاری خەڵك و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو رۆڵەی هۆیەکانی راگەیاندن لە کۆمەڵ دا دەیگێڕن، دەنگدان پێش ئەوەی کارێکی بە کۆمەڵ و چینایەتی بێ، بەرەو تاکگەرایی دەچێ و دەبێتە هەڵبژاردنێکی شەخسی. کەسەکان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بابەتانەی کە کاندیداکان دەیخەنەروو، بە لێکدانەوەی بەرژەوەندییەکانیان هەوڵ دەدەن

لـــەناو کاندیـــداکان و حزبـــەکان، ئـــەوە هەڵبـــژێرن کـــە زۆرتـــر لەگـــەڵ بەرژەوەندییـەکان دا دەگونجـێ. لەبەرهەنـدێ ئـەمڕۆ، ئیلتیزامـی حزبـی و دەمارگرژی بۆ حزبە تایبەتی‌یەکان، تارادده‌یەکی زۆر کاڵ بۆتـەوە و حزبـە سیاســییەکان رۆژبـــەرۆژ وەفـــادارە دڵســـۆزەکانی خۆیـــان دەدۆڕێـــنن. هەڵبـژاردنی سـاڵی ١٩٩٢ی بـەریتانیا شـایەدی ئـەم ئیدیعایەیـە. هاتنـە سەرکاری **جۆن مێجـەر** و لاچوونی **تاچـەر**، گەلێ کەس بە بەڵگەی لاوازی و کاڵ بوونەوەی دەنگی چینایەتی دەزانن. ئەگەرچی ئەمڕۆ چینی کرێکار لـە کۆمــەڵی بــەریتانیادا بایــەخی رابــردووی نی‌یــە، بــەڵام هێشــتا ٥٩٪ ی دانیشتوانی دەنگدەر، پێك دێنن.

لەگەڵ ئەوەش، هێشتا لێکۆڵەرو تۆژەرەکان دەربارەی دەنگی چینایەتی لە بەریتانیا دەدوێن‌و ئامارو ژمارەو ئەنجامی هەڵبژاردن، پشتگیری ئەم گریمانەیە دەکەن. لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە لە بەریتانیادا لەنێوان پێگـــەی باشـــی ئـــابووری‌و کۆمەڵایـــەتی‌و مـــەیل بـــۆ موحافـــەزەکاران پەیوەندی‌یـەکی راسـتەوخۆ هەیـەو هەرچـەندە بـەرەو پەیـژەی پێگـەی کۆمەڵایەتی سەردەکەوین، دەنگدەرێکی زۆرتر بە موحافەزەکاران دەبینین" بەپێچەوانەوە، لەناو چینە کۆمەڵایەتی‌یەکانی خوارەوەدا، رێژەی دەنگ بۆ حزبی کرێکاران گەلێ لەئاستی دەنگدەر بۆ حزبی موحافەزەکار زۆرترە.

راپرسـی‌یەکان نیشـانی دەدەن کرێکـارانی ئاسـایی کـە لـە سـکوتلەنداو بـاکووری بـەریتانیادا نیشـتەجێن، مـەیلێکی زۆریـان بـۆ حزبـی کرێکـاران هەیـە. زۆربـەی کرێکـاران ئەنـدامی سـەندیکاکانن‌و لەپـەراوێزی شـارەکان دەژیـــن. لەبەرانبـــەردا، ئـــەو کرێکـــارە لاوانـــەی تـــازە هاتوونەتـــە نـــاو کرێکارانـەوەو ئەنـدامی سـەندیکاکان نـین، مـەیلێکی کـەمتریان بـۆ حزبـی

کرێکاران هەیە. کرێکارانی باکوور بەزۆری لە ئەپارتمانی کرێ دادەنیشن و هەندێ لەو باوەڕەدان کە ئەم دیاردەیە کاریگەری لەسەر چۆنیەتی دەنگدانی ئەوان هەیە، چونکە ئەم شێوەژیانە بۆتەهۆی دروست بوونی گیانی بەکۆمەڵ و هاوکاری چینایەتی لەناو دانیشتوانی ئەم ئەپارتمانانە. بەڵام لەبەرئەوەی پیشەسازی کۆنی باکووری بەریتانیا کەم کەم بەرەو نەمان دەچێ و ڕێژەیەکی بەرزی کرێکاران دەبنە خاوەنی خانووی خۆیان (٥٧٪)و سەربار، لەگەڵ ئەو تەنگژەیەی سەندیکاکان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، دەتوانرێ چاوەڕوان بکرێ کەدەنگی چینایەتی، ڕۆژبەڕۆژ بایەخی خۆی لەدەست بدا.

لەبەرهەندێ، جگە لە وابەستەیی چینایەتی، هۆکاری دیکەش لەدیارکردنی دەنگی کەسەکان کاریگەرییان هەیەو ناتوانرێ بگوترێ باری کارو چینایەتی بەزۆرەملێ دیارخەری باڵی سیاسی تاکەکانە لە هەڵبژاردن دا. لەمەڕ بەریتانیا سرنج دەدرێ کە وابەستەیی بە چینی کرێکار گەرچی دەتوانێ کاریگەرییەکی بەسەر هەڵوێستی سیاسی تاکەکانەوە هەبێ، بەڵام تەنیا هۆکاری ڕوونکەرەوەی دەنگی دەنگدەرانی ئینگلیزی نی‌یە.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارە گرنگانەی لەدیدی هەندێ لێکۆڵەردا، دەتوانێ ڕوونکەرەوەی دەنگی دەنگدەران بێ، ڕەگەزە. لێرەدا لەکاریگەرییە گشتی‌یەکەی ئەم دیاردەیە لەسەر ئینگلیزەکان دەکۆڵینەوە.

**کاریگەری هۆکاری ڕەگەز لەسەر جۆری هەڵبژاردنی دەنگدەرانی بەریتانی**

بەپێی شی‌کردنەوەی سۆسیۆلۆژییانە، ڕەگەز یەکێك لەو هۆکارانەیە کە کار لەبڕیاری دەنگدەران ناکا. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێ بگوترێ ڕۆلی

رەگەز لەرەفتاری دەنگدەران کەمتر لێکۆڵەرێك بەتەواوی رەتیکردۆتەوە“ قسە لە چەندایەتی ئەم کاریگەرییەیە.

تۆژەرە جۆراوجۆرەکان هەوڵیان داوە بە راپرسیو لێکۆڵینەوە لە کاریگەری رەگەز لەسەر مەیلە سیاسییەکانی دەنگدەران بکۆڵنەوە. لەبەریتانیا ژنان لەساڵی ١٩٢٨وە مافی دەنگدانیان وەرگرتووەو هێواش هێواش بەشێکی بەرچاویان لە دەنگدەرانی وڵاتیان پێك هێناوە. ئەمڕۆ ٥٢,٧٪ی کۆی دەنگدەرانی بەریتانیا ژنن.

لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە لە بەریتانیا تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ رێژەیەکی کەمی ژنان لە هەڵبژاردنەکان دا بەشدارییان کردووەو لەناو ژنانێ کە دەنگیان داوە، رێژەیەکی بەرچاو دەنگیان بە موحافەزەکارەکان داوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو لێکۆڵینەوانە، نیشانی دەدەن کە چواریەکی ژنانی دەنگدەر تا ساڵی ١٩٧٠ سەربەخۆ دەنگیان نەداوەو بەزۆری لەهەڵبژاردن دا چاویان لەمێرد یان باوکیان کردووە. کەم کەم لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری ژنان، گیروگرفتەکانیان زۆرتربووە، وبێجگە لەوە، ژنان لەدەنگدان دا سەربەخۆییەکی زۆرتریان پەیداکرد. بەڵام هەموو راپرسیو لێکۆڵینەوەکان ئەو واقیعە دەردەبڕن کە ژنان زۆرتر مەیلیان بەلای باڵی راستو موحافەزەکار دایە. مەیل بۆ حزبی موحافەزەکارو باڵی راست لەتەمەنی زۆردا، گەلێ لەتەمەنی کەم، زیاترە. هەندێ لەتۆژەران هەوڵیان داوە بەڵگەی موحافەزەکاریی ژنان روون بکەنەوە. لەکۆی تیوری ئەم لێکۆڵەرانەدا، دەتوانرێ سێ بەڵگە بۆ روونکردنەوەی ئەم دیاردەیە باس بکرێن[٥٣]:

١-بە لەبەرچاوگرتنی ناوکۆی بالآی تەمەنی ژنان لەچاو پیاوان، ڕێژەی ژنانی بەتەمەن، لەپیاوان زۆرترە. لەئەنجام دا، ژنان بەهۆی زۆری تەمەنیان، نەك بەهۆی ڕەگەز، دەنگ بۆ باڵی ڕاست دەدەن. شایانی گوتنە کە لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر ئەوە دەردەبڕن کە لەنێوان بەساڵاچوون و دەنگدان بە باڵی ڕاست، پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆ هەیە.
٢-لەبەرئەوەی ژنان زۆرتر بەئیش‌وکاری ماڵەوە خەریکن و کەمتر ئەندامی سەندیکاکانی کرێکارانن، کەمتر بەلای بیری شۆڕشگێڕی و توونددا دەچن و مەیلی ئایینی ژنان لەچاو پیاوان، توونددترە و باڵی ڕاست بەزۆری لایەنگری ئایین و بەها ئایینی‌یەکانە و لەئەنجامیشدا ژنان نە بەبەڵگەی ڕەگەز، بەڵکو بەهۆی مەیلی ئایینی دەنگ بۆ باڵی ڕاست دەدەن.
٣-ئەو لێکۆڵینەوانەی لەدوا دەیەدا ئەنجام دراون، نیشانی دەدەن کە بە لەبەرچاوگرتنی باشتربوونی باری کۆمەلآیەتی‌ی ژنان، جیاوازی نێوان ڕەفتاری پیاو و ژن لەهەڵبژاردن دا، بەتووندی بەرەو کەم بوونەوەیە. بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و خەریك بوونی ڕێژەیەکی زۆری ژنان بەئیش‌وکار، بۆتەهۆی ئەوەی ژن وەك هۆکارێکی کۆمەلآیەتی و کەمتر وەك (ژن) لەهەڵبژاردن دا دەردەکەوێ. ئامارو ژمارەکانی هەڵبژاردن لە وڵاتی بەریتانیا ئەو واقیعە دەردەبڕێ کە ڕێژەیەکی کەمی ژنان لەهەڵبژاردن دا لەژێر کاریگەری ڕەگەزی خۆی‌دایە. بۆ نموونە، لەساڵی ١٩٨٣ کەمتر لە ٤٣٪ی ژنان دەنگیان بە **مارگرێت تاچەر** داوە و ڕێژەی دەنگی ئەو پیاوانەی دەنگیان بە تاچەر داوە، ٣٪ی لەدەنگی ژنان زیاتر بوو. تۆژەرەکان نیشانیان داوە کە لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧دا مەیلی پیاوان (لاوەکان) بۆ حزبی موحافەزەکار لە بەریتانیا لەژنان زیاتر بووە. بەشێوەیەکی گشتی لە

هەڵبژاردنی ساڵانی ١٩٨٣،١٩٧٩و ١٩٨٧ کە تاچەر سەرکەوت، پەیوەندی ڕەگەز و هەڵبژاردن زۆر لاوازبوو.

مەیلی ژنانی ئینگلیزی بۆ حزبی کرێکاران دەتوانێ چەند بەڵگەیەکی جۆراوجۆری هەبێ کە گرنگترینیان بریتییە لە مەیلی تایبەتی ئەم حزبە بۆ کاروباری ژنان‌و تەئکیدکردن لەو دروشمانەی کە ژنان زۆریان دڵی پێ خۆشە.

موحافەزەکاران لەم ساڵانەدا دروشمە سەرەکییەکانی ژنانیان پشت گوێ خست و مەسەلەی وەك خوێندن، تەندروستی، بیمەی کۆمەڵایەتی‌و شتی لەم جۆرە بەشێکی سەرەکی دروشمەکانی حزبی کرێکاران بوو، و لە دروشمەکانی پروپاگندەی موحافەزەکاران کەمتر دەبینران. بەواتایەکی دیکە، باڵی چەپ لە بەریتانیا بەهۆشیارییەکی زۆرتر لەمەڕ داخوازی‌و هیواو ئاواتی ژنان توانیبووی بەخستنەرووی دروشم‌و بەرنامەی دڵخوازی ئەوان، ڕێژەیەکی باڵای دەنگی ژنان بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ.

بێ‌مەیلی ژنان بە **مارگرێت تاچەر**، تارادەیەکی زۆر دەتوانرێ بەپەیوەندی بە بەرنامەو دروشمەکانی پروپاگندەی هەڵبژاردنی ئەو، لێك بدرێتەوە. تەئکیدە زۆرەکەی تاچەر لەسەر مەسەلەگەلی وەك چەکی ئەتۆمی، سوود وەرگرتن لەهێز لە پەیوەندی پۆلیس‌و شتی لەم جۆرە کە لەسەرووی بەرنامەکانی دابوون، کەمتر بەدڵی ژنان بوون.

### کاریگەری تەمەن لەسەر ڕەفتاری هەڵبژاردن

لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ڕەفتاری دەنگدەران تا ڕاددەیەکی زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری تەمەنیانەوە. ئەم خاڵە کەمتر لەلایەن

لێكۆڵەرانــەوە رەت كراوەتــەوەو زۆربــەی ئامــارو ژمارەكــان، پشــتگیری لەبوونی ئەم پەیوەندییە دەكەن.

تەماشـاكردنێكی ئامـارو ژمـارەی هەڵبژاردنـەكان لـە بـەریتانیا دەربـڕی ئەمەن كە بەدرێـژایی چەندان ساڵ، رێژەیـەكی زۆری دەنگدەران، باڵاتر لـە ٤٥ تـا (٥٠) پـەنجا سـاڵ، مـەیلێكی زۆرتریـان بـۆ بـاڵی راسـتو حزبـی موحافەزەكار نیشان داوە. وەك نموونە: لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ زیاتر لە ٤٩٪ی دەنگدەرانی تەمەن ٤٥تا ٦٤ سـاڵ دەنگیـان بۆ حزبی موحافـەزەكار داوە.

## كاریگەری خێزان لەسەر رەفتاری دەنگدەران

لەناو ئەو هۆكارە جۆراوجۆرانەی باسیان لێوەكرا، بنەماڵەو خێزان یەكێك لـەگرنگترین دەرخـەری روونكردنـەوەی دەنگەكانـە. **بالتــەر**[٥٤] و **ســتوكز** لـە لێكۆڵینـەوە و شیكردنەوەی رەفتـاری دەنگـدەرانی ئینگلیـزی سـەلماندیان كـەخێزان گــرنگترین رۆل لــە هەڵبــژاردنی لاوانو رۆڵــەكانی دەنگــدەردا دەگێــڕێ. ئــەم دوو كەســە ســەلماندیان كــە مــەیلی سیاســی لەنــەوەی رابردووەوە بۆ نـەوەی ئاینـدە دەگوازرێتـەوە. ئەم دوو تـۆژەرە نیشانیان دا كـە ٩٢٪ی لایـەنگرانی حزبـی كرێكـارانو موحافـەزەكار رایانگەیانـدووە باوكو دایكیان مەیلی ئەوانیان هەبووە. گۆڕینی ئاراستەی سیاسی منداڵ بەشـێوەیەكی ئاسـایی لــە هەلومــەرجێك دا ئــەنجام دەدرێ كــە شــوێنی دانیشتنی دەگۆڕێ یا دەچێتە ناو ئەو سەندیكاو گرووپە تایبەتییانەی كە دایكو باوكیان تیایدا ئەندام نەبوون.

**رۆلی ئایین لەهەڵبژاردنی دەنگدەران دا**

بەپێچەوانەی فەرانسە، لەبەریتانیا دەنگی دەنگدەران ئەوەندە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایینییانەوە. تۆژەران نەیانتوانی پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان ئایین و مەیلی سیاسی دەنگدەرانی ئینگلیزی بدۆزنەوە.

**جوگرافیا و هەڵبژاردن**

لەساڵانی ١٩٥٠وە تا ئێستا لەوڵاتی بەریتانیا، ناوچەی جۆراوجۆری جوگرافیایی بەچەپ و راست ناسراوە. ناکۆکی و درزی نێوان ناوچە جۆراوجۆرەکان لەساڵانی ١٩٥٠ تا ئێستا، هەیە. لەساڵانی حکومەتی تاچەر جیاوازی و درزی نێوان باکوورو باشوور بە ئاشکرا هەبوو. شارو ناوچەکانی باشوور کە لەرووی ئابوورییەوە لەبارێکی باشتردان، زۆرتریان مەیلیان بەلای باڵی راست دایە. بۆ نموونە، لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧دا حزبی کرێکاران زۆرترین دەنگی لەناوچەکانی باکوور وەدەست هێنا. شارە پیشەسازییەکانی باکووری بەریتانیا و ناوچەی سکوتلەندا، ئەو ناوچانەبوون کە حزبی کرێکاران زۆرترین دەنگی هێنا.

لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ چەند گۆڕانکارییەکی کەم لە جوگرافیای هەڵبژاردنی بەریتانیا رووی‌دا. حزبی موحافەزەکار، لەم ساڵەدا ٣٠٪ی دەنگی خۆی لە ناوچەی باشووری رۆژهەڵات و ٣٠٪ی لەناوچەی **میدلندز** لەدەست دا، حزبی کرێکاران لەم هەڵبژاردنەدا، لەناوچەکانی باشوور رێژەی دەنگەکانی تا رادەیەکی بەرچاو زیادکرد و توانی لەهەندێ ناوچەی باشوور ٧,٤٪ی دەنگەکانی خۆی زیاتر بکا (**میدلندزی رۆژهەڵات**).

**دەنگ بە پێی بابەتی پروپاگندەی هەڵبژاردن**

بەلەبەرچاوگرتنی رۆلی هۆکاری وەك چینە کۆمەلایەتییەکان، تەمەن، رەگەزو شتی لەم جۆرە، رەفتاری دەنگدەران زۆر بەرەو شەخسیبوون و تاراددەیەك سەربەخۆ لەهۆکارە کۆمەلایەتی و کولتووری‌یەکان چووە. هەلبژاردنی ئەقلانی لەسەر بنچینەی بابەتە پێشنیارکراوەکان لەهەلبژاردنەکان یەکێك لەو هۆکارو نیشانە گرنگانەیە کە دەتوانێ رەفتاری دەنگدەران لە بەریتانیا وەدەر بخا. گەلێ تۆژەر وایان پێباشترە بە نیشانەگەلی وەك (عەرز و تەلەب)، ناوبانگی کاندیداکان و هەستیاری ئەو بابەتانەی پروپاگندەیان بۆ دەکرێ، رێژەی دەنگەکانیان روون بکەنەوە. بەم شێوەیە گەلێ کەس دابەزینی دەنگی حزبی کرێکاران لەسالانی هەشتادا، بەئەنجامی دروشمەکانی هەلبژاردنی ئەو حزبەی دەزانن. لەم سالانەدا، حزبی کرێکاران تەئکیدێکی زۆری لە میللیکردنی پیشەسازی، دەستەلاتدان بە سەندیکاکان و شتی لەم جۆرە کرد کە زۆر مایەی خۆشحالی خەلکی نەبوو. **هیلدا هیمولویت** هاورێ لەگەل گرووپی لێکۆلینەوەکەی خۆی، لەسەر بنچینەی نموونەی (بەکاربەران) و شیکردنەوەی ئەقلانی و ئابووری، کەوتە لێکۆلینەوەی رەفتاری دەنگدەرانی ئینگلیزی. ئەو بەسوود وەرگرتن لەواتای وەك خستنەرووی کالاو داواکردنی و بازاری هەلبژاردن، هەولیدا هەلبژاردنی دەنگدەران بە پێوەری وەك سوودو زیانی ئابووری، پاساو بدا. ئەویش وەك تۆژەرانی ئابووری-تەوەر لەو باوەڕەدایە کە دەنگدەران لەبازاری هەلبژاردن دا بەدوای زۆرترکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیانەوەن. ئەو وێڕای ئەوەی روانگەیەکی ئابووری-تەوەریشی هەیە، چاو لەرۆلی وەك ئیلتیزامی حزبی و مەسەلە هەستیارەکان ناپۆشێ. ئەو لەو باوەڕەدایە کە هیچ حزبێك یان

کاندیدایەك ناتوانێ هەموو خواستەکانی دەنگدەران دابین بکا. لەئەنجام دا، دەنگدەران هۆکاری وەك حزبی دڵخوازی خۆیان و ئیلتزامەکانی حزبەکەی خۆشیان لەهەڵبژاردنی خۆیان دا بەشدار دەکەن. لەبازاڕی ئابووریشدا، کڕیار بێجگە لەباشی کەل‌وپەل، سرنج دەداتە (مارکە)یان کارگەی دروستکەرو مارکەی بەرهەم، گەلێجار لەخۆوە بەرەو کەل‌وپەلی تایبەتی دەبەن.

## چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان و رۆلیان لەرەفتاری دەنگدەرانی ئینگلیز

زۆربەی نووسەران لەدەیەکانی ٦٠ و سەرەتای دەیەی ٧٠، سیستمی ئینگلستان بە بەرهەمی درزی نێوان دوو چینی کۆمەڵایەتی دەزانن و گرنگترین هۆکاری دەرخەری ئیلتزامی حزبی و رەفتاری کاتی هەڵبژاردن لە سیستمی چینایەتی‌دا دەبینن. بۆ نموونە، **پالزەر** بنچینەی سیستمی حزبی بەریتانی بەدرزی چینایەتی دەزانێ و هەموو مەسەلەکانی دیکە، دەخاتە پەراوێزەوە[٥٥].

**بالتەر** و **ستوکز**-یش لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیاندا کەلە ساڵی ١٩٦٩ نووسیویانە، وێڕای سەلماندنی ئەم گریمانەیە نیشانیان دا کە توێژی لاوان کەمتر لە نەوەی رابردوو لەسەر بنچینەی چینایەتی‌ی خۆی، بەشداری هەڵبژاردن دەکا[٥٦].

## پەیوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان و رەفتاری هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٣

دوای دەرخستنی تیۆری جۆراوجۆر دەربارەی هۆکاری چارەنووسسازی دەنگەکان لە بەریتانیا، لە دیاردەیەکی دیکە دەکۆڵینەوە کە بایەخێکی تایبەتی هەیە. دوای دەیەی هەشتا، لە وڵاتی بەریتانیا گۆڕانی رەفتاری

دەنگدەران دەبینین. ئەم مەسەلەیە سرنجی گەلێ پسپۆری هەڵبژاردنی بۆلای خۆی راکێشاوە کە باس لە هەندێکیان دەکەین:

**گۆڕانی رەفتاری هەڵبژاردنی دەنگدەران.**

تا سەرەتای دەیەی هەشتا، دەنگدەرانی ئینگلیزی بەشێوەیەکی ئاسایی دەجولانەوە و گۆڕانکارییەکی زۆر لە رەفتاریاندا نەدەبینرا. یەکێك لە دوو حزبە گەورە و بەهێزەکەی بەریتانیا بە زۆری بە رێژەی ٥٪ لە حزبە رکابەرەکەی دەبردەوە. لە راستیدا، رکابەری دوو حزبە گەورەکەی ئەم وڵاتە لەسەر ٨٪ی ئەو کورسیانە بوو کە چارەنووسیان لە هەڵبژاردندا نادیار بوو، و هەر حزبێك هەوڵی دەدا ئەم کورسیانە بکاتە هی خۆی. حزبەکانی ئەم وڵاتە دەیانزانی چ رێژەیەکی دیاریکراوی دەنگ و کورسی وەدەست دێنن. هێواش هێواش، تا لە ساڵانی هەشتا نزیکتر دەبینەوە ئەم جێگیرییە نامێنێ و گۆڕانی مەیلی سیاسی دەنگدەران زیاتر دەبێ.

جیاوازی رێژەی دەنگی حزبە سیاسی‌یەکان هێواش هێواش گەیشتە ١٠٪ و پاشان گەیشتە ٢٠٪ی دەنگەکانیش. لە هەڵبژاردنی شوباتی ١٩٧٤دا، رێژەی دەنگدەرانی حزبی لیبرال لە ١١٪ وە گەیشتە ٢٠٪. لەساڵی ١٩٨٣ موحافەزەکاران توانیان ٥٣٪ی دەنگەکان وەدەست بهێنن[٥٧].

ئەم دیاردەیە لەبارێکدا رووی‌دا کە رێژەیەکی بەرچاوی دەنگدەران ئیلتیزامی حزبی خۆیان لەدەست دا و لە هەڵبژاردندا زۆرترین سەربەخۆیی دەنگیان پەیداکرد. ئامار نیشانی دەدا کە لەساڵی ١٩٦٤دا ٤٨٪ی دەنگدەرانی حزبی موحافەزەکار بەڵگەی سەرەکی دەنگدانی خۆیان بەو حزبە، ئیلتیزامی حزبی خۆیان بووە و ٥١٪یش لەوانەی دەنگیان بە حزبی کرێکاران دابوو، رایانگەیاند ئەوانیش هەر بەو هۆیە دەنگیان داوە. ئەمە،

لەوکاتەدا بوو کە لە ساڵی ١٩٧٩دا تەنیا ٢٩٪ی دەنگدەرانی حزبی کرێکاران و ٢٤٪دەنگدەرانی حزبی موحافەزەکار خۆیان بە وابەستە و مولتەزیمی حزبی زانیبوو.

چەند توێژەرێك هەوڵیان دا ئەم دیاردەیە روون بکەنەوە. **بالتەر** یەکێك لەو لێکۆڵەرانەیە کە لەم دیاردەی کۆڵیوەتەوە. لە دیدی بالتەردا چوار هۆکاری گرنگ بوونەتە هۆی کەم بوونەوەی ئیلتیزامی حزبی و شەخسی بوونی هەڵبژاردن لەلای دەنگدەران کە بریتن لە:

١-بەرز بوونەوەی ئاستی خوێندەواری، سەپاندنی خوێندن و فێرکردن و زیادبوونی رێژەی خوێندەواران بۆتە هۆی ئەوەی دەنگدەران سەربەخۆییەکی زۆرتریان دەست کەوێ و یان بە ئازادی‌یەکی زۆرتر بکەونە لێکۆڵینەوەی بەرنامەی حزبە سیاسی‌یەکان و لەناویاندا حزبی دڵخوازی خۆیان لە هەڵبژاردندا، هەڵبژێرن. ئامار نیشانی دەدا کە رێژەی ئەو کەسانەی روویان کردۆتە خوێندنی بالا ، لە ١٪ی ساڵی ١٩٠٠، لە ساڵی ١٩٨٥ گەیشتۆتە ٢٠٪. بالتەر لەو باوەڕەدایە کە ئەم توێژە خوێندەوارە هەوڵ دەدا لە هەڵبژاردندا تا دەکرێ بە ئازادی و چاوی کراوەوە بەشداری بکا، یان بەلایەنی کەمەوە هەوڵ دەدا وا دابنێ کە بە ئازادی رەفتاری کردووە[٥٨].

٢-گومان کردن لە کارسازی دەستەی فەرمانڕەوا و حزبە فەرمانڕەواکان بەتایبەتی لە کاروباری ئابووری بۆتە هۆی ئەوەی دەنگدەران زیاتر سرنج بدەنە بەرنامە و دروشمەکانی پروپاگندەی حزبەکان لە هەڵبژاردندا.

٣-پەیدابوونی رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆڵیان لە پروپاگندەی هەڵبژاردندا، بۆتە هۆی ئەوەی حزبەکان و رۆژنامەکانیان بە تەنیا سەرچاوەی هەواڵ

لەقەڵـەم نـەدرێن و خـەڵکی رێگایـەکی نـوێ بـۆ وەرگرتنـی هـەواڵ و هەنـدێ جـاریش ئاگـاداربوون لـە رووداوە سیاسـی‌یەکان وەدەسـت بخـەن و تـا رادەیەك سەربەخۆیی بڕیاریان هەبێ.

٤-گـۆڕانی پێکهـاتی کۆمەڵایـەتی و تێکچـوونی ریزبەنـدی چـینایەتی رابـردوو، کاریگەریـەکی بەرچاوی کردۆتـە سـەر دەنگـی دەنگـدەران. ئامـار نیشان دەدا کەم کەم رێژەی کرێکارانی نا پسپۆر بەرەو کەم بوونەوە دەچێ و حزبـی کرێکـاران هێـواش هێـواش رێژەیـەکی بەرچـاوی دەنگـدەرە وەفادارەکـانی خۆیـان لەدەسـت داوە. بـەپێی ئامـار و ژمارەکـان لەسـاڵی ١٩٨٥ کـەمتر لـە ٥٠٪ی خـەڵکی بـەریتانیا کـاری دەسـتیان کـردووە و لەبارێکدا لە رابردوو ئەم رێژەیە زۆر زیاتر بووە[٥٩].

سـاروليك و كـرو لـەو تـوژەرە بەناوبانگانـەن کـە لـەم دیاردەیـەیان کۆڵیوەتـەوە[٦٠]. ئـەم دوو نووسـەرە هـەوڵیان دا لـە کتێبـە گـرنگ و بەناوبانگەکەی خۆیان، وەرامی ئەم پرسارە سەرەکی‌یە بدەنەوە کە بۆچی سیسـتمی دوو حزبـی و جـێگیری رەفتـاری دەنگـدەران لـە مـاوەی نێـوان ساڵانی ١٩٤٥ و ١٩٧٠ جیگای خۆی بۆ ریزبەندی تازەی ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٩ چۆڵ کردووە.

ئـەم دوو تـوژەرە تێگەیشـتن کـە لەلایـەك رێـژەی کرێکـارانی نـا پسـپۆر بەشێوەیەکی بەرچاو کـەم بۆتـەوە، لەلایـەکی دیکەشـەوە رێـژەی کرێکـارانی ناپسپۆر کە دەنگیان بە حزبی کرێکاران داوە، کەم بۆتەوە. بەپێی ئامار، لـە سـاڵانی ١٩٦٦ تـا ١٩٦٩ لـەناو کرێکـارانی ناپسـپۆردا تـەنیا ٤٠٪ یـان دەنگیان بە موحافەزەکارەکان داوە.

لەبەرانبەردا، چینی ناوەڕاست لە هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکاندا، بە سەنگینی رەفتاری کردووە، بە لەبەرچاوگرتنی دراوەکان، ئەم لێکۆڵەرانە بەو ئەنجامە گەیشتن کە جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵی بەریتانیا زۆر کەم بۆتەوە و بایەخی پێشتری لەدەست داوە. خشتەی دواتر، نیشان دەدا کە رێژەی ئەو کرێکارانەی ئیشی دەستیان کردووە و دەنگیان بە حزبی کرێکاران داوە. بەدرێژایی سالانی ١٩٥٩ تا ساڵی ١٩٨٣، رووی لە کەم بوونەوە کردووە. کەم بوونەوەیەکی وا لە رێژەی کرێکارانی (پسپۆر) کە بەزۆری دەنگیان بە حزبی موحافەزەکار داوە، دەتوانرێ بەباشی ببینرێ.

سێیەمین ئەنجام کە ئەم دوو لێکۆڵەرە، وەدەستی دەخەن، ئەمەیە: خاتوو تاچەر لەسەرکەوتنی خۆی لە ساڵی ١٩٧٩دا، قەرزاری کرێکارە ناپسپۆرانە بووە کە چوونەتە ئۆردووی ئەوەوە و لە هەڵبژاردندا حزبی ئەویان هەڵبژاردووە. رێژەی ئەمانە لەچاو ساڵی ١٩٧٤ لە ٢٤٪ وە بۆ ٣٥٪ بەرز بۆتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شتانەی لەسەرەوە باس کران، نوسەرانی کتێب ئەوە هەڵدەهێنجن کە جیاوازی سەرەکی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوو لەوەدابووە، دەنگدەران پەرۆشی‌یەکی زۆرتریان لەبەرانبەر بابەتەکان نیشان داوە، نەك بە حزبە سیاسی‌یەکان. لە ئەنجامدا رێژەیەکی بەرچاوی دەنگدەرە نوێکانی خاتوو تاچەر گەرچی لەکۆدا حزبەکەی ئەویان پەسەند کردووە، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بابەتانەی کە ئەم حزبە و خاتو تاچەر لە ساڵی ١٩٧٩ خستوویانەتە روو، لە دوا لێکدانەوەدا حزبەکەی ئەویان هەڵبژاردووە.

کرو لەو باوەڕەدایە کە لێکدانەوەی ئەو لەمەڕ رەفتاری دەنگدەران لەساڵی ١٩٨٣یش، بەراست دەرچووە[٦١]. لەدیدی ئەودا، هەڵبژاردنی ئەو ساڵە

مۆرێکی پشتگیری‌یە لە کەم بوونەوەیەکی توونـدی جیاوازی چینایەتی و سـەربەخۆیی دەنگـدەران لـە هەڵبـژاردن. بـە لەبەرچـاوگرتنی ئـەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٣، تۆژەری وەك **فـرانكلین** ئیدیعایان کرد سەردەمی وابەستەیی حزبی گەیشتۆتە کۆتایی و دەنگی چینایەتی جێگای خۆی بۆ شێوەیەکی نوێی هەڵبژاردن چۆڵ دەکا. لەدیدی ئەودا، بێجگە لەپێگەی چینایەتی، هۆکاری گرنگی دیکەی وەك کولتوری سیاسی، فەزای خێزانی و زیاتر لە هەمووان بابەتە پێشکەشکراوەکان لەلایەن حزبەکان، هۆکاری دەرخەری دەنگی کەسانن[٦٢]. ئەو، ئەوە هەڵدینێ کە بوونی حزبی سێیەم لەم وڵاتەدا، نابێ بەمانای سیستمی سێ حزبی لەقەڵەم بدرێ، چونکە ڕەفتاری دەنگدەران دەگۆڕێ و لەهەر هەڵبژاردنێکدا لەوانەیە ڕووداوێکی تازە ڕوویدا.

بەرهەمێکی گرنگی دیکە کە لە ڕەفتاری کاتی هەڵبژاردنی خەڵکی بەریتانیای کۆڵیوەتەوە، هی دوو نووسەری ئینگلیزی‌یە بەناوی **هۆزباندز** و **دان لیـوی** کە بە سوود وەرگرتن لە تیورەکانی پێشوو هەوڵیان داوە، لە گۆڕانی ڕەفتاری دەنگدەرانی ئینگلیزی و ئەو هۆکارانەی کاریان دەکەنە سەری، بکۆڵنەوە.

ئـەم دوو نووسـەرە، لەساڵی ١٩٨٠ لـە کتێبەکەیانـدا[٦٣]، چـەند جیاوازی‌یەکی نوێی کۆمەڵی بەریتانی دەردەخەن کە دەنگی دەنگدەران ڕوون دەکاتەوە، لەگەڵ جیاوازی‌یەکانی پێشوودا ماهیەتێکی جودای هەیە. لەروانگەی ئەم دوانەدا، لەکاتی هەڵاوسان و گیروگرفتە ئابووری‌یەکان جیاوازی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە بەریتانیا بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە. کرێکارانی ئەندامی سەندیکاکان لەبەرانبەر کرێکارانی سەربەخۆ و غەیرە

ئەنــدام وەســتاون و جیاوازی‌یــەکی دیکــەی ئەنــدامانی سەندیکاکانیشــی خستۆتە بەرانبەر یەکتر و ئەندامانی سەندیکاکانی بەشی تایبەت خۆیان لەبەرانبــەر بەشــی دەوڵــەتی دادەنــێن. ئــەم گرووپــە نوێیانــە خواســت و بەرژەوەنــدی جۆراوجۆریــان هەیــە بەتایبــەتی لەمــەڕ مووچــەی مانگانــە و ئیمتیازی کارکردن. بەم شێوەیە چینی کرێکار دابەش بۆتە چەند دەستەی جۆراوجۆر و رەفتاری ئەوان لەکاتی هەڵبژاردندا بە توندی کەوتۆتە ژێر کاریگەری گرووپ–بەندی‌یە نوێکانەوە.

کارمەندانی کەرتی تایبەت، هەڵاوسان بە ئەنجامی خەرجی‌یە زۆرەکانی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی کەرتی گشتی و خەرجی‌یە زۆرەکانی مووچەی ئەندامان و کرێگرتەکانی دەوڵەتی دەزانن و بۆیە ئەم دوو توێژەرە خاوەنی بەرژەوەندی جیاوازن و لەبەرانبەر یەکدی دەوەستن. بەم شێوەیە، حزبی کرێکــاران کــە داواکــاری فــراوان کردنــی کــەرتی گشــتی و زیــادکردنی کرێگرتــەکانی دەوڵەتــە، بەشــێك لــە لایــەنگرانی خــۆی لــەناو کرێکــاران و کرێگرتــەکانی کــەرتی تایبــەت لەدەســت دەدا. یــەکێك لــە گــرنگترین ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە بوو کە لێکدانەوەیەکی واقیعی مەیلی روو لە زیادەی بەشێکی بەرچاوی چینی ناوەڕاست بۆ حزبی کرێکاران، خستە روو. مووچەخۆرانی کەرتی دەوڵەتی لە چینی ناوەڕاست زیاتر لە خەڵکی دیکە، بەرژەوەندی خۆیان لە بەهێزکردنی کەرتی گشتیدا دەبینن کە لە سیاسەتە گرنگ و سەرەکی‌یەکانی حزبی کرێکاران لەقەڵەم دەدرێ.

ئەنجامێکی گرنگی دیکەی لێکدانەوەی ئەم دوو توێژەرە، ئەمەیە کە بە باشی نیشانی دەدا چینی کرێکار خۆی رووبەرووی جیاوازی‌یەك بۆتەوە و ئەندامانی سەندیکاکان لەبەرانبەر کەسانی سەربەخۆ رادەوەستن. لەلایەکی

دیکەوە، جیاوازی نێوان کرێکارانی ئەندامی سەندیکاکان کە لەناو کەرتی دەوڵەتی دان و کرێکارانی ئەندامانی کەرتی تایبەتی بە باشی دەتوانێ پەیوەست بوونی گروپی یەکەم بە حزبی کرێکاران و مەیلی دەستەی دووەم بە حزبی موحافەزەکار روون بکاتەوە.

بەم شێوەیە، بەباشی دەتوانین تێبگەین کە ناوچەکانی باکور کە بەزۆری رێژەیەکی بەرزی پیشەسازی دەوڵەت و ئیدارە و ناوەندە گەورەکانی تێدا کۆ بۆتەوە، مەیلێکی زۆرتر بۆ حزبی کرێکاران نیشان دەدەن و بە پێچەوانەوە ناوچەکانی خوارێ کە کەرتی تایبەتی لەوێ هەڵسوڕاوترە، لە هەڵبژاردندا مەیلیان بۆ حزبی کرێکاران نییە.

تۆژەری دیکە هەوڵیان داوە دەستکاری تیۆرییەکانی پێشوو بکەن. ئەم لێکۆڵەرانە بە قبوڵکردنی پرەنسیپی گۆڕانی رەفتاری دەنگدەران، پەیوەندی نێوان پێگەی چینایەتی و دەنگ رەت ناکەنەوە. ئەم تۆژەرانە لەو باوەڕەدان کە چینە کۆمەڵایەتییەکان پێناسەیەکی تازەیان پەیدا کردووە و گۆڕانکاری پێکهاتی سیاسی-کۆمەڵایەتی دەربڕی ئەوەیە کە دابەشبوونی کۆن و رابردووی گرووپە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان پێویست بوو چاوی پێدا بگێڕدرێتەوە. ئەمانە، بە دەستکاری کردنی دابەشبوونە کۆنەکەی تۆژەرە کۆمەڵایەتییەکان، دابەشبوونێکی تازەیان خستۆتە روو. ئەمانە، ئەم دابەشبوونەی خوارەوە بۆ تۆژەرە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان پێشنیار دەکەن:

١-بەڕێوەبەران و کاسبکارانی ئازاد. ئەم چینە لەچاو رابردو، فراوانتر بووە و لە بەرانبەر ١٨٪ی ساڵی ١٩٦٤، لە ساڵی ١٩٨٣ گەیشتە ٢٧٪ی دەنگدەران.

٢-ئـەو کرێکارانـەی کـاری بـازوو ناکـەن، وەك کارمەنـدانی بـەڕێوەبردن، سکرتێرەکان، کرێکارە پسپۆڕەکان ... کە لەکۆدا ٢٤٪ی دەنگدەران پێك دێنن. ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٦٤دا ١٨٪ بوو.

٣-وردە بۆرژواکـان، موڵکـدارە بچـوکەکان، جوتیـاران، ئەوانـەی بـە بـازوو کاردەکەن، بەڵام سەربەخۆن، ٨٪ی دەنگدەرانن لە بەرانبەر ٧٪ی رابردوو.

٤-تەکنیکی‌یـەکان و Contrematre کـان و ئـەو هەڵبژاردانـەی لـە فـەزای کـاری خۆیـان دا نیمچـە دەسـەڵات و نفوزێکیـان هەیـە. ئـەم چینە، بەچـەند قۆناغێکی دابەزین و داتەپین دا رەت بووە.

٥-چینی کرێکار کە کاری بازوو دەکەن و لەفەزای کارکردنی دا، هیچ جۆرە دەسـتەڵاتێکی نـەبێ. ئـەم چـینەش لـەباری کـەم بوونەوەدایـە و بـەرەو خوارەوەیە و لە ٢٧٪ وە گەیشتۆتە ٣٤٪ی دەنگدەران[٦٤].

ئـەم تـۆژەرە هـەوڵی داوە نیشـانی بـدا کـە دابـەش بـوونی نـوێی چـینە کۆمەڵایەتی‌یـەکان، دەنگـی دەنگـدەران هـەروەك پێشـان ملکەچـی گۆڕانـە چینایەتی‌یەکانە و رەفتاری کاتی هەڵبژاردن هـەروەك پێشان، تـا رادەیـەکی زۆر قابیلی پێشبینی کردنە.

## جوگرافیای هەڵبژاردن لە بەریتانیا

هەروەك پێشتر گوتمان، لـە گـەڵێ وڵاتـدا، تـۆژەران نەخشـەیەکی هەڵبـژاردن بـۆ وڵاتـان دەکێشـن. ئـەم نەخشـانە، لەسـەر ئـەو گریمانەیـە دامـەزراون کـە رەفتـاری کـاتی هەڵبـژاردن جـێگیرە و بـەردەوام لـە مـاوەی سـاڵانێکی دورو درێژ لە ناوچە جۆراوجۆرەکـان بینـراوە و بـەپێی دابەشبوونی جوگرافیـایی دەتوانرێ مەیلە سیاسییەکانی خەڵکی، دابەش بکرێ و رەسم بکرێ.

**سارلویل و کرو** لەو لێکۆڵەرەوانەن کە بەلێکۆڵینەوەی ئەنجامی دەنگەکان لە هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی بەریتانیا، توانیان دابەش بوونێکی وا رێك بخەن. لە دیدی ئەم دوو تۆژەدا ناوچەکانی باکور و باشوری بەریتانیا رەفتاری لێك جودایان هەیە. لە دیدی ئەم دوانەدا، دابەشکردنی باکور و باشور تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی بە جیاوازییەکانی ناو خودی چینی کرێکارەوە هەیە[٦٥].

لە خواروی بەریتانیا زۆربەی ئەو کرێکارە نوێیانە هەن کە زۆربەیان خاوەنی خانوی خۆیانن و لە پیشەسازی و کۆمپانیا گەورە تایبەتییەکان دا کاردەکەن. لە بارێکدا لەباکوری بەریتانیادا زۆربەی کرێکارانی ئاسایی نیشتەجێن، ئەو کرێکارانەی لە کۆمپانیا و کارگەکانی دەوڵەتدا کاردەکەن و لە ئاپارتمانی کرێدا دەژین. کرێکارانی دانیشتووی باکور کە لە کۆمپانیا دەوڵەتیدا کاردەکەن، بەشێوەیەکی سروشتی داواکاری زۆرتر کردنی خزمەتگوزاری دەوڵەتین و پشتیوانی لە سیاسەتەکانی حزبی کرێکاران دەکەن. ئەمە لەبارێکدایە کرێکارانی خوارو، زیادبوونی خزمەتگوزاری دەوڵەتی و لە ئەنجامدا، زیادبوونی باجەکان بە تەگەرەی سەرەکی بەردەمی پەرەپێدان، کۆمپانیای تایبەتی و باشتربوونی بارودۆخی خۆیان دەزانن و لە ئەنجامدا مەیلیان بەلای موحافەزەکارەکان و حزبە میانڕۆکاندا دەچێ.

پێش ئەم دوو تۆژەرە، هەروەك گوترا لێکۆڵەرانی دیکەش، لەو دیاردەیە کە رێژەیەکی ئەو کرێکارانەی کاری بازوو دەکەن دەنگ بە حزبی موحافەزەکار دەدەن، دەکۆڵنەوە و بەم شێوەیە گومان دەکرێ قسەکانی کرو و سارلویك ئەوەندە تازە نەبن. بەڵام راستی ئەوەیە لێکۆڵەرانی پێشوو لەو باوەڕەدا بوون کە کرێکارانی هێزی بازوو (ناپسپۆڕ)ی موحافەزەکار بە

پێچەوانەی بەرژەوەندیـیە ئابووریـیەکانی خۆیان بە بەڵگەی دەروونی و ئاسایی، حزبی موحافەزەکار هەڵدەبژێرن. لە بارێکدا سالویك و کرو لەو باوەڕەدان کە ئەم هەڵبژاردنە پاساوێکی تەواوی ئابووری هەیە و کرێکارانی ناپسپۆر لە کەرتی دەوڵەتیدا، لە واقع دا بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیـیە ئابووریـیەکانی خۆیان کارێکی وا دەکەن[٦٦]. لێکۆڵەرانی وەك **جون ستون** هەوڵیان داوە بە دەرخستنی هۆکاری دیکەی دەرخەری دەنگی ناوچەیی، تیوری دوو تۆژەرەکەی پێشوو تەواوبکەن. لە روانگەی **جۆن ستون**[٦٧]دا، بێ لەبەرچاوگرتنی درزی نێوان چینی کرێکار، جیاوازی ناوچەیی لە هەڵبژاردندا، ئەنجامی کۆمەڵێ هۆکاری دیکەیە کە گرنگترینیان بریتیـیە لە:

١-پەیوەندی نێوان کەسانی دەنگدەر لە ناوچەیەکدا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی یەکدەنگی لەناوچەیەکی جوگرافیایی تایبەتی. بەزۆری یەك بیروباوەڕ لەناوچەیەکی جوگرافی تایبەت، بەهێواشی بڵاودەبێتەوە و فەزایەك لەناوچەکەدا دەخولقێنێ کە زۆربەی کەسەکان لەم فەزایەدا، سەر بۆ باری زاڵ دادەنوێنن.

٢-سەربار، لە ئاستێکی بچوکتر، پەیوەندی نێوان کەسانی هاوکاریش، کۆمەڵەی خاوەن کار کەم کەم لەمەڕ مەسەلە سەرەکیـیە سیاسیـیەکان دەگەیەنەتە ئەنجام و مەیلی یەکسان، بەزۆری دەبینرێ کە کرێکارانی کانگاکان لە ناوچەیەکدا لەمەڕ گەلێ مەسەلە وەك یەکتر بیر دەکەنەوە و بەهۆی پەیوەندی بەردەوامیان، بەجۆرە لێکگەیشتنێکی سیاسی و فیکری لەسەر مەسەلەکان، دەگەن.

٣-مەسەلەكانی دەوروبەریش لەم بارەیەوە رۆڵێكی گرنگی هەیە. لە ناوچەیەكدا كە رێژەیەكی باڵای بێكاری هەیە، گرفتی بێكاری هەتا لە زەینی ئەو كەسانەی گرفتی وایان بۆ خۆیان و خێزانەكانیان نییە، گەورەتر دەبێ و لایەنگرانی حزبی كرێكاران زۆرتر دەبێ.

ئەو هۆكارانە زەمینە بۆ بڵاوبوونەوەی بیری حزبێك كە لەناوچەكەدا زۆربەیە و بە دەسەڵاتترە، خۆش دەكا و ناوچەیەك بەرەو یەكڕەنگی و یەكدەنگی سیاسی رادەكێشێ. بە شێوەیەكی سروشتی لەم میانەدا، كۆمەڵەیەكی بێلایەن دەمێنێتەوە كە دەبێتە پارووی سەرەكی پروپاگندەی هەڵبژاردن.

**جۆن ستون** بە لێكدانەوەی ئەنجامەكانی هەڵبژاردنی بەریتانیا دەگاتە ئەو ئەنجامە كە بە درێژایی ٦٠ساڵی رابردوو، رەفتاری جێگیری هەڵبژاردن لەناوچە جۆراوجۆرەكانی بەریتانیا دەبینرێ و دەنگی ناوچەیی هێشتا بەهۆی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەكان پشتگیری دەكرێ. حزبی كرێكاران هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەردەوام لەناوچە پیشەسازییەكانی باكور خاوەنی زۆربەی دەنگەكان بووە.

تۆژەری دیكەی وەك یان **ماك ئەلیستر و ریچارد** روز بە لێكدانەوە و شیكردنەوەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٣ی بەریتانیا، وێڕای پشتگیری دیدوبۆچوونەكانی جون ستون، هەوڵیان دا بەڵگەكانی رەفتاری جێگیری هەڵبژاردنەكان لەناوچە جۆراوجۆرەكانی بەریتانیا روون بكەنەوە. ئەم دوو لێكۆڵەرە بە دابەشكردنی بەریتانیا بۆ چوار ناوچەی جوگرافیایی، چوار هۆكاری جۆراوجۆریان لە دروست بوونی دەنگەكان بەهۆكار زانی.

چوار ناوچەی هەڵبژاردن لە دیدی ئەم دوو تۆژەرەدا بریتین لە: باکور (باکور و باکوری رۆژئاوا)، میدلندز، خوارو (خواروی رۆژهەڵات بێجگە لە لەندەنی گەورە و خواروی رۆژئاوا) و رۆژهەڵاتی بەریتانیا. لە دیدی ئەم دوو تۆژەرەدا شەش هۆکاری گۆڕانی جۆراوجۆر روونکەرەوەی دەنگەکانن. لەناو ئەم شەش هۆکارەدا، چواریان کۆمەڵایەتین: **شوێنی کارکردن، کۆچ، تەمەن، باری کشتوکاڵ**" دوو هۆکارەکەی دیکەش جوگرافیایین: ماوەی نێوان ئەو دوو شوێنە تا لەندەن و تایبەت بە ناوچەیەکی جوگرافیایی تایبەت.

لە دیدی **ئەلیستەر و روز** دا، هۆکارەکانی گۆڕانە کۆمەڵایەتی‌یەکان گرنگترین رۆڵیان لەرەفتاری دەنگدەراندا هەیەو روونکەرەوەی٤٢٪ی دەنگی موحافەزەکارانە و ٣٩٪ی دەنگەکانی حزبی کرێکاران ملکەچی ئەم هۆکارانەی گۆڕانە.

بەشێوەیەکی گشتی شەش هۆکاری ناوبراو چارەنوسی ٧٨٪ی لایەنگرانی حزبی موحافەزەکار و ٧٩٪ی لایەنگرانی حزبی کرێکار دەست نیشان دەکەن. لەمەڕ هۆکاری گۆڕانی جوگرافیایی، ئەم دوو تۆژەرە گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە جوگرافیا لەسەر رەفتاری دەنگدەران بێ کاریگەر نی‌یە و نیشانیان دا کە لەسەر بنەمای ژمارە و ئاماری هەڵبژاردن، پەیوەندی‌یەکی راستەخۆ لەنێوان ماوەی نێوان ئەو شوێنە لەگەڵ شاری لەندەن و کەمتر بوونی دەنگی موحافەزەکاران، هەیە. لەسەر بنەمای لێکدانەوەی ئەم دوو لێکۆڵەرە، لە بەرانبەر ١٥٠ کیلۆمەتر دووری لە لەندەن، خاتوو تاچەر ٣٪ی دەنگەکانی کەم بۆتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی کورسی‌یە دەست کەوتووەکان لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٣، ئەوەی زۆرتر هەستی پێ دەکرێ رۆڵی پێگەی سیاسی-

کۆمەڵایەتی‌یە. لە کۆی ١٠٠ ناوچەی هەڵبژاردن، کە وەك نمونە خاوەنی پێگەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی تا رادەیەك بەرز بوون، حزبی موحافەزەکار ٩٩ کورسی بردۆتەوە. لەناو ئەو ١٠٠ ناوچەیەی کە لە رووی کۆمەڵایەتیدا لە ئاستی خوارەوەدا بوون، حزبی کرێکاران ٨٣کورسی و موحافەزەکاران ١٢کورسی‌یان وەدەست هێناوە[٦٨].

لە هەڵبژاردنی ئەو ساڵەدا، موحافەزەکاران ٩٥٪ی کورسی‌یەکانی خوارو، ٦٧٪ی کورسی‌یەکانی لەندەنی گەورە، ٧١٪ی کورسی‌یەکانی میدلندزیان وەدەست هێنا و حزبی کرێکاران لە ناوچەی باکور توانی ٥٥ کورسی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٣ وەدەست بهێنێ.

**ماك ئەلیستەر** و روز لەو ئامارەی سەرەوە، ئەوە هەڵدەهێنجن کە: **یەکەم**، کەم بوونەوەی رێژەی دەنگەکانی حزبی کرێکاران لەناوچەی باکور ئەنجامی پروپاگندەیەکی توندی نێوان ئەم دوو حزبەیە لەم ساڵەدا و **دووەم**" سیستمی هەڵبژاردنی بەریتانیا کە زۆربەی یەك قۆناغی‌یە بۆتە هۆی ئەوەی لایەنگرانی حزبی کرێکاران کە لەناوچە جۆراوجۆرەکاندا پەرش و بڵاون نەتوانن بەرێژەی سەدی دەنگەکانی خۆی لە ئەنجومەن ببنە خاوەنی کورسی نوێنەرایەتی.

پوختەی قسە ئەوەیە: چوارچێوەی تیۆری **نوناومایر** کە هەوڵیان داوە لەنێوان نمونەی جۆراوجۆر، تیوریەك داڕێژن، ئەوەندە لە واقیع دوور نی‌یە و هۆکاری جۆراوجۆر بەشێوەیەك کە باسکرا، چارەنووسسازی دەنگ و رەفتاری دەنگدەرانە.

نەخشەی ژمارە (١)

| | ڕێژەی دەنگی چینە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بەپێی ئیشکردن ١٩٩٢ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | حزبی موحافەزەکار | حزبی کرێکاران | حزبی لیبراڵدیموکرات | هی تر | کۆ |
| کاری ئازادو چینەباڵاکان | ٥٧ | ١٧ | ٢٠ | ٦ | ٢٠٠ |
| کارمەندان | ٤٩ | ٢٨ | ١٩ | ٤ | ١٠٠ |
| کرێکارانی پسپۆڕ | ٣٥ | ٤٠ | ١٧ | ٨ | ١٠٠ |
| کرێکارانی ناپسپۆڕ | ٣٩ | ٤٨ | ١٤ | ٩ | ١٠٠ |

سەرچاوە: راپرسی گالوپ دوای هەڵبژاردن.

نەخشەی ژمارە (٢):

پەیوەندی رەگەز و دەنگ لە هەڵبژاردنەکانی سالآنی ١٩٨٧,١٩٨٣,١٩٧٩

| مێـژو و | رەگەز | حزبی موحافەزەکار | حزبی کرێکاران | حزبی لیبرال |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١٩٧٩ | پیاو<br>ژن | ٤٧<br>٤٦ | ٣٩<br>٣٩ | ١٣<br>١٤ |
| ١٩٨٣ | پیاو<br>ژن | ٤٦<br>٤٣ | ٣٠<br>٢٨ | ٢٤<br>٢٨ |
| ١٩٨٧ | پیاو<br>ژن | ٤٤<br>٤٤ | ٣٣<br>٣١ | ٢٢<br>٢٥ |

سەرچاوە: Gallup Poll

نەخشەی ژمارە(٣):

پەیوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و رەفتاری هەڵبژاردن لەساڵی١٩٦٣

| وابەستەیی حزبی | چین | |
| --- | --- | --- |
| | کرێکاران | ناوەڕاست |
| حزبی موحافەزەکار | ٢٨ | ٧٩ |
| حزبی کرێکاران | ٧٢ | ٢١ |

سەرچاوە: Bulter D.Istokes D.Iop . cit .. P.104

**نەخشەی ژمارە (٤)**

| ڕێژەی دەنگی کرێکاران لەسەر بنچینەی شوێنی دانیشتن و جۆری خانوو، و ئەندامێتی سەندیکا لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢ ی بەریتانیا | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شوێنی دانیشتن | | خانوو | | ئەندامێتی سەندیکا | |
| دەنگی حزبی کرێکاران | سکوتلەندا باکور ٥٢ | خوارو ٣٦ | شەخسی ٣٩ | ئاپارتمانی دەوڵەت ٥٧ | ئەندام ٤٥ | نائەندام ٤٣ |
| دەنگی حزبی موحافەزەکار | ٢٣ (+٢٩) | ٣٨ (-٢) | ٣٨ (+١) | ٢٠ (+٣٧) | ٢٣ (+٢٢) | ٣٤ (+٩) |

**نەخشەی ژمارە (٥)**

| ڕێژەی دەنگ بۆ حزبی موحافەزەکار لە ساڵی ١٩٩٢ بەپێی تەمەنی دەنگدەران | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٨ تا | ٢٥ تا | ٣٥ تا | ٤٥ تا ٦٤ | ٦٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٥ | ٣٤ | ٤٤ | | بۆسەرەوە |
| ٣٧ | ٣٦ | ٣٧ | ٤٢ | ٤٩ |

سەرچاوە : Gallup و April ١٩٩٢

## سەرچاوەکان:


1.Roger-Gerard Schwartzenberg, Sociologie Politique, Montchrestien, 1947, PP. 471-474
2.Ibid, p.471
3.M.Duverger, Les Partis Politiquses, (195), Paris, A.Colin 1976, p.466.
4.C.Debbasch, J.M. Pontirer, Introduction a la politique, Dalloz, 1982, p.206
5.Ibid, p.212
6.Ibid, p.212
7.G.Almond, B.Powel, Comparative Politique, Boston University Press, 1966, p.99.
-هەروەها گابریل ئالموند و خەڵکانی دیکە، چوارچێوەیەکی تیوری بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسەتی پراکتیکی، وەرگێڕانی عەلی رەزا تەیب، ناوەندی فێرکردنی ئیدارەی دەوڵەت، ١٣٧٦، بەشی شەشەم.
8.Peter Merkle, Modern Comparative Politics, New York, Holt, Rinehart and Winston, 1970, p.104-109
9.Robert King Merton, Elements de theorie et de Methode Sociologique, Paris, Plon, 1965, p.126.
10.Georges Lavau, “partis et systemes politiques: Interactions et Fonctions”, Revue Canadienne de Science Politique, Mars, 1969, pp.36-44.
١١-بڕوانە بەشی چوارەمی ئەم کتێبە Jacques Attali, Analyse economique de la vie Politique, P.U.F, 1972
١٢-بڕوانە: گراهام.تی.ئایسن، شێوەکانی بڕیاردان لە سیاسەتی دەرەوە، وەرگێڕانی مەنوچەهری شوجاعی، کۆمپانیای ئینتیشاراتیعیلمی و فەرهەنگی، ١٣٦٤.
13.Michel Crozier, Erhard Friedberg, L’acteur et le Systeme, Paris, Seuil, 1977, p.98.
14.Ibid, pp.111-113.
15.Anthony Downs, “An economic theory of Democracy” in, J.Attali, op. Cit, pp,154-141/
١٦-بڕوانە: P.Bourdieu, Esquisse d’une theorie de la paratique Geneve, Droz, 1972
17.F.Heran, “La ‘Seconde nature de I’ Habitus”, Revue francaise di Sociologie, XXVIII, 3, Juillet-sep, 1987, p.398.
18.J.Attali, Les Modeles, Paris, P.U.F, 1972, p.93.
19.Philippe Braud, La Vie politique, P.U.F, 1985, pp.62-63.
20. J.Attali, Analyse economic…, Op. Cit, p.114.
21.Ibid, p.114.

22.Ph, Braud, Op, Cit, pp.77-78.
23. Ibid, p.83-90.

*سەرچاوە: اطلاعات سياسي – اقتصادي، ژماره (١٣٥ – ١٣٦)، ١٩٩٩.

د. حجت الله ايوبى

# نيشانەو تايبەتمەندى يەكانى سيستميْكى كاراى هەڵبژاردن

كاتێ قسە لە ياساكانى هەڵبژاردن يان چاككردنيان دەكرێ، لەراستى دا دەبێ پرسيارى ئەوە بكرێ كە ئێمە چيمان لە هەڵبژاردن دەوێ ؟ بەواتايەكىديكە پێش چاككردنى ياساكان دەبێ بزانين چيمان دەوێ ؟.

بەشێوەيەكى گشتى ئەنجامى هەڵبژاردن لەدوو لايەنى جياوازدا دەردەكەوێ، لەلايەك خەڵكى لە بازنەكانى هەڵبژاردن دا، كەسێك وەك نوێنەرو داكۆكىكارى مافەكانى خۆيان هەڵدەبژێرن و لەلايەكى ديكەش لەكۆى ئەم كەسە هەڵبژێردراوانەوە، پێكهاتەى ئەنجوومەنى نوێنەران كە لە زۆربەى وڵاتان دا باڵاترين دەستەڵاتى بڕياردەرە، دەست نيشان دەكرێ.

لەو وڵاتانەى حيزبى سياسى جۆراوجۆريان تێدايە، ئەنجامى هەڵبژاردن بەزۆرى فەرمانڕەوايى حيزبێكى لێدەكەوێتەوەو لەو وڵاتانەى وەك ئينگلستان و ئيتاليا، نەتەنيا چارەنووسى ئەنجوومەن، بەڵكو بەكردەوە چارەنووسى دەستەڵاتى راپەڕاندنيش روون دەبێتەوەو حزبى فەرمانڕەوا بە پێكهێنانى حكومەت رادەسپێردرێ. لەوڵاتانى وەك ئەمريكاو رووسيا يان وڵاتانى ديكەش كە حزبى براوە

تەنیا لە ئەنجوومەن دا دەستەڵاتی دەبێ، مەرج نییە دەستەڵاتی حکومەتی هەبێ. لەگەڵ هەندێش، ئەنجامی هەڵبژاردن بایەخێکی زۆری هەیە. پرسیاری گرنگ لەم باسەدا ئەوەیە باشترین سیستمی هەڵبژاردن بۆ هەر وڵاتێك چییە ؟ بەواتایەکی دیکە، لەناو سیستمەکانی هەڵبژاردن دا کامەیان هەڵبژێرین ؟

بۆ وەرام دانەوەی ئەم پرسیارە، پێش هەر شتێك دەبێ بزانین ئێمە چیمان لە هەڵبژاردن دەوێ ؟ بەواتایەکی دیکە، چیمان لە سیستمی هەڵبژاردن دەوێ ؟ تا ئەو دەمەی وەرامی ئەم پرسیارە روون و ئاشکرا نەبێ، هەڵبژاردنی سیستمی هەڵبژاردن بێ‌مانایە.

هەندێ کەس رایان وایە سیستمی هەڵبژاردن وەك کەل‌وپەل پێشتر ئامادەکراون و لە فرۆشگایەك دا لەتەك یەك دانراون. بۆ هەڵبژاردنی باشترین سیستم دەبێ بەدوای ئەم شمەکانەدا بگەڕێین و بە بینین و بەراوردکردنیان باشترینیان هەڵبژێرین.

واپێ‌دەچێ ئەم شێوە روانینە بۆ سیستمی هەڵبژاردن لە بنچینەوە ناراست بێ و رێگا بەبن بەست بگەیەنێ. هەروەك **دیومێت** دەنووسێ: "پێش ئەوەی بەدوای سیستمەکانی هەڵبژاردن دا بگەڕێین و بکەوینە تەماشاکردن و بەراوردکردنیان، دەبێ لە خۆمان بپرسین چیمان دەوێ ؟ وبەدوای چی‌دا دەگەڕێین ؟ لەکاتی رۆشن بوونەوەی ئەم مەسەلەیەدا روانینمان بۆ سیستمەکانی هەڵبژاردن، روانینێکی زانایانەو وردبینی‌یەو بەپێچەوانەی گریمانەی پێشوو، ئەوەندەش توانای هەڵبژاردنمان نابێ. چونکە یەك سیستمی هەڵبژاردنە کە دەتوانێ بە باشترین شێوە داخوازی‌و پێداویستی‌یەکانمان دابین بکا.

لەم گوتارەدا، لەوە دەکۆڵینەوە کە بە چ پێوەرێك دەتوانین باشترین جۆری سیستمی هەڵبژاردن بۆ وڵاتێك دەست نیشان بکەین. لەبەر ئەم هۆیە، کورتەیەك دەربارەی چاوەڕوانیمان لە سیستمێکی هەڵبژاردن، پێویستە.

**١-چاوەڕوانی لە سیستمی هەڵبژاردن**

هەڵبـژاردنو دەنـگ دان بەسـێ مەبەسـتی لێـك جـودا بەڕێوەدەچـێ. هەنـدێ جـار مەبەست لەدەنگ دان دەربڕینو ڕەنگدانەوەی ڕای گشتی یان دیدوبۆچوونی گشتی‌یە دەربارەی مەسەلەو هەندێ جاری‌تر زانینی خواستو ئارەزووی دەنگدەرانو هەندێ جاری‌تر لەیەك كات دا هەردووكیانە. لەبەرچاوگرتنی فەلسەفەو ئامانجی هەڵبژاردن زۆر بایەخدارەو دەتوانێ دەست نیشان كردنی سیستمێكی باشی هەڵبژاردن ئاسانتر بكا.

هـەوڵ دەدەیـن بـە هێنانـەوەی نموونـە، جیاوازی هەڵبژاردنـەكان لەگـەڵ ئـەو ئامانجـە جۆراوجۆرانـەی هەیانـە، ڕوون بكەینـەوە. گریمانـە دەكـەین كـە ئەنـدامانی كۆمەڵـەی كۆلیژێك لـە فایلی چەند كەسێكی داواكاری ئەندامێتی لـە لیژنـەی زانستی كۆلیـژێك دەكۆڵنــەوەو دەیانــەوێ لــەناو ئــەوان دا یــەكێكیان هەڵبــژێرن. لێــرەدا، ئەنــدامانی كۆمەڵەكــە دوای خوێندنــەوەی داواكاری‌یــەكان ناچــارن ڕای خۆیــان بــدەنو هەڵبژاردنێكی بچووك ئەنجام بدەن. مەبەست لـەم هەڵبـژاردنو دەنگ دانـە ڕاگەیانـدنی بۆچـوونی كەسـەكەیە دەربـارەی شایسـتەترین كـەس. ڕای ئەنـدامانی كۆمەڵەكـە لەڕاستی‌دا دەربڕی دیدوبۆچوونی جیاوازە لەمەڕ دیاردەیەكی دەرەكیو بەواتایەكی دیكە ڕای گشتی دەربارەی شایستەترین كەس بۆ ئەندامێتی لـە لیژنـەی زانستی. ڕای زۆربە، لەلایەن زۆربەی ئەندامانەوە قبوڵ دەكرێو بەكردەوە بوارێك بـۆ نیگـەرانی یـان دژایــەتی نامێنێتــەوە. بڕیــاری كۆمەڵەكــە لەراســتی‌دا حــوكم دانێكــە دەربــارەی دیاردەیـەكی دەرەكـیو كەسـانی دەرەوەی كۆمەڵەكـەش مـافی حـوكم دانێكـی وایـان هەیە.

لەنموونەیـەكی دیكـەدا" ئەنـدامانی كۆمەڵـەی كۆلیـژی نـاوبراو دەیانـەوێ لەشـێوەی بەرزكردنەوەی پلەی ئەندامانی لیژنەی زانستی بكۆڵنـەوەو گفتوگۆی دەربـارە بكـەن. لێرەشدا بێجگە لە دەنگدان ڕێگاچارەیەكی دیكە نی‌یە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەم جیاوازی‌یـەدا كـە ئەنـدامانی كۆمەڵەكـە دیدوبۆچـوونی جۆراوجۆریـان هەیـەو دوای گفـتوگۆ دەبـێ بگەنـە جـۆرە سـەوداو سـازشو دەسـتكاری‌كردنی دیدوبۆچـوونەكانو ڕێگایـەك قبـوڵ

بکەن کە داواکاری زۆربە دابین بکا. بەپێچەوانەی نموونەی رابردوو کە حوکم دان لەسەر دیاردەیەك بوو، لێرەدا مەبەست لە هەڵبژاردن، دابین کردنی دیدوبۆچوونی زۆربەیە. یان گریمانە دەکەین کە ئەندامانی ئەنجوومەنێك دەیانەوێ لەبودجەی خۆیان بڕێك بۆ مەسەلەی دیکە تەرخان بکەن. دەنگ دان لەسەر ئەم مەسەلە تایبەتی‌یە لەراستی‌دا بەمەبەستی دابین بوونی بۆچوونی زۆربە بەڕێوە دەچێ. لەبەرهەندێ، هەڵبژاردن بۆ مەبەستی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێ کە هەندێکیان بریتیین لە:

**ئەلف: رەزامەندبوونی زۆربە**

گەلێ لە لێکۆڵەرەکان مەبەستی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەنجوومەن و کۆمیتەکان بە دابین کردنی داخوازی‌یەکانی زۆربەی خەڵکی دەزانن، چونکە خەڵکی داخوازی‌یان هەیەو نوێنەرەکانیان دەیانەوێ بۆ دابین کردنی ئەم داواکاری‌یانە هەوڵ بدەن. لەگەڵ ئەم پێش مەرجەدا، شتێکی سروشتی‌یە کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمەکانی هەڵبژاردن دا، ببینین کامە سیستەمی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی ئەوەی شایستەترین کاندیدا بەزۆرترین دەنگ هەڵبژێردرێ و لەوەرامی دووەمین پرسیاری گرنگ دا کە لەسەرەتادا کردمان، دەبێ بزانین کامە سیستەمی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی ئەوەی دابەش کردنی کورسی‌یەکان بەشێوەیەك بێ، ئەو حزبانەی لەلای خەڵکی بە متمانەترن، زۆرترین کورسی بکەنە هی خۆیان.

بۆ ئەوی بزانین کامە سیستەمی هەڵبژاردن خواست وبۆچوونی زۆرترین رێژەی دەنگدەران لە بازنەی هەڵبژاردن دا دەنوێنێ، دەبێ **یەکەم**، لەدابەش کردنی بازنەکان و **دووەم** لەشێوەی دابەش کردنی کورسی‌یەکان لەنێوان حزب و کۆمەڵەکان دا، شێوازێکی گونجاو دەست نیشان بکەین. ئەگەر بازنەی هەڵبژاردنی (یەك کورسی)مان پێ لە بازنەی هەڵبژاردنی چەند کورسی باشتر بێ، بەکردەوە سیستەمی هەڵبژاردنی زۆربەیەکی یەك قۆناغی یان دوو قۆناغیمان قبوڵ کردووە. هەڵبژاردن بە لیست و رێژە لەکاتێکدا دەگونجێ کە لەهەر بازنەیەك دا، چەند کورسی‌یەك بکەوێتە ململانێ، لەم کاتەدا، هەڵبژاردن دەتوانێ بەشێوەی لیست بێ و حزبە سیاسی‌یەکان بە پێشکەش

کردنی لیستی داخراو یان کراوه داوا له دهنگدهران بکهن دهنگ بهو کهسانه بدهن که ناویان له لیستی ئهوان دا تۆمار کراوه.

لهبارێکدا، ئهوهندهی کورسی‌یهکانی ئهنجوومهن، بازنهی ههڵبژاردنمان ههبێ و لهههر بازنهیهك دا تهنیا یهك کورسی بکهوێته رکابهری‌یهوه، دهتوانرێ لهناو سیستهمهکانی ههڵبژاردنی زۆربهی یهك قۆناغی، دووقۆناغی یان زۆربهی رهها، یهکێکیان ههڵبژێرین.

لایهنگرانی سیستمی رێژهیی گلهیی له بازنهی (تاکه کورسی) دهکهن و باوهڕیان وایه لهم سیستمهدا که دهنگدهر تهنیا یهك دهنگی ههیه و یهك رێگاشی ههیه، ناچاره به رایهکی سپی و تاکتیکی خواستی خۆی لهبهرچاو نهگرێ و کهسێك ههڵبژێرێ که ئومێدی سهرکهوتنی لهوانی دیکه زیاتره، له بارێکدا له سیستمی ههڵبژاردنی رێژهیی‌دا، چهندان بوارو رێگا لهبهردهم دهنگدهردا ههن که بهوهۆیهوه بتوانێ بهشێك له خواستهکانی دڵی دهرببڕێ. ئهوهی گوترا تهنیا وێنهیهکی گشتی و تێکڕایی چهند وهرامێکی ئهو دوو پرسیاره سهرهکی‌یهیه که له سهرهتادا خستمانه روو.

ههروهك گوترا، ههڵبژاردن لهلایهك دیارخهری پێکهاتهی ئهنجوومهن و لهلایهکی دیکهش نیشاندهری ههڵبژاردن و بهباشتر دانانی کهسهکانه لهبازنهی ههڵبژاردن دا. وا دابنێین چاوهڕوانیمان له ههڵبژاردن ئهمه بێ که سیستمێك ههڵبژێرین دڵنیابین شایستهترین کهس له بازنهکان دا ههڵدهبژێردرێن و دهنگدهران دهیانکهنه نوێنهری خواست و بۆچوونهکانی خۆیان.

بهم شێوهیه، لهبنچینهوه پێکهاتی ئهنجوومهن وهك مهسهلهیهکی دواناوهندی و ئاسایی دهردهکهوێ و لهناو سیستمهکانی ههڵبژاردن دا لهخۆوه بهرهو سیستمێك دهڕۆین که تیایدا تاکهکان دهتوانن داخوازی‌یهکانیان له ههڵبژاردن دا دهرببڕن و نوێنهرێك ههڵبژێرن که دهیناسن و زۆرترین متمانهی پێ دهکهن.

شتێکی سروشتی‌یه لهکاتی قبوڵ کردنی گریمانهیهکی وا دا، سیستمهکانی ههڵبژاردن که له سهر لیست بنیات نراون و تیایدا حزبهکان و رێبهره پیشهیی‌یهکانیان رۆڵێکی چارهنووسسازیان ههیه، سیستمێکی داواکراو نی‌یه و دهبێ سیستمێك

هەڵبژێرین کە تیایدا بازنەکان تاك کورسی‌یەو دەنگدەران لەبازنەی گچکەو ناسینی پێویست نوێنەری دڵخوازی خۆ هەڵدەبژێرن. لە بارێکی وادا، چەند سیستمێکی هەڵبژاردن، قابیلی لێکۆڵینەوەن.

**سیستمی هەڵبژاردنی زۆربەی یەك قۆناغی:** لەم سیستمەدا ئەنجامی هەڵبژاردن هەر لە خوولی یەکەم دا روون دەبێتەوەو لەناو کاندیداکان دا هەرکەس زۆرترین دەنگ وەدەست بهێنێ، هەڵدەبژێردرێ. گرفتە گەورەکانی ئەم سیستمی هەڵبژاردنە کە لە ئینگلستان بەڕێوە دەچێ، ئەمەیە: کاندیدایەك دەتوانێ بە دەنگێکی کەم هەڵبژێردرێ‌و ئەم شێوەیە بەکردەوە هەنگاوێکی زۆر نا دیموکراتیکە. لەلایەکی دیکەوە، دەنگدەر لەبەرئەوەی دەزانێ هەر لە خوولی یەکەم چارەنووسی هەڵبژاردن روون دەبێتەوە، ناچارە ئەوپەڕی وردەکاری‌و حیسابی خۆی بکاو دەنگ بە کەسانێك بدا کە ئومێدێکی زۆرتریان بۆ هەڵبژاردن هەیە. بە واتایەکی دیکە، دەنگدەر خواستە واقیعی‌یەکەی خۆی وەلا دەنێ‌و روو دەکاتە کاندیدایەك کە لەچاو ئەوانی دیکە بۆ ئەو لەپێشترە. بەم شێوەیە لەم سیستمەی هەڵبژاردن دا، دەنگدەر کەسێك هەڵدەبژێرێ کە لەدڵەوە بەتەواوی جێگای متمانەو قبوڵی ئەو نی‌یە، بەڵام بە ناچاری لەنێوان خراپ‌و خراپتردا، خراپ هەڵدەبژێرێ تا گرفتاری خراپترەکە نەبێتەوە.

ئەم جۆرە هەڵبژاردنە ((دەنگدانی تاکتیکی)) یان بە گۆتەی فەرانسەیی‌یەکان ((دەنگی بەسوود)) ی پێ‌دەگوترێ‌و دەنگی راستەقینەو دەربڕی خواستی دەروونی دەنگدەر نی‌یە.

لەگەڵ قبوڵ کردنی گریمانەی پێشتر دەبێ بەدوای شێوازێکەوە بین کە دەنگی راستەقینە تا دەکرێ جێگای دەنگی تاکتیکی یان بەسوود بگرێتەوە. یەکێك لە رێگاکان، قبوڵ کردنی هەڵبژاردنی دوو قۆناغی‌یەو رێگاکەی دیکە (دەنگی باشتر)ە. لەباری یەکەم دا، لەقۆناغی یەکەم دا دەنگدەر خواستی دڵی رادەگەیەنێ، بەڵام لەدووەمین قۆناغ دا رکابەری لەنێوان ژمارەیەکی کەمتردا دەبێ کە زۆرترین دەنگیان وەدەست هێناوە، جارێکی دیکە دەنگدەر ناچاردەبێ دەنگی تاکتیکی بدا.

وا دابنیێن سێ کاندیدا( ئەلف)، (بێ)، (جێ) رکابەری یەکتر دەکەن. دەنگدەرێك لەناو کاندیداکان دا (ئەلف)ی پێ لەوانی دیکە باشترە، بەڵام دەزانێ (ئەلف)لە هەڵبژاردن دا براوە نابێ و دوای(ئەلف) (بێ) لە(جێ) باشترە، بۆیە(بێ) هەڵدەبژێرێ. بەڵام دەنگدەرێکی دیکە لەنێوان کاندیداکان دا، (ئەلف)ی پێباشترەو دژی(جێ)یەوو (بێ)شی ناوێ. لەبەرئەوەی (ئەلف) براوە نابێ و لەبەرئەوەش دژی(جێ)یە، بەناچاریو لەدژی(جێ)، دەنگ بە (بێ) دەدا. ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو دوو دەنگدەرەی (بێ) هەڵدەبژێرن، هەردووکیان قبوڵی دەکەن، بەڵکو (بێ) بەدوو مەیلی تەواو لێك جودا، لەوانەیە هەڵبژێردرێ.

رێگای سێیەم ئەوەیە داوا لە دەنگدەرێك بکەین کاندیداکانی خۆی بە ریز هەڵبژێرێ. ئەم رایە (باشتر)ی پێ دەگوترێ، ئەم ئیجابیاتەی هەیە تاکەکەس بیروڕای خۆی باشتر دەردەبڕێ. هەڵبەت لێرەش، لەبەرئەوەی یەکەم بایەخێکی زۆری هەیە، دەنگدەر هەوڵدەدا لەم مەسەلەیەدا سوود لە دەنگی تاکتیکی یان بەسوود وەربگرێ و بێجگە لەم رێگایەش چارەیەکی تری نییە.

ئەم شێوەیە، ئەم ئیجابیەتەی هەیە کە تاکەکەس لەباتی یەك کەس، چەند کەسێك لە کارتی دەنگدان دا یەك لەدوای یەکتر ریزدەکا.

دەنگی تاکتیکی بێجگە لەوەی دەربڕی خواستی دەروونی دەنگدەر نییە، ئەم کەموکورتییە هەیە کە هەندێجار دەتوانێ لەسەر بنچینەی زانیاری هەڵە، ئەنجام بدرێ. لەبارێکدا، لەسەر بنچینەی راپرسی یان هۆیەکانی راگەیاندنەوە بەهەڵە ئومێدێکی زۆر بۆ یەکێك یان چەند کاندیدێك بخولقێ، ئەم زانیارییە نادروستانە دەبێتە بنەمای حیسابەکانی دەنگدەران.

لەو هەموو نموونانەدا، گریمانە ئەوەیە کە دابەش کردنی بازنەکان بەشێوەیەکە لە هەر بازنەیەك دا تەنیا یەك کەس هەڵدەبژێردرێ و بەواتایەك بازنەکان تاکە کورسین. یان لەهەموو وڵات دا، بەژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەن، بازنەی هەڵبژاردنمان

هەیەو لەهەر بازنەیەك دا تەنیا كورسی‌یەك دەخرێتە مەیدانی ركابەری‌یەوەو دەنگدەر تەنیا یەك كەس هەڵدەبژێرێ، نەك چەند كەسێك.

**بێ: پێكهێنانی دەوڵەتانی جێگیرو كارا:** هەروەك گوترا، هەڵبژاردن نیشاندەری خواستی تاكەكانەو لەهەمان كاتیشدا دەست نیشانكەری پێكهاتی ئەنجوومەن یان دەوڵەتو لەئەنجام دا خاوەنی كاریگەری‌یەكی كۆمەڵایەتی و گرنگە. پرسیاری دووەم ئەمەیە چۆن كورسی‌یەكان لەنێوان حیزبو كۆمەڵە جۆراوجۆرەكان دابەش بكەین.

دەتوانین دوو وەرامی لێك جودای ئەم پرسیارە بدەینەوە:

١-ئەنجوومەن یان دەوڵەت هەردووكیان هی حیزبێكن كە زۆرترین دەنگی هەیە، لە ئەنجام دا زۆربەی رەها یان هەموو كورسی‌یەكان هی زۆربەیە.

٢-هەر حیزب و كۆمەڵەیەك بەرێژەی دەنگیان لەئاستی نیشتمانی‌دا، دەبێتە خاوەنی كورسی لەئەنجوومەن. كەواتە، ئەگەر حیزبی (ئەلف) لەسەدا١٠٪ی دەنگەكانی هەڵبژاردن بەدەست بهێنێ، لەسەدا١٠٪ی كورسی‌یەكان دەبنە هی‌ئەو.

هەڵبەت واقیعیەت شتێكە لەنێوان ئەم دووبارەدایە، چونكە بەزۆری هەموو كورسی‌یەكان نادرێنە حیزبی سەركەوتوو، وبەكردەوە حیزبەكان بەرێژەی دەنگەكانی خۆیان نابنە خاوەنی كورسی‌یەكانی نوێنەرایەتی.

لێرەدا، دەگەینە سەر دووڕیانێكی گرنگو ئەم هەڵبژاردنە بەتەواوی سیاسی‌یانەیە. لەراستی‌دا دەبێ لەنێوان (دادپەروەری)و جێگیری‌و مانەوەی حكومەت دا یەكێكیان هەڵبژێرین. سیستمە رێژەیی‌یەكان زۆر لە دادپەروەری نزیكترن، چونكە دەربڕی واقیعی بیروڕای گشتی‌یە لە ئەنجوومەن‌و دەوڵەت دا. بەڵام ئەو حكوومەتانەی لە ئەنجامی ئەم سیستمی هەڵبژاردنە بەزۆری ناجێگیرن‌و پشت بە ئیئتیلافی لەرزۆك دەبەستن. لەبەرامبەردا، سیستمی زۆربە كە تیایدا حزبی سەركەوتوو حزبی فەرمانڕەوایە، سیستمێكی جێگیرو بەردەوامو تەواو پتەوە.

لێرەدا دوو سیستم لەبەرامبەر یەكتردا، دەخرێنەروو: سیستمێكی رێژەیی‌و سیستمێكی زۆربە خوازی. لە سیستمێك دا كە زۆربە فەرمانڕەوایە دوو شێوەی

دابـەش کردنـی کورسـی‌یەکان، خـۆ دەنـوێنن. **شـێوەی یەکـەم**، ئەمەیـە کـە هـەموو کورسی‌یەکان ببنە هی حیزبی سەرکەوتووو **ئـەوی دیکـە** ئەمەیە حیزبی سەرکەوتوو لەسەدا زۆرترین کورسی بکاتە هـی خـۆی. **لـەباری دووەم** دا ڕێژەی سـەدی دەنگـەکانی حزبەکان حیساب دەکرێن و لەگەڵ ژمارەیەك دا (جاران) دەکرێن. بۆ نموونە: ئەگەر سێ حزبی **شین**، **سوورو زەرد** یەك لە دوای یەك ٤٠٪، ٣٥٪، ٢٥٪ی دەنگەکان بەدەست بهێنن، لە کاتێکدا بڕیارە ئەنجامەکان لەگەڵ ١/٣ جاران بکرێن، حزبی سەرکەوتوو لەسەدا ٥٢٪ی کورسی‌یەکانی پێ دەبڕێ و پاشماوە واتە لەسەدا ٤٨٪ لـەنێوان حزبەکانی‌تر دابەش دەکرێ و دوو حزبەکە یەك لەدوای یەك دەبنە خاوەنی ٢٨٪ و ٢٠٪ی کورسی‌یەکان. ئـەم شـێوەیە پاداشـتی زۆربـەی پـێ‌دەگوترێ، لەراستی‌دا ڕێگایەکی میانەڕۆیە لەنێوان سیستمی زۆربەو ڕێژەیی. ئامانجی ئەم شێوەیە، کۆکردنەوەی چاکەکانی سیستمی ڕێژەیی و زۆربەیی‌یە. هەروەك دەبینرێ لەم بارەدا حزبی شین بە ٤٠٪ی دەنگەکانی زیاتر لە ٥٠٪ی کورسی‌یەکان دەکاتە هی خۆی.

لایەنگرانی ئەم سیستمە لەو باوەڕەدان پێڕەوکردنی شێوەیەکی لەم جۆرە جێگیری و بەردەوامی‌یەکی پێویست بە حکومەت دەبەخشێ، چونکە یەکەم" دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو حزبەی زۆرترین دەنگەکانی وەدەست هێناوە، ببێتە خاوەنی زۆرترین کورسی و لەلایەکی دیکەش حزبە نارازی‌یەکان بەدەنگی کەمتر لەوەی هێناویانە بچنە ناو ئەنجوومەنەوە. بە پێچەوانەی سیستمی ئینگلستان کە لە بەرامبەر زۆربەدا، حزبی نارازی بەدەنگێکی زۆر بەرزی کورسی‌یەکان ئامادەیە، لێرەدا حزبی زۆربە لەگەڵ چەند کۆمەڵەیەکی نارازی بەدەنگی کەمتر ئامادەیەو بۆ حزبی فەرمانڕەوا نابێتە مەترسی‌یەکی جدی.

پێشتر لە چۆنیەتی دابەش کردنی کورسی‌یەکانی دواین. لێرەدا تەنیا نموونەیەك باس دەکەین. پێش دەست نیشان کردنی سیستمێکی هەڵبژاردن دەبێ لەخۆمان بپرسین چ جۆرە سیستمێکی سیاسیمان دەوێ، لەهەڵبژاردن چی چاوەڕوان دەکەین و لەنێوان لەبەرچاوگرتنی دادپەروەری یان جێگیری و بەردەوامی حکومەت دا کامەی

هەڵدەبژێرین. لەبارێکدا سیستمێکی جێگیرمان پێ باشتر بێ، دەبێ واز لە هەڵبژاردنی ڕێژەیی بهێنین و لەدابەش کردنی کورسی‌یەکانی ئەنجوومەن سوود لە شێوەی ((هەموو کورسی‌یەکان بۆ زۆربە یان زۆربەی کورسی‌یەکان بۆ زۆربە))وەربگرین.

**٢-شوێنەوارو دەرەنجامە دەروونی- کرداری‌یەکانی یاساکانی هەڵبژاردن**

یەکێك لەو مەسەلانەی کە دەبێ لەدەست نیشان کردنی سیستمێکی گونجاوی هەڵبژاردن دا لەبەرچاو بگیرێ، شوێنەوارو ئاکامە سیاسی- کۆمەڵایەتی‌یەکانی سیستمێکی هەڵبژاردنە. بێ‌هودە نی‌یە کە هەندێ تۆژەرەوە یاسای هەڵبژاردنی وڵاتێك بە دەستووری ئەو وڵاتە لەقەڵەم دەدەن، چونکە ئەو یاسایەی هەڵبژاردنە خاوەنی شوێنەوارێکی سیاسی و هەتا دەروونیشە، بۆیە دەست نیشان کردنی سیستمێکی هەڵبژاردن بۆ وڵاتێك، پێویستی‌یەکی ژیانە.

**کاریگەری یاساکانی هەڵبژاردن بەسەر ڕەفتاری حزبە سیاسی‌یەکانەوە**

یاساکانی هەڵبژاردن کاریگەری‌یەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر ڕەفتاری سیاسی حزبەکان و دەنگدەرانەوە هەیە. یاسای هەڵبژاردن لەزۆر ڕووەوە دەتوانن کار لە حزبە سیاسی‌یەکان بکەن. تۆژینەوەکان ئەو واقیعە دەردەبڕن کە یاساکانی هەڵبژاردن کار لە ژمارەی حزبە سیاسی‌یەکانی وڵاتێك دەکەن. **بلیس و کارتی** لە ساڵی ١٩٩١ لە لێکۆڵینەوەیەك دا لە ٥٠٩ هەڵبژاردنی ٢٠ وڵاتیان کۆڵی‌یەوەو بە بەراوردکردنی یاساکانی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتانە گەیشتنە ئەم ئەنجامە کە لە هەڵبژاردنی سیستمی هەڵبژاردنی یەك قۆناغی‌دا بەشێوەیەکی ناکۆیی ٥ حزب، لە سیستمی زۆربەی دوو قۆناغی و لە سیستەمی ڕێژەیی، ٨ حزب لەمەیدانی هەڵبژاردن دا دەکەونە ڕکابەریی هەڵبژاردن.

کەواتە ئەگەر لەهەل ومەرجی سیاسی‌وکۆمەڵایەتی تایبەتی وڵاتێك دا، بوونی حزبە جۆراو جۆرەکان هەڕەشە لە جێگیری سیاسی و تەبایی کۆمەڵایەتی بکەن، بەشێوەیەکی سروشتی سیستمی زۆربەی یەك قۆناغی پێویست دەبێ و دەتوانێ ڕێگا لە پێکهاتنی حزبی بچووك بگرێ. ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە لە سیستمی زۆربەی یەك

قۆناغیدا، ئومێدی حزبە بچووکەکان بە وەدەست هێنانی کورسی نوێنەرایەتی لە ئەنجوومەن دا کەمەو بێجگە لە پەیوەست بوون بە ئۆردووی حزبە گەورەکان ڕێگاچارەیەکی دیکەیان نییە. هەندێ لێکۆڵەرەوە سیستمی دوو حزبی ئینگلستان بە قەرزاری سیستمی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتە دەزانن. ئەگەر ئەم جۆرە پەیوەندییە هۆو هۆکارە لەنێوان ئەم دوو دیاردەیەدا هەیە، بەلایەنی کەمەوە دەبێ بگوترێ یەکێك لە گۆڕانکارییە نا سەربەخۆکانی روونکەرەوەی سیستمی حزبی ئینگلستان دەبێ لە سیستمی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەدا بدۆزرێتەوە. لە بەرانبەردا، لە سیستمەکانی ڕێژەییدا کە حزبە سیاسییە بچووکەکان دەزانن بەپێی ڕێژەی دەنگەکانی خۆیان دەتوانن لە ئەنجوومەن دا ببنە خاوەنی کورسی نوێنەرایەتی، زەمینە بۆ پێکهاتن و گەشەستاندنی کۆمەڵەو فرەحزبی سیاسی لەبارترە.

یاساکانی هەڵبژاردن دەتوانن شێوەو شێوازی پروپاگندەو ڕکابەریی حزبەکانیش بەتووندی بخەنە بەر کاریگەریی خۆیانەوە. **کاتز** لە ساڵی ١٩٨٠ بە تۆژینەوەی سیستمەکانی هەڵبژاردنی کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان، بینی: ئەو کۆمەڵانەی خاوەنی سیستمی ڕێژەیی و بازنەی گەورەو چەند کورسین، حزبی سیاسی خاوەنی ئایدیۆلۆژییان هەیە. بەتایبەتی سیستمی لیستی داخراو دەبێتەهۆی ئەوەی حزبە سیاسییەکان دەستەڵاتێکی زۆر پەیدابکەن و ڕێبەرەکانیان ببنە یاریکەرە سەرەکییەکانی مەیدانەکانی هەڵبژاردن. لە سیستمێکی وادا حزبە سیاسییەکان بەزۆری باوەڕیان بە ناوەندێتی هەیەو پروپاگندە لە دەوری حزب دا دەسووڕێتەوەو کاندیداکان لەدەست نیشان کردنی ڕێبازی هەڵبژاردن ڕۆڵێکی سەربەخۆو گرنگیان نییە. بەڵگەی ئەمە ڕۆشنە، چونکە لە سیستمی لیستی داخراودا، ڕێبەرانی حزبەکان نە تەنیا دانەری ناوی ناو لیستەکانن، بەڵکو بەدەست نیشان کردنی شێوەی ڕێکخستنی لیستەکان بەکردەوە بڕیار دەدەن کە کێ دەبێ ببێتە نوێنەری حزب لە ئەنجوومەن دا. پێشتر بینیمان، لەبەرئەوەی حزبەکان تا ڕاددەیەکی زۆر دەتوانن مەزەندەی ڕێژەی سەدی دەنگەکانی خۆیان بکەن، ڕێژەیەکی سەدی دیارکراوی

کەسەکانیش کە لە پێشەوەی لیستەکەدان، بەمسۆگەری دەچنە ئەنجوومەن و هەندێ لەوانەش کە لەدواوەی لیستەکان دان، بەمسۆگەری ئومێدی چوونە ناو ئەنجوومەنیان نابێ. پوختەکەی، لە سیستمی لیستی داخراودا ڕێبەرانی حزبەکان هەرچی‌یەکی بیانەوێ ئەنجامی دەدەن و هەروەها دەست نیشانکەری سەرەکی ڕێبازی پروپاگندەن. لەبەرهەندێ، ئەوانەی دەیانەوێ دەستکاری و ریفۆرمی یاساکانی هەڵبژاردن بکەن، دەبێ پێش دەست نیشان کردنی سیستمێکی کارای هەڵبژاردن، لەخۆیان بپرسن ئایا دەیانەوێ دەستەڵات بە حزبە سیاسی‌یەکان بدەن یان نا.

ئەگەر بەهەر بەڵگەیەك، یاسادانەران بیانەوێ حزبە سیاسی‌یەکان یاریکەرانی سەرەکی مەیدانی سیاسەت بن، سیستمی ڕێژەیی و لیستی داخراو باشترین سیستمە و نابێ لەدەست نیشان کردنی‌دا دوو دڵی‌یەك نیشان بدرێ. وانەبێ، دەبێ بیر لە دەست نیشان کردنی سیستمێکی دیکەی هەڵبژاردن بکەینەوە.

لە بەرانبەردا، سیستمی ڕێژەیی بە لیستی کراوە تا ڕاددەیەك لە تووندی دەستەڵاتی حزبە سیاسی‌یەکان کەم دەکاتەوە و تاڕاددەیەك زەمینە بۆ ئازادی کاری کاندیداکان فەراهەم دەکا. لەبەرئەوەی دەنگدەران بە دڵی خۆیان لەناو کاندیداکانی حزبەکان دا، دەنگ دەدەن، پروپاگندە تاڕاددەیەك بەرەو کاندیدەکان دەچێ. هەروەك دەبینرێ، سیستمی هەڵبژاردن دەتوانێ کاریگەری‌یەکی ڕاستەوخۆی بەسەر ڕەفتاری حزبە سیاسی‌یەکان و کاندیداکانەوە هەبێ.

**یاساکانی هەڵبژاردن و کاریگەری ئاکامەکانی لەسەر ڕەفتاری دەنگدەران**

سیستمی هەڵبژاردن نە تەنیا کار لە ڕەفتار و ڕێبازی حزبە سیاسی‌یەکان دەکا، بەڵکو کاریگەری‌یەکی دەروونیشی بەسەر ڕەفتاری دەنگدەرانەوە هەیە.

یەکەمین کاریگەری سیستمی هەڵبژاردن بەسەر دەنگدەرەوە باس کرا. ئەوەش گوترا کە لە سیستمی زۆربەی یەك قۆناغی‌دا، دەنگدەران ناچارن لەباتی هەڵبژاردنی کەسانی بەمتمانە و بەدڵی خۆیان، کەسانێك هەڵبژێرن کە ئومێدێکی زۆرتریان هەیە بگەنە ئەنجوومەن. ئەم ڕایە کە (دەنگی سپی) یان (دەنگی تاکتیکی) پێ‌دەگوترێ،

هەندێجار دەبێتەهۆی ئەوەی دەنگدەر لەناو خراپ و خراپتردا، خراپەکە هەڵبـژێرێ تا ڕێگا لە خراپترەکە بگرێ.

بەشێوەیەکی سروشتی لە سیستەمەکانی ڕێژەیی‌دا خەڵکی هەلێکی باشتریان بۆ دەرخستنی خواستەکانیان هەیەو دەنگی تاکتیکی جێگای خۆی بۆ دەنگی واقیعی بەجێ دەهێڵێ. هەڵبەت دەگوترێ کە لەزۆربەی سیستەمە ڕێژەیی‌کانیش دا، حزبە سیاسی‌یەکان بۆ ئەوەی بتوانن بەرێژەی دەنگەکانیان لەدەست نیشان کردنی کورسی نوێنەرایەتی‌دا بەشداربن، دەبێ بگەنە ڕاددەی دەست نیشان کراو. ئەم ڕاددە دەست نیشان کراوە لەوڵاتە جۆراوجۆرەکان دا لێك جودایەو هەندێ جار دەگاتە ١٢٪. ئەوەش مانای ئەمەیە ئەو حزبانەی دەنگەکانیان لەڕاددەی دەست نیشان کراو کەمترە، هیوای وەدەست خستنی کورسی نوێنەرایەتی‌یان نی‌یەو لایەنگرانیان بێجگە لەدەنگی تاکتیکی ڕێگاچارەیەکی دیکەیان نی‌یەو لەبەر هەندێ لە سیستەمی ڕێژەییش دا دەنگی بەسوود یان تاکتیکی یەکسەر لەناوناچێ. **ریچارد گیونر** بە لێکۆڵینەوەی هەڵبژاردنی جۆراوجۆر لەو وڵاتانەی سیستەمی ڕێژەیی پێڕەو دەکەن، نیشانی داوە کە لایەنگرانی حزبە بچووکەکان بەزۆری دەنگ بە حزبەکانی خۆیان نادەن و ئەو حزبانە هەڵدەبژێرن کە دڵنیابن لەڕاددەی دیارکراوی دەنگ، دەنگ زیاتر دێنن.

لە هەڵبژاردنی زۆربەی دوو قۆناغی‌دا، دەنگدەران لە قۆناغەکانی یەکەم و دووەم دا ڕەفتاری لێك جودایان لێ دەوەشێتەوە. لە یەکەمین خولی هەڵبژاردن دا، تاکەکان بەزۆری دەنگ بە حزب و کۆمەڵەی خۆیان دەدەن و حزبەکان دەتوانن ژمارەی هەوادارەکانی خۆیان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردن دا، بزانن. بەڵام لە خوولی دووەم دا، دەنگدەران ناچارن دەنگی تاکتیکی بەکاربهێنن و هەوڵ دەدەن دەنگی بەسوود بەو کەس و حزبانە بدەن کە ئومێدێکی زۆرتریان بۆچوونە ناو ئەنجوومەن هەیە.

**یاساکانی هەڵبژاردن و پێکهاتەی ئەنجوومەنی یاسادانەر**

هەروەك پێشتر باسمان کرد، یاساکانی هەڵبژاردن دەرخەری شێوەی دابەش بوونی کورسی نوێنەرایەتی‌یە لەناو کۆمەڵە و حزبە سیاسی‌یەکان دا. ئەم خاڵە لەگەڵ ڕووەوە

بایەخدارە، چونکە پێکهاتەی ئەنجوومەن دیارخەری ڕێبازی سیاسی بنچینەیی وڵاتێکەو لەزۆربەی وڵاتان دا دەستەڵاتی یاسادانان، پێگەیەکی باڵای هەیە.

بۆ دەست نیشان کردنی پێکهاتەی ئەنجوومەن‌و دابەش کردنی کورسی‌یەکان لەناو حزبە سیاسی‌یەکان دا، دوو شێوەی سەرەکی بەرانبەر یەك هەن:

**ئەلف:** شێوەی زۆربەی یەك قۆناغی لەگەڵ ((هەموو کورسی‌یەکان بۆ حزبی زۆربە)) کە بە مانای تەرخان کردنی زۆربەی کورسی‌یەکان بۆ حزبی زۆربەیە. ئەم شێوەیەش خۆی، بە چەند جۆرێك پێڕەو دەکرێ:

١-زۆربەی دوو قۆناغی کە لەسەر ئەو بنچینەیە زۆرترینی کورسی‌یەکان دەدرێنە حزبی زۆربەو دوای ئەوە زۆربەی ئەو کورسی‌یانەی دەمێنێتەوە، دەدرێنە حزبی دووەم کە دوای حزبی یەکەم زۆرترین دەنگی وەدەست هێناوە و دوای ئەویش ئەو کورسی‌یە کەمانەی دەمێننەوە دەدرێنە حزبەکانی دیکە. هەروەك پێشتر گوترا، لەم شێوازەدا حزبەکان بەرێژەی دەنگەکانی خۆیان نابنە خاوەنی کورسی‌و ئەو حزبەی زۆربەی دەنگەکان وەدەست دەهێنێ، ڕێژەی سەدی کورسی‌یەکانی زۆر لەو ڕێژەی سەدی‌یە زۆرترە کە لە هەڵبژاردن دا وەدەستی هێناوە. حزبی دووەمیش بەکردەوە ئەو کورسی‌یانەی وەدەستی دەکەوێ لەو ڕێژە دەنگە زیاترە کە لە هەڵبژاردن دا وەدەستی هێناوە. ئەم سیستەمەی هەڵبژاردن بە قازانجی حزبە گەورەکانەو دەبێتەهۆی ورۆژانی نارەزایی حزبە بچووکەکان. گرنگترین ئیجابیاتی ئەم شێوەیە، جێگیری‌و بەردەوام بوونی حکومەتەکانە. چونکە حزبی زۆربە بەبێ ئەوەی پێویستی بە هاوپەیمانی‌و ئیئتلاف لەگەڵ حزبەکانی‌تر هەبێ، حکومەت پێك دەهێنێ.

٢-لەسەر بنچینەی شێوازێکی دیکە، حزبی زۆربە وەك ڕابردوو زۆربەی زۆری کورسی‌یەکان دەکاتە هی خۆی‌و پاشماوەی کورسی‌یەکان تەقریبەن بەرێژەی دەنگی حزبە کەمینەکان بەش دەکرێ. لایەنگرانی ئەم شێوازە باوەڕیان وایە دووبەرەکی لەنێوان کەمینەو دابەش کردنی کورسی‌یەکان لە نێوانیان دا دەبێتەهۆی ئەوەی

کەمینەیـەکی بـەهێز لـە بەرانبـەر زۆربـەدا پێـك نەیـەت و حزبـی زۆربـە بەدەسـتێکی کراوەترو بەبێ ڕێگری و تەگەرەکانی حزبی دووەم حکومەت بەڕێوە ببا.

٣-شێوازێکی دیکەی دابەش کردنی کورسی‌یەکان، شێوازی ڕێژەیی‌یە. لەسەر ئەم بنەمایـە هـەر حزبێـك بەرێـژەی دەنگـی خـۆی لەهەڵبـژاردن، دەبێتـە خـاوەنی کورسی‌یەکانی ئەنجوومەن و کورسی‌یەکان بەرێژە لەناو حزبە سیاسی‌یەکان دا دابەش دەکـرێ. لەزۆربـەی وڵاتـان، وەدەسـت خسـتنی لایـەنی کـەمی ڕێژەیـەکی سـەدی کـە بـەزۆری لـە ٥٪ کـەمتر نی‌یـە، لەلایـەن حزبـە سیاسـی‌یەکانەوە بەمـەرج دانـراوە، تـا لەدابەش کردنی کورسی‌یەکان دا بەشداربن. لە ئەنجام دا، ئەو حزبانەی نەیانتوانیوە ٥٪ی دەنگەکان وەدەست بهێنن، مافی بەشداری‌یان نی‌یە لە ئەنجوومەن دا.

شێوازی یەکەم لەسەر بنەمای دەستەڵات و ئازادی کاری حزبی زۆربە دامەزراوە، بۆ ئەو کۆمەڵانەی پێویستیان بە حکومەتی بەهێزە، زۆر گونجاوە. ئەم شێوازە بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کە دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دروست دەبێ، شـتێکی عەمەلی‌یـەو دەبێتـەهۆی ئـەوەی حکومـەت بەراحـەتی و ئازادانـە بتوانـێ پرۆژەکانی خۆی لەماوەی نێوان دوو هەڵبژاردن دا جێبەجێ بکا. هەندێ کەس، ئەم شـێوەیەیان ناونـاوە (**دیکتـاتۆری هەڵبـژاردن**)، چـونکە حزبـی هەڵبـژێردراو هـەموو دەستەڵاتێکی هەیەو نوێنەرانی زۆربە کە دەستەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی و یاسادانانیان بەدەستەوەیە، بەکردەوە نارازی‌یەکانی خۆیان بێ‌چەك دەهێڵنەوەو هیچ تەگەرەکیان لەبەردەم دا نی‌یە.

حکومەتـە دەرکـەوتووەکانی ئـەم سیسـتمەی هەڵبژاردنـە، لەبەرئـەوەی دەرەنجـامی هاوپەیمانی و ئیئتلافە لەرزۆکەکان نین، بەبێ هیچ نیگەرانی و دوودڵی‌یەك حکومەت دەکەن.

لە ئەڵمانیا، ڕێگایەکی میانەڕۆ هەڵبژێردراوە. داوا لە دەنگدەر دەکرێ، لە بازنەیەکی بچووکی هەڵبژاردن دا کە تیایدا تەنیا یەك کورسی دەخرێتە ڕکابەری‌یەوە، کەسێك هەڵبـژێرێ. لـەکۆی ئـەو کەسـانەی لەبازنـە جۆراوجۆرەکانـدا کـە بـەپێی سیسـتمی

زۆربەی یەك قۆناغی، وەك ئینگلستان هەڵدەبژێردرێن، پێکهاتی نیوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی دەست نیشان دەکرێ. دەنگدەری ئەڵمانی هەر لەوکاتەدا، لیستێك لە کاندیدای حزبە سیاسییەکان لە بازنەیەکی گەورەی حکومەتی ناوخۆ( لندەر) هەڵدەبژێرێ و لەراستیدا دەنگیش بەحزبەکەی خۆی دەدا، ئەو حزبانەی دەنگی زۆرتر لە ٥٪ وەدەست بهێنن، بەرێژەی دەنگەکانی خۆیان پاشماوەی کورسییەکانی ئەنجوومەن دەکەنە هی خۆیان. ئەو حزبانەش کە دەنگیان لە ٥٪ کەمترە، نوێنەرایەتی بازنەی خۆیان دەپارێزن، بەلام مافیبوونی نوێنەرانی حزبیان نییەو لەدابەش کردنی کورسییەکان لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا بەشداری ناکەن. لەبەرهەندێ، هەرگیز ژمارەی دیارکراوی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی پێشتر دەست نیشان نەکراوەو لەهەر خولێك دا دەکرێ چەند کورسییەك زیاد یان کەم بێ.

لەم سیستمەی هەڵبژاردن دا هەوڵ دراوە، سوود لە ئیجابیاتی سیستمەکانی دیکەی هەڵبژاردن وەرگیرێ. هەڵبژاردن لە ئاستی بازنەکان وەك ئینگلستان و بەشێوەی زۆربەی یەك قۆناغییەو لەئاستی حکومەتی ناوخۆدا بەشێوەی رێژەیی و بەلیستە. لەم سیستمەدا ئامانجی سەرەکی ئەمەیە تاکەکان، نوێنەرەکانی خۆیان لەبازنەکان هەڵبژێرن و لەهەمان کاتیشدا چارەنووسی حزبە سیاسییەکان و شێوەی دابەش کردنی کورسییەکان بۆ حزبەکانیش لە سیستمێکی جێگیردا روون بکاتەوە.

پەیوەندی لەنێوان ئاستی دەنگەکان و ژمارەی کورسییەکان، یەکێك لە بابەتەکانی پەیوەست بە مەسەلەکانی هەڵبژاردنە. (رای) یەکێکە لەو تۆژەرەوانەی کە بەلێکۆڵینەوەی سیستمە جۆراوجۆرەکان، لە پەیوەندی ئەم دوو دیاردەیە واتە دەنگ و کورسی کۆڵیوەتەوە. ئەو دەگاتە ئەم ئەنجامە کە لە سیستمەکانی رێژەییدا، ئاستی لادانی دەنگ لەرێژەی سەدی کورسییەکان ١,٠٧ و لەسیستمەکانی زۆربەدا ١,٢٠ی سەدییە. (رای) دوای لێکۆڵینەوەی ئامارێك لەمەڕ رێژەی دەنگ و رێژەی سەدی کورسی، ئەوە هەڵدەهێنجێ کە لەهەموو سیستمەکانی هەڵبژاردن دا، حزبە گەورەکان لەرێژەی دەنگەکانی خۆیان زیاتر دەبنە ماخۆی کورسی ئەنجوومەن، بەلام

ڕێژەی ئەم لادانە ئامارییە لە سیستەمەکانی ڕێژەیی و لە سیستەمەکانی زۆربەی یەك قۆناغیدا، زۆرترە. ناوکۆیی ئیمتیازی زیاتری حزبە گەورەترەکان لەوەدەست خستنی کورسییەکان، لە سیستمی زۆربەی یەك قۆناغیدا (٨) و لە سیستمی ڕێژەییدا(١).

پێش دەست نیشان کردنی سیستمی هەڵبژاردن، دەبێ سرنج بدرێتە ئەم خاڵە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان وەدەست خستنی زۆربەی دەنگی پەرلەمان و سیستمی هەڵبژاردن دا، هەیە.

**بلیس و کارتی**، بەلێکۆڵینەوەی ٥١٠ هەڵبژاردن لە ٢٠ وڵاتی جۆراوجۆری دنیا، گەیشتنە ئەم ئەنجامە کە تەنیا ١٠٪ی ئەنجوومەنەکانی یاسادانان لەسەر بنەمای سیستمی ڕێژەیی دەبنە هۆی پێکهاتنی زۆربەیەکی پەرلەمانی، بۆیە بەلایەنی زۆرەوە بەرێژەی ٩٠٪ دەتوانرێ لەو باوەڕەدا بین کە سیستمی ڕێژەیی ڕووبەڕووی گرفتی وەدەست خستنی زۆربەی پەرلەمانییەو حزبەکان ناچارن لەگەڵ یەکتردا ئیئتلاف بکەن بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی زۆربەی پەرلەمان.

**لیچ فارت** لە لێکۆڵینەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٧ وڵات لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥و ١٩٩٠ دەگاتە ئەم ئەنجامە کە تەنیا ٢٠٪ی ئەنجوومەنەکان لەسەر بنەمای سیستمی ڕێژەیی توانیویانە زۆربەی پەرلەمان وەدەست بهێنن. ئەو، ئەوە هەڵدێنجێ، کە لەم سیستمەدا بۆ ئەوەی حزبێك بتوانێ زۆربەی دەنگی پەرلەمان وەدەست بهێنێ، پێویستە ڕاددەی لایەنی کەمی وەدەست خستنی کورسییەکانی تا دەکرێ باڵابێ تا حزبە گچکەکان لەملوانکەی ئەنجومەن بسڕنەوە وحزبە گەورەکان بتوانن زۆربەیەکی پێویست وەدەست بخەن. لەبەر هەندێ، سیستمی ڕێژەییش لە بارێکدا دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی زۆربەی پەرلەمانی، ئەگەر بە شێوەیەکی باشتر، دەستکاری کرابێ. ڕەنگە بتوانرێ بگوترێ سیستمی ڕێژەیی دەستکاری نەکراو کەمتر دەتوانێ ئەو زۆربە پێویستە وەدەست بهێنێ.

لەکاتێکدا ڕاددەی پێویست ١٠٪ بێ، دەتوانرێ تا ٣٠٪ ئەگەر دابنرێ کە سیستمی ڕێژەیی بتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی حزبێك لە پەرلەمان دا بێتە خاوەنی زۆربەی

کورسی‌یەکان. ئیسپانیا یەکێك لەو وڵاتانەیە کە بە راددەی پێویستی دەنگ بۆچوونە پەرلەمان، هەندێ جار زۆربەی پەرلەمانی بۆتە هی یەك حزب.

لە بەرانبەردا، سیستمی زۆربەی یەك قۆناغی تا ٦٩٪ دەتوانێ ببێتە هۆی دروست بوونی زۆربەی یەك حزب لە ئەنجوومەن دا. لیچ فارت لە لێکۆڵینەوەی خۆیدا کە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥و١٩٩٠دا ئەنجامی داوە، گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە کە راددەی سەدی پێویست بۆچوونە پەرلەمان زۆرترەو لە سیستمی زۆربەی یەك قۆناغیدا تا ٩٣٪ ئەگەری زۆربەی پەرلەمانی لێدەکەوێتەوە.

لەمەڕ سیستمی هەڵبژاردنی دوو قۆناغیدا، لێکۆڵینەوەکان بارێکی ناوکۆ نیشان دەدەن. تۆژینەوەی هەڵبژاردن لە ئوسترالیاو فەرانسە نیشانی دەدا کە لە٥٠٪ی هەڵبژاردنەکان، زۆربەی پەرلەمانی وەدەست هاتووە.

**٣-سیستمەکانی هەڵبژاردن و کاریگەری بەسەر چاکسازیی هێزە سیاسیەکانی وڵات دیدوبۆچوونە جیاوازەکان:**

(**مۆریس دوروژە**)ی بیریاری بەناوبانگی فەرانسەیی لە ساڵی ١٩٥١یاسا بەناوبانگەکەی خۆی لەمەڕ پەیوەندی نێوان سیستمی حزبی و سیستمی هەڵبژاردن، راگەیاند. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی تا راددەیەك درێژ، یاساکانی دوروژە هێشتاش هێزو متمانەی خۆیان ماوەو تۆژەرەوەکان لە تاقیکردنەوەکانی ئەم تیوریانە دەکۆڵنەوە. دوروژە لە کتێبی (**حزبە سیاسیەکان**)دا کاریگەری سیستمی هەڵبژاردن لەسەر پێکهاتی حزبە سیاسی‌یەکانی لە سێ پرەنسیپی گشتیدا پوختەکردووە کە لێرەدا باسیان لێوە دەکەین.

لەدیدی مۆریس دوروژە دا، خولی سیستمی هەڵبژاردنی زۆربەی یەك قۆناغی دەبێتە هۆی پەیدابوونی سیستمی دوو حزبی، چونکە لە سیستمێکی وا دا حزبە سیاسی‌یەکان بە تەنیا شانسی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنیان نی‌یەو دەبێ هەموو کۆمەڵەو باڵە لێك نزیکەکان بۆ پێشکەش کردنی کاندیدای هاوبەش بخەنەگەڕ. لە ئەنجام دا، بەکردەوە حزبە گچکەکان ئومێدیان بە سەرکەوتن نی‌یەو ناچارن پەیوەندی

بە حزبە گەورەکانەوە بکەن. بەم شێوەیە دوو ئاقار یان دوو حزبی گەورەو بەهێز دەخولقێنن و حزبەکانی دیکە بە یەکێك لەم دوانە، وابەستە دەبن. بۆ نموونە: لە ئینگلستان هیچ کۆمەڵە یان حزبێکی سیاسی بەبێ ئەوەی خۆی بە خۆپارێز یان کرێکار بزانێ، ئومێدێکی وای بە سەرکەوتن و وەدەست خستنی کورسی لە ئەنجوومەندا نی‌یە.

لە سیستمی هەڵبژاردنی زۆربەیەکی یەك قۆناغی‌دا، کەسانێك کە لەچاو خەڵکانی دیکە دەنگی زۆرتر وەدەست دێنن، دەبنە براوەی هەڵبژاردن. ئەنجام، لە کاتێکدا کۆمەڵەو حزبە جۆراوجۆرەکان لە هەڵبژاردن دا بەشداری دەکەن، لەوانەیە یەك حزب بەدەنگێکی کەمیش ببێتە براوەی هەڵبژاردن.

ئەم سیستمە کە تا شەڕی جیهانی‌ی یەکەم، سیستمی هەڵبژاردنی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی بووە، کاریگەری‌یەکی بەرچاوی لەسەر شێوەی پێکهاتنی حزبە سیاسی‌یەکانی ئەو وڵاتانەدا هەیە، ئەم شێوەیە لەسەدەی هەژدەهەمەوە تا ئێستا لە ئینگلستان پێڕەو دەکرێ و لەوڵاتانی وەك ئەمریکا، ئەفریقیای خواروو، هیندستان، ئوستралیا، سری‌لانکا، نیوزیلاند... پێڕەو دەکرێ.

بەکارهێنانی ئەم شێوازە بەکردەوە دەبێتەهۆی دابەش بوونی کۆمەڵ بۆ دوو بەرەو دوو قوتبی سیاسی گەورە، چونکە تاکەکان لەباتی دەنگ دان بە حزبی بچووك کە ئومێدیان بە سەرکەوتن نی‌یە، هەوڵ دەدەن دەنگ بەو حزبە گەورانە بدەن کە تا رادەیەك لەمەیلە سیاسی‌یەکانیان نزیکترن. بەکردەوە، ((دەنگی بەسوود)) جێگای دەنگی بێ سوود دەگرێتەوە. لەبەرئەوەی حزبە گچکەکان ئومێدیان بە گەیشتن بە دەستەڵات نی‌یە، مەیلی پێکهێنانی حزبی جۆراوجۆر کەم دەبێتەوەو بەکردەوە دوو حزبی بەهێز لەناو کۆمەڵ دا دەردەکەون. لە ئینگلستان حزبی پارێزگاران و حزبی کرێکاران و لە ئەمریکا حزبەکانی دیموکرات و کۆماریخواز حزبی زاڵن. لەبەرهەندێ تیوری مۆریس دوروژە کە هەڵبژاردنی زۆربەی یەك قۆناغی دەبێتەهۆی جێگیربوونی سیستمی دوو حزبی، بەکردەوە زۆر لەواقیع دوور نی‌یە.

شایانی باس کردنە، هەڵبـژاردنی یـەك قۆنـاغی تـەنیا لـەبارێك دا دەتوانێ ببێتـەهۆی دەرکـەوتنی سیسـتمی دوو حزبـی کـە لەهـەر بازنەیـەك دا چـەند کورسـی‌یەك بخرێتـە رکابـەری هەڵبژاردنـەوەو بازنـەکان لـەجۆری بازنـەی چـەند کورسـی بـن. هەنـدێ جـار، لەهـەر بازنەیـەك دا کـە تـەنیا کەسـێك بتوانێ هەڵبـژێردرێ، هەڵبـژاردنی یـەك قۆنـاغی مەرج نی‌یە ئەنجامێکی وای لێ بکەوێتـەوە. هیندسـتان نموونـەی دیاری ئـەو وڵاتانەیـە کـە هەڵبـژاردنی یـەك قۆنـاغی‌و زۆربـەیان هەیـە، بـەڵام بەشـێوەیەکی ئاسـایی حزبێکـی بـەهێز جڵـەوی کاروبـاری بەدەسـتەوەیە. هۆیـەکانی ئەمەیـە، لـەو وڵاتـەدا، بازنـەی هەڵبژاردن، یەك کورسی‌یە.

لەلایەکی دیکەوە، مانای یاسای دوروژە ئەمە نی‌یە کە تـەنیا لـەم جـۆرە سیسـتمانەی هەڵبــژاردن دا دەبــێ چـاوەڕوانی سیســتمی دوو حزبــی بــێن. بــۆ نموونــە: لــەوڵاتی بـەلجیکا، وێـڕای ئـەوەش کـە تـا سـاڵی ١٨٩٩سیسـتمی هەڵبـژاردنی دوو قۆنـاغی بـە بازنەی (چەند کورسی) پێڕەو دەکرا، هەر سیستمی دوو حزبی هەبوو.

لەوەدا کە سیستمی هەڵبژاردن کاریگەری‌یەکی گرنگی بەسەر سیستمی حزبی هەر وڵاتێکەوە هەیە، دوودڵی‌یەك نی‌یە، بەڵام خاڵی جێگای گومان، بوونی پەیوەندی هـۆو ئەگەرەکـەی‌و مسـۆگەری نێـوان ئـەم دوو دیاردەیەیـە. هـەتا لەمـەڕ ئینگلسـتان کـە رەنگـدەرەوەی یاسـای دوروژەیـە، لەوانەیـە نـەتوانرێ بگـوترێ سیسـتمی دوو حزبـی تـەنیا هۆکـاری رووناکـەرەوەی سیسـتمی هەڵبژاردنـە لـەو وڵاتـەدا. وادێتـە بەرچـاو، بێجگە لە سیستمی هەڵبژاردن، هۆکارە مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانیش لە خولقاندنی سیستمی دوو حزبی لە ئینگلستان، بێ کاریگەر نەبوون.

لەکۆنەوە رای گشتی لە ئینگلستان لەنێوان دوولایەنی (**ویگ**)و (**توری**)دا بەش دەبوو، وئـەم دابـەش بوونـە دەیتـوانی ئاقـارە نـاوخۆیی‌و کەمـەکان بـەخۆوە بگـرێ. کاندیـدا جۆراوجۆرەکان لە ئاستی نیشتمانیش دا خۆیـان بـە یـەکێك لـەم دووباڵـەوە پەیوەسـت دەکردو دەکەوتنە رکابەری یەکترەوە. بەهۆی ئەوەی کەسێك لە ئەنجوومـەنی نوێنـەران دا بـەبێ وابەسـتەیی بـە یـەکێك لـەو دوو ئاقـارە نەیـدەتوانی کاریگەری‌یـەکی هـەبێ،

بەخێرایی دەستەگەری لەناو ئۆردووگا گەورەکە دا دروست دەبوو. خودموختاری ناوچەکان و بواری چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ناوچەکە بەبێ خۆتێگەیاندنی ئەنجوومەن، یەکێك لە تایبەتمەندی‌یەکانی سیستمی سیاسی ئینگلستانە. بە پێچەوانەی ئیتالیا و فەرانسە، لە ئینگلستان ناوچەکان دەتوانن بەبێ ئەوەی پێویستیان بە خستنەرووی مەسەلەکان لە ئەنجوومەن هەبێ، مەسەلەکانی خۆیان چارەسەربکەن. لە ئەنجام دا، پێویستی بۆ پێکهێنانی حزبی سیاسی بەمەبەستی وەدەست خستنی دەستکەوتی کەم و ناوچەیی و هەرێم نی‌یە و حزبە سیاسی‌یەکان دەربڕی بەرژەوەندی‌یە نیشتمانی‌یەکانی سەرانسەری وڵاتن و جێگایەك بۆ خستنەرووی مەسەلەی ناوچەیی و پێکهێنانی کۆمەڵەی سیاسی بەپێی بەرژەوەندی تەسك و ناوچەیی نامێنێتەوە و درزی سیاسی لە نێوان هێزەکان لەسەر بەرژەوەندی نیشتمانی دەردەکەوێ، نە لەسەر بەرژەوەندی ناوچەیی.

تایبەتمەندی‌یەکی دیکەی سیستمی سیاسی ئینگلستان، زۆر زوو، وپێش گەلێ وڵاتی دیکە بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی جۆراوجۆر لە ئاستی نیشتمانی بەخۆوە دیوە و خەڵکی ئاگاداری باس و ناکۆکی‌یەکانی ناو پەرلەمان بوون. هەڵبژاردن بواری بە دەنگدەران داوە دەربارەی بابەتە گەرمەکانی سەرانسەری وڵات دیدوبۆچوونی خۆیان دەربڕن. ریفۆرمی یاساکانی هەڵبژاردن و ئامادەبوونی بەشێکی گەورەی خەڵك لە ریزەکانی دەنگدان دا، پێویستی دەکرد، ئەم توێژە فراوانە ئاراستە بکرێ و رای گشتی پێك بێ. ئەم کارە وای لە حزبە سیاسی‌یەکان کردبوو بەهۆی بڵاوکراوەکانیان دەیانتوانی پروپاگندە بۆ بیروڕا و بەرنامەکانی خۆیان بکەن. هەروەها پێویست بوو، تاکەکان بۆ وەدەست خستنی شایستەیی دەنگدان لە هەڵبژاردن دا، خۆیان بە لیژنەیەکی تایبەتی بناسێنن و ئەو لیژنەیە پشتگیری شایستەیی‌یان بکا.

لەساڵی ١٨٧٦ هەڵبژاردن سیمایەکی واقیعی‌تری بەخۆوەگرت و بە پێچەوانەی رابردوو کە کاندیداکان پێشتر دەست نیشان کرابوون، رێژەی سەدی کورسی‌یە مسۆگەرەکان رووی لەکەمی کرد. تا پێش ئەوکاتە، باری ٣٠٠کورسی پێشتر

دیارکرابوون، چونکە لەزۆربەی بازنەکانی هەڵبژاردن دا، ئەنجامی هەڵبژاردن پێشتر روون بوو، کاندیدا پێش پرۆسەی هەڵبژاردن دەیزانی دەباتەوە یان دەدۆڕێنێ.

هەڵبەت ناتوانرێ بگوترێ سیستمی هەڵبژاردنی ئینگلستان هیچ کاریگەریەکی بەسەر حزبە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەوە نەبووە. لەبەرئەوەی کۆمەڵە پەرلەمانییەکان دەستەڵات و بایەخێکی تایبەتییان هەیە تا رادەیەك دەتوانرێ حزبە سیاسییەکان بە حزبی پەرلەمانی بزانرێن. ئەندامی ئەنجوومەن پێش ئەوەی خۆی بە نوێنەرو وتەبێژی حزب بزانێ، نوێنەری راستەوخۆی دەنگدەرانی بازنەی هەڵبژاردنی خۆیەتی و لە ئەنجام دا لەبەرانبەر حزب دا ئازادییەکی زۆری هەیە. لەلایەکی دیکەوە، خودموختاری ناوچەکان، بۆتەهۆی ئەوەی لقی ناوخۆی حزبە سیاسییەکان سەربەخۆییەکی زۆرتریان هەبێ.

وێڕای ئەمە سیستمی دوو حزبی لە ئینگلستان وێنەیەکی تەواوی نییەو لەتەك دوو حزبی گەورەدا، حزبی دیکەش هەن کە رکابەری یەکتر دەکەن.

پوختەی قسە، ئەزموونی هەڵبژاردن لەوڵاتان ئەوە نیشان دەدا کە ئەو وڵاتانەی پێڕەو لەم سیستمانەی هەڵبژاردن دەکەن، بۆ گەیشتن بە سیستمی دوو حزبی، ئامادەییەکی زۆرتریان هەیە.

بەپێی دووەمین پرەنسیپی مۆریس دوروژە، هەڵبژاردنی دوو قۆناغی زۆربە دەبێتەهۆی پەیدابوونی سیستمی فرەحزبی و حزبی لاوازو وابەستە بەیەکترو کۆمەڵ لە باتی ئەوەی دوو حزبی هەبێ، بەرەو سیستمی دوو قوتبی دەڕوا.

لەم جۆرە سیستمەی هەڵبژاردن دا، تەنیا کەسانێ دەتوانن لەخولی یەکەمی هەڵبژاردن دا بەشداری بکەن کە زۆربەی رەها(نیوە+یەك)ی دەنگەکانیان وەدەست هێنابێ. هەندێ جار، بێجگە لە وەدەست خستنی زۆربە، رادەی دیکەش لەبەرچاودەگیرێ. بۆ نموونە: لە فەرەنسا کە دەنگدەران پێش هەڵبژاردن دەبێ وەك دەنگدەر ناوی خۆیان بنووسن، بۆ سەرکەوتن لەهەڵبژاردن بێجگە لە وەدەست خستنی دەنگی زۆربەی دەنگدەران پێویستە ژمارەی ئەم دەنگانە لە چواریەکی

ژمارەی ناوە نووسراوەکان بۆ دەنگدان کەمتر نەبێ. ئەم تەگەرەیە ڕێگا لەوە دەگرێ لە کاتێکدا ڕێژەیەکی باڵای ناوە نووسراوەکان بەشداری هەڵبژاردن نەکەن، کەسی هەڵبژێردراو تەنیا نوێنەری ژمارەیەکی کەمی ئەوانە بێ کە مەرجی دەنگ دانیان هەیە.

لەکاتێکدا لەخوولی یەکەم دا، ژمارەیەکی پێویست لە کاندیداکان زۆربەی دەنگەکان وەدەست نەهێنن، هەڵبژاردن دەچێتە خوولی دووەمەوە. لە ئەنجام دا، لە خوولی یەکەم دا، دەنگدەران دەنگی خۆیان بە کەسانو حزبی خۆیان دەدەنو لەخوولی دووەم دا کە خوولی ئیئتلافەکانە دەنگ بە بەرەیەك دەدەن کە لە مەیلی سیاسی‌یان نزیکتر بێ. لەم وڵاتانەدا، لەباتی سیستمی دوو حزبی، جۆرە سیستمێکی دوو قوتبی دەخولقێ. حزبو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان کە شانسی ناساندنی خۆیان هەیە لە خوولی یەکەم، بەڵگەو هۆی پێویست بۆ درێژەدان بە ژیانی سیاسی خۆیان هەیە. لەلایەکی دیکەوە، پێویستی ئیئتلاف لە خوولی دووەم، کۆمەڵ دەکاتە دوو قوتبی گەورەی بۆ نموونە چەپو ڕاست.

لەم سیستمەی هەڵبژاردن دا، ئەگەرچی حزبو کۆمەڵە بچووکەکان لە خوولی یەکەم دەتوانن ئامادەیی‌یەکی باشیان لەهەڵبژاردن دا هەبێ. بەڵام بەکردەوە لە ئەنجوومەن بزرنو لە ئەنجام دا لە پێکهاتنی حکومەتو بڕیارەکان دا هیچ ڕۆڵێکیان نی‌یە. لەڕاستی‌دا، ئەوانەی زۆربە وەدەست دەهێنن هەموو دەستەڵات دەکەنە هی خۆیان.

فەرانسە، ئیتالیاو ئەلمانیا تا کۆتایی شەڕی جیهانیی دووەم پێڕەویان لە سیستمی زۆربەی دوو قۆناغی دەکرد. ئەم سیستمە بۆتە تەگەرەیەك لەبەردەم پەیدابوونو گەشەکردنی حزبی سیاسی لەم وڵاتانەدا. بە پێچەوانەوە، هەڵبژاردنی دوو قۆناغی، بۆتەهۆی بەهێزبوونی پیاو ماقوڵانو کەسانی دەوڵەمەند، چونکە بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردن دا، وەدەست خستنی زۆربەیەکی بەرچاو پێویستەو ئەمە لە ئەنجامی چالاکی‌یەکی زۆری کەسە بەدەستەڵاتو کۆمیتەکانی هەڵبژاردن، مەیسەر دەبێ. ئیئتلاف لەگەڵ کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان مەرجی پێویستی سەرکەوتنە لەرکابەری

هەڵبژاردن دا. لەئەنجام دا، ئەو حزبانە خولقان کە بەتووندی لەژێر کاریگەری کەسانی بەرجەستەدان کە توانای خولقاندنی ئەم ئیئتلافانەیان هەیە. نوێنەران ناچارن بەردەوام هەوڵ بدەن متمانەی دەنگدەران وەدەست بخەن. هەڵبەت حزبە سۆسیالیست و کاسولیکەکان کە لە دەرەوەی ئەنجوومەن دا خولقاون، پێش ئەوەی خۆیان ببنە بەشێك لە سیستم، لەدەرەوەی ئەم رێسایە بوون. ئەم حزبانە بایەخێکی زۆریان بە ئەنجوومەن نەدەدا، چونکە جێگایەکیان لە ئەنجوومەن دا بۆ خۆیان نەدەدۆزییەوە.

بەپێی سێیەمین پرەنسیپی مۆریس دوروژە، هەڵبژاردنی رێژەیی دەبێتە هۆی پەیدابوونی سیستمی چەند حزبی، حزبی گونجاو، سەربەخۆو بەهێز. لە سیستمێکی وادا حزبە سیاسییەکان بەڵگەیەک بۆ ئیئتلاف لەگەڵ حزبەکانی دیکە نادۆزنەوەو خۆیان بە تەنیایی دەتوانن رێژەیەکی سەدی( باکەمیش بێ) کورسییەکان بە خستنەگەڕی لایەنگرەکانیان، وەدەست بهێنن.

[24]- Paul Lazaesfeld. Bernard Berelson, Hazel Gaudet, The Peoples" Choice, Columbia University Press, 1994 p.27.

[25]- Siegfried A . Tableau Politique de la France del"ouest, Paris, Armand Colin /1913.

[26]- Olivier IHL / Le Vote, Paris, Clefs, 1996, pp, 118-189.

[27]- Ibid.

[28]- Nuffield College.

[29]- Nonna Mayer, Pascal Perrineau, Des Comportements Politiques, Paris, A .Colin, 1992, pp. 41- 42.

[٣٠]- Angus Campbell, Philip Converse, Warren Miller, Donald Stokes, The American Voter, New York, Wiley and Sons, 1960, p.136.

[٣١]- Nie Noman, Verba Sidney, Petrocik John, The Changing American Voter, Harvard University Press, Cambridge, 1976.

[٣٢]- Repass David," Issue Salience and Party Choice, American Political Science Review, 65, 1971.

[٣٣]- Popkins,. Gorman J., Phillips,. C. Smith J.," What Have You Done for Me Lately? Toward anInvestment Theory of Voting", American Political Science Review, 80,1976.

[٣٤]- Cowover P.J. Feldman S.," The Origins of Meanings of Liberal / Conservative Self-Identifications", American Journal of Political Science, 25/ 1981.

[٣٥]- V. O. Key.

[٣٦]- Norman H. Nie, Sidney Verba, John R.Petrocik, The Chnaging American Voter, Harvard University Press, 1979.

[٣٧] – **لەمەڕ گۆڕانکاری سەردەمی پۆستی راستەقینە، بڕوانە:**

Ronald Inglehart, La Transition Culturelle dans Ies Societes avancees, Paris, Economica 1990.

[٣٨]- Nonna Mayer, Pascal Perrineau, Les modeles d,analyse des Comportements electoraux, Cahiers Fransais, no.276, p.42.

[٣٩]- Sofres L Etat de I, opinion, Paris, Seuil, 1996, p.191.

[٤٠]- Philipe Habert, Alain Lancelot, " L,emergence d,un nouvel electeur" , in, Le nouvel electeur, Philipe Habert, Paris, Vinici, 1996,p.56.

[٤١]- Kramerg., "Short- term fluctuations in U.S Voting behavior 1896-1964, American Political Science Review, 65, 1971.

[٤٢]- L, Homo economicus.

[٤٣]- Anthony Downs.

[٤٤]- Jean- Dominique Lafal, La theorie Probabiliste du Vote, Revue d,sconomie Politique / 1992, 102 (2) ,pp. 487-518.

**هەروەها بڕوانە:**

Pierr Merle, L,homo Politicus est- il un homo economicus ?, Revue Fransaise de Science Politique, 1990, 40 (1), pp. 64-80.

[٤٥]- Yve Schemeil, La Science Politique, Paris, Cursus, 1994,p.120.

[٤٦]- Pierre Bourdieu.

[٤٧]- Daniel Gaxie, Le Cens Cacne, Paris, Daniel Gaxie (dir), Explication du Vote, Paris, F.N.S.P., 1985. Daniel Gaxie, La Democratie representative, Paris, Clefs, 1996.

[48]- Yve Schemeil, La Science Politique, Paris, Cursus, 1994, p.124.

[49]- Nonna Mayer, Pascal Perinneau, Les Comportements Politiques, Paris, A.Colin. 1992, p.110.

[50]- Bulter (D.E), Stokes, Political change in Britain, London, Macmillan Press, 1969 (2 ed. 1974).

[51]- Bulter D., Le Systeme de Partis: "de.Salignement "ou" Yea lignement " ? pouvoir, p.30., Leraez j., " Le scrutin du lljuin 1987 en Grande- Beretagne. Lumieve et ombres d, ue Reelection "triomphale" , Commentaire, 39. Autommne.

[52]- Charlot M., Institutions et Forces ploi. Tiques d Royaume- uni. Paris, Masson. Armand Colin, 1993,p. 146.

[53]- Charlot M.op. cit, p147.

[54]- Bulter (D.E) Stokes, Political change in Biritain, op, cit.

[55]- Pulzer P.Political vepresentation and Elections in Brition, London, Allen and Unwin, 1967, p98.

[56]- Bulter D, Stokes D, Political change in Britain; Forces Shoping Electoral- Choice, OP, cit, p149.

[57]- Leruez J, Gonvernment et Politique en Grande-Beretagne, Paris, Dalloz, 1989, p 235.

[58]- Bulered, Le Systemes des Partis: " Desalignement" on "Realignement" ? Pouvoivs, p.25.

[59]- Sarlvik B,. Crewel, Decade of Dealignment.

[60]- Sarlvik and Crewe Cambridge, Cambridge university press, 1983.

[61]- Crewel, The Electorate: Paritsam Dealignment, ten Years on, in Berrington H. ed. "Change in British Politics". West European Politics, 6 Oct, 1989.

[62]- Franklin, M.N. The Decline of class- voting in Britain: Changes in th basis of electoval choice, clarendon press, Oxford, Oxford University Press, 1985, p 106.

[63]- Dunleary P, Hnsbands.c.t, British Democracy at the Cross-roads: Voting and Party competition in the 1980, London, allen and Unwin, 1985.

[64]- Heath A. Jowell R, Curticet, How Britain Votes, London, Pergaman Press, 1985.

[65]- Crewe I, The Electorate: Paitisan Dealignment ten Years son, op. Cit, p 196.

[66]- Ibid, p 196.

[67]- Dohnston R.J, The Geography of English Politics. The 1983 General Election, London, Croom, 1985, p 279- 280.

[68]- Ibid.

*اطلاعات سیاسی – اقتصادی، ۱۳۷–۱۳۸، شوبات و ئاداری ۱۹۹۹.

---

## دنیس کاواناك

# ململانێی هەڵبژاردن
# بەئامرازە نوێ کانی پەیوەندی

ململانێی هەڵبژاردن بە بەکارهێنانی دوا تەکنیك و داهێنانی نوێی قەناعەت پێکردن و پەیوەندی کاریگەر، بەردەوام دەگۆڕێ و بەرەوپێشەوە دەچێ. لەم دیدەوە، حزبەکان وەك ئەو رێکخراوە بازرگانی‌یە تەماشا دەکرێن کە بەدوای وەدەست خستنی دەنگەوەن و ئەوی دیکە بەدوای فرۆشتنی بەرهەمەکانیەتی. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، گرنگترین شێوەکانی پڕوپاگندەی هەڵبژاردن لە بەریتانیا بریتی بوو لە ئاگاداری، پۆستەر و بەیاننامەی حزبی کە لەلایەن هەڵسوڕاوانی حزب لەناوچەکانی هەڵبژاردن دا بڵاودەکرانەوە. چالاکی هەڵبژاردنی حزبێك لە ئاستی نیشتمانی‌دا زۆرتر لەلایەن رێبەرانی حزبەکان و لە کۆبوونەوەی فراوان و دانی راپۆرت لە رۆژنامەی ناوچەکان و گشت وڵاتدا، ئەنجام دەدرا. بەگشتی بوونی مافی دەنگدان لە ساڵانی ١٩١٨ و ١٩٢٨ و پەیدابوونی کۆمەڵانی دەنگدەر، حزبەکانی بۆ ئەوە وروژاند تا سوود لە هۆیەکانی گەیاندنی نوێ –رادیۆ و سینەما– وەربگرن. **ستانلی بالدوین** لە بەریتانیا و **فرانکلین رۆزفلت** لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەستەی یەکەمی ئەو رێبەرە سیاسی‌یانەدا بوون کە لە دەیەی ١٩٣٠دا بەشێوەیەکی کاریگەر سوودیان لە رادیۆ وەرگرت.

بەڵام گەلێ لە سیاسەتمەداران بەهێواشی خۆیان لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا گونجاند. لەماوەی رۆژێکی هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٢٤دا رێبەری حزبی کرێکاران، **رەمزی ماکدۆناڵد**، سەعات ٩ی بەیانی گلاسکۆی بەجێ هێشت و لەماوەی دوانزە سەعاتدا، لە ١٦ ناوچەی هەڵبژاردندا لە کۆبوونەوەی جەماوەریدا قسەی کرد. ئاشکرایە، ئەو لەکۆتایی ئەو رۆژەدا، بەهۆی ئەو کارەوە زۆر ماندوو، شەکەت ببوو. (**مارکواند** ١٩٧٧: ٣٧٩). لە ململانێی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٥یش دا، سەرۆکی وەزیران، **سێر ئانتۆنی ئایدن** رۆژانی دووشەممە تا هەینی هاوڕێ لەگەڵ دووسێ یاریدەدەری خۆی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی بەسەردەکردەوە و شەوان لە ئوتێلە ناوخۆیی‌یەکان دەنوست. ئەو لە کۆتایی هەر شەوێکدا بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ سەرۆکی حزب دەکرد، لەکاتی نان خواردنی بەیانی‌دا رۆژنامەکانی

بەیانی دەخوێندەوە و هەموو شەوێك گوتارێكی تایبەتی دەدا. ئەو پێویستی بە داڕشتنی تێزی ململانێی هەڵبژاردن لەڕێگای هۆیەكانی گەیاندن یان چاوەدێری لەسەر رادیۆ و تەلەفزیۆن –كەهیچ راپۆرتێكیان دەربارەی ململانێی هەڵبژاردن نەدەنوسی– یان رادەربڕین لەسەر راپرسی رای گشتی نەبوو. ئەو دانیشتنی رۆژانەی بۆ لێكدانەوەی ستراتیژی هەڵبژاردن تەرخان نەدەكرد و كۆنگرەی چاپەمەنی یان گفتوگۆیەكی كەمی لەگەڵ هۆیەكانی راگەیاندن دا نەدەكرد (چاوپێكەوتنی لیندس).

ئەمڕۆ تەكنیكە نوێكان، ئەم جۆرە ململانێیەی هەڵبژاردنی، (كۆن) كردوە. شێوازە نوێكان سیاسەتمەداران وا لێدەكا لەرێگای تەلەفزیۆن یان پۆستی راستەوخۆ لەگەڵ ملیۆنان دەنگدەر –لەباتی سەدان دەنگدەری رووبەڕوو– پەیوەندییەك دروست بكا. ئاكامی ئەم كارە بریتییە لە سوود وەرگرتنی زۆرتری رێبەرانی حزبەكان لە رستەی كورت لە راگەیەنراوی تەلەفزیۆن و كەم كردنەوەی گوتاری سەرەكی هەڵبژاردن یان ئەو گوتارە درێژانەی لە چاپەمەنییەكان دا بڵاودەكرێنەوە. لە دوا هەڵبژاردندا، **مارگرێت تاچەر**، **جۆن مێجەر** و **نیل كینۆك**، هەریەكەی تەنیا چەند گوتارێكی ئامادەكراویان پێشكەش كرد. ئەمڕۆ، پەیوەندی كردن لەگەڵ هۆیەكانی راگەیاندن بەكارێكی گرنگ دەژمێردرێ و پێویستی بە ئامادەیییەكی زۆر بەرز هەیە.

ئەمڕۆ، رێبەرانی حزبەكان، بەپێچەوانەی ئایدن، چەندان یاریدەدەریان هەیە، بەهۆی فاكس و تەلەفۆنی –مۆبایل– بەشێوەیەكی رێكوپێك لەگەڵ كۆمیتەی باڵای بەڕێوەبردنی ململانێی هەڵبژاردن دا پەیوەندی دروست دەكەن و لەلایەن ژمارەیەكی زۆری رۆژنامەنوسانیشەوە تاقیب دەكرێن. تەكنیكە نوێكان هەلوبوارێكی زۆریان بۆ هەڵبژاردنە نوێكان لە بواری خەباتی هەڵبژاردن دا كە لەبەشەكانی پەیوەندییە گشتییەكان و پروپاگەندەدا بەكار دەهێنرێن و لەڕاپرسی رای گشتی، پۆستی راستەوخۆ و تەلەفزیۆندا پسپۆرن، رەخساندووە.

حزبەكانی كرێكاران و موحافەزەكار لە مەسەلەگەلی سوود وەرگرتن لە ئامرازەكانی پەیوەندی، لێك جودان" جوداییەك كە هەندێ جار دەرەنجامی پێكهاتی حزبی و بەها سیاسییە ناكۆكەكانیانە. بەڵام ئێستا رووە هاوبەشەكەی نێوان حزبەكان لە جیاوازییەكانیان زۆرترە و لەبواری ململانێی هەڵبژاردندا بۆتە پسپۆرییەكی نوێ. لە

هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا، حزبەکان بە بەراورد لەگەڵ خولەکانی پێشتر، دارایییەکی زۆرتر بۆ پڕوپاگندە، پەیوەندییە گشتییەکان، ڕاپرسیو ستراتیژی بازاڕ بەکار دەهێنن. حوکم دانێکی نمونە دەربارەی کارە مەیدانییەکانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە هەڵبژاردندا و هەڵبژاردنی وێنەی جیاواز، ئەمەیە کە ئەم چالاکییانە (ڕێکخراوترن، بێکەموکورتیترن و بەئەمریکاییبووترن و ئەو چالاکییانەن کە بەریتانیا تا ئەم کاتە بەخۆوەی دیوە) (**بری** ١٩٩٢: ٥٦٥). لە دیمەنێکی گشتی تردا، بەپێی ئەوەی **بۆب فرانکلین** دەڵێ: ئێمە تا ئێستا لە فەزایەکی ناوبراو بە (دیموکراسیی هۆیەکانی ڕاگەیاندن دا دەژین، دەوروبەرێك کە تیایدا سیاسەتمەداران و سیاسەتەکان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و بەکارهێنانی گشتیدا، دەخرێنە ڕوو). (١٩٩٤: ٢٣). بەپێی دیدوبۆچوونی دووکەس لە چاودێرانی ململانێی سەرکەوتووی **ماری ڕۆبنسۆن** لەهەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ١٩٩٠ ی ئێرلەندا (ململانێی سیاسی وەك پرۆسەی بەرهەم هێنانی کەلوپەلە و دەتوانرێ هەر بەو ڕێگایە وەسف بکرێ)، (**بوتلەر و کالینز** ١٩٩٣: ٤). دەکرێ، ڕەوتی هاوشێوە لە مامەڵە و کڕین و فرۆشتن و حکومەتی ناوەندی و ناوخۆیی، گروپەکانی گوشار و گەلێ ڕێکخراوی دیکەدا ببینرێ. (**فرانکلین** ١٩٩٣: ٤) قسەیەکی وەزیرێکی موحافەزەکاری وەزارەت لەساڵی ١٩٨٨دەڵێتەوە کە دەڵێ: (سیاسەت و ڕێبازەکان وەك (برشتۆك)ن کە ئەگەر نەخرێنە بازاڕەوە، نافرۆشرێن). هەموو داخوازی ئەوەن پەیوەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی خۆیان چاك بکەن. لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی گشتی، بە گەورەترین مەشق بۆ پێ سەلماندنی کەسانی دیکە دەژمێردرێ، چاوەڕوان ناکرێ حزبەکان لەیەکتر جودابن.

**پیشەیی بوون:**

ئەو ڕەوتانەی بەپیشەیی بوونی هۆیەکانی گەیاندنی حزبەکان لە چالاکی هەڵبژاردن کۆتاییان دێ، تەنیا لە بەریتانیا قەتیس نابێ، ئەم ڕەوتانە، دەکرێ بەفراوانی لەگەڵ وڵاتانی دنیادا کە هەڵبژاردنی بە ململانێ ئەنجام دەدەن و ئەو شوێنانەی سوود وەرگرتن لە کۆمپیوتەر، تەلەفزیۆن، پڕوپاگندە و ڕاپرسی ڕایگشتی تا ڕادەیەکی بەرچاو فراوان بووە. بەجیهانی بوونی ئەم شێوازە نوێیانە، هەندێجار بە (ئەمریکایی بوونی ڕکابەریی هەڵبژاردن) ناو دەبرێ. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر شۆڕشێکیان لە ناو شێوازە باوەکانی ململانێی هەڵبژاردنی ئەمریکادا خولقاندووە و

زەمینەیان بۆ پەیدابوونی کۆمەڵێك راوێژکاری ململانێی هەڵبژاردن، ئەوانەی راپرسییەکان بەڕێوە دەبەن و راوێژکارانی هۆیەکانی راگەیاندن، ئامادە کردووە. کۆمەڵێکی کە خۆی لەخۆیدا، سیاسەتمەدارن، بۆ خۆی و خزمەتگوزارییەکانی خۆی وابەستە کردووە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مۆدیلی پیشەیی بوون بریتییە لە (**بلومەر، کاواناگ، ناسیستەر** ١٩٩٥):

**١-بایەخی پڕوپاگندە لە چالاکییەکانی هەڵبژاردندا**: ئەم پرۆسەیە بریتییە لە بەکارهێنانی پسپۆرانی تەکنیکی پەیوەندییە گشتییەکان، پیشەسازی پڕوپاگندە و هۆیەکانی گەیاندن بۆ یارمەتیدانی پڕوپاگندەی هەڵبژاردن، خستنەڕووی بەرنامەی هۆیەکانی راگەیاندن، راپرسی رایگشتی و دانی ئاگاداری. ئەم شێوازە هاوڕێی پیشەییگەراییە کە تیایدا حزبەکان تەئکید لە پێویستی هاوکاری، هاوئاهەنگی و بەرنامەڕێژی پڕوپاگندە دەکەن.

**٢-هەبوونی پێداویستییەکی زۆری پێش زەمینەی هەڵبژاردن لە ململانێکانی هەڵبژاردندا**، تا ئەو رادەیەی هەڵسوڕاوانی حزبی، وزە و داراییەکی زۆرتر خەرجی ستراتیژ و رێوشوێنەکانی هۆیەکانی راگەیاندن بکەن. بەشێکی سەرەکی لە ململانێی رۆژانەی هەڵبژاردنی سیاسەتمەدارێکی دیار -کۆنگرەی رۆژنامەنوسی لەکاتی بەیانی، چوونە ناو خەڵکی کاتی ئێواران و کۆبوونەوەی شەوان- تا رادەیەکی زۆر لەسەر بنچینەی پێداویستییەکانی هۆیەکانی راگەیاندن پێك دێ. رێکخستنی رێسای کاری هۆیەکانی راگەیاندن گرنگترین ئامانجێکە کە لە ستراتیژی بەرقەرارکردنی پەیوەندیدا جێبەجێ دەکرێ.

**٣-روونکردنەوەی سەرکەوتن یان تێشکانی حزبێك لەسەر بنچینەی ماددەی ناوبراو لە بەشەکانی ١و٢** (نیشانەکانی پڕوپاگندە). لاوازی لە بەرقەرارکردنی پەیوەندی یان (سەرنەکەوتن لە گەیاندنی پەیام) بەزۆری وەك گرنگترین بەڵگەکانی تێشکاندنی حزبێك تەماشا دەکرێن.

**٤-جووت بوونی ململانێی هەڵبژاردنی حزبێك لەگەڵ هەلومەرجی وێنەکانی تەلەفزیۆن**. لەوانە : بەردەوامی چوونی رێبەرەکان بۆناو خەڵکی، خڕبوونەوە لە دەوری کەسایەتی رێبەر و رێکخستنی رووداوەکان و کۆنگرەی رۆژنامەنوسی بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی رادیۆیی، وێنەو فیلم.

**٥-بیرۆکەی ململانێی هەڵبژاردن وەك بازاڕ پەیداکردنی سیاسی**: حزبەکان بۆ لێکۆڵینەوەی باری دەروونی دەنگدەران خەریکی وەدەست خستنی هەڵوێستی رایگشتیبن بۆ دروست کردنی

خەباتی هەڵبـژاردنی خۆیـان سـوود لـەو ئەنجامـە وەربگـرن کـە وەدەسـت هـاتووە. ڕاپرسـی ڕایگشتی هەروەها لەلایەن هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هەواڵ بۆ ڕوونکردنەوەی کاری حزبەکان یان وەسف کردنی ئەوەی کە ئەمریکاییەکان پێی دەڵێن (ئەسپ سواری)، بەکار دەهێنن.

٦-**زیادکردنی رکابەری هەڵبژاردنی سەلبی یـان هێرشـکارانە:** پڕوپاگندە، بەلایـەنی کەمـەوە هـەر بەو ڕێژەیەی کە تایبەتمەندییەکانی حزبی خۆیی ڕایدەگەیەنێ، دەکەوێتە هێرش کردن بۆ سەر لاوازی و کەموکورتییەکانی لایەنەکەیتر. زۆربەی بەڕێوەبەرانی ململانێی هەڵبـژاردن لـەو بـاوەڕەدان کـە ئـەم شـێوە خەباتـە بـە بـەراورد لەگـەڵ خاڵـە ئیجابییـەکان، لـە ڕووی هەڵبژاردنـەوە باشـترە. ڕۆژنامەنوسـانیش بۆخۆیـان بـە پێشکەشـکردنی لێکدانەوەیـەکی سەلبیتری ئەم چالاکییانە و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دوژمنکارانە دەربارەی ئەوە، ئاوازە هێرشکارانەکەی بەهێزدەکەن( **پترۆن ١٩٩٣**).

٧-**مەتەڵێك لەبەرانبەر ڕۆژنامەنوسانی سیاسی:** پێشکەشکردنی پێناسـەیەك لـە ڕۆڵـی خـۆی لـە سـەردەمی (سەرانسـەری بـوونی)ی هۆیـەکانی ڕاگەیانـدن و بـوونی سیاسـەتمەداران و ڕاوێژکارانی هەڵبـژاردنی خـەڵك فریـودەر. ڕۆژنامەنوسـان لەبەرانبـەر هەوڵـەکانی حزبـەکان بـۆ دروستکردنی، هەتا دەستکاری کردنی دوورایییەکانی هۆیـەکانی ڕاگەیاندن، ڕاپرسی ڕای گشتی ڕێك دەخەن، جەخت لە هەڵە ئاشکراکانی ململانێ دەکەنەوە، شێوەیەکی (بێزراوانە) لە ڕاگەیاندنی هەواڵەکانیان دەگرنەبەر و چیرۆکی ئەودیوی پەیوەست بە ستراتیژییەکانی حزبەکان و هەوڵـەکانیان لـە نیشـاندانەکان، دەخەنـە ڕوو (**لـوی ١٩٨١: سمتکـو و ئـەوانی دیکـە ١٩٩٠**).

٨-**بەهەرەوەرە سەرەکییەکانی ململانێ سیاسیەکان، شارەزایانی سەربەخۆی وەك کادیری پڕوپاگندەی بازرگانی، بەڕێوەبەرانی ڕاپرسی و ڕاوێژکارانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن کە زۆربەی لە دەرەوەی بازنـەی حزبـدا، دەخرێنـە گـەڕ:** ئـەو کەسـانەیلەناو دەزگاکـانی حزبێکدا لێپرسـراوێتی ململانـێی هەڵبـژاردن و پڕوپاگنـدەیان بـە ئەسـتۆوەیە، لـە زنجـیرە پلـەی دەسـتەڵاتی حزبایـەتیدا لـە لێپرسـراوانی دیکـە، لەپێشـترن. سـەرۆکی پڕوپاگنـدە بـەزۆری بـە یاسـایی یـان بـەکردەوە (دیفـاکتۆ) بـە ئەنـدامی ڕەسمـی یـان نـارەسمی گروپـی لێپرسـراوی سـتراتیژی حزبـی لەدەوروبەری ڕێبەری حزب لەقەڵەم دەدرێ" شتێك کە لەمەڕ لێپرسراوانی دیکەی حزب بەو

شێوەیە نی‌یە. سیاسەتمەداران و ئەو لێپرسراوانەی شێوازە تازەکانیان بەکار نەهێناوە و بە شێوازی کۆن دەکەونە ململانێ، دۆڕاوی ئەم رکابەری‌یە دەبن.

**بەرەنگاری:**

شێوازە ناوبراوەکان بەخێرایی لەنێوان هەڵبژاردنەکانی ١٩٥٩ تا ١٩٧٠ لە بەریتانیا دەرکەوتن‌و لەوکاتەوە تا ئێستا پێگەی خۆیان پتەوکردووە. ئەم شێوازانە لەسەرەتادا رووبەرووی چەندان تەگەرە بوونەوە. پێش ساڵی ١٩٥٩، ژمارەی راپرسی‌یەکان زۆر کەم بوو، وبەدرێژایی ململانێی هەڵبژاردنە گشتی‌یەکان، پرۆپاگندەی سیاسی بەڕێوە نەدەچوو. هەتا ئەو سەردەمەی کە کادیرانی پەیوەندی وەك پیشە دامەرزان، بەزۆری دوور لە رێبەرانی حزب دەهێڵرانەوە. یەکێك لە بەڵگەکانی ئەم کارە، ئەمەبوو کە سیاسەتمەدارانی پایەبەرز دوودڵ بوون لەوەی ئەم شێوازانە (کە لەوانەبوو بۆ بەرەواج خستنی کەل‌وپەل‌و خزمەتگوزاری‌یەکان گونجاو بن)، بۆ سیاسەتیش کاریگەربن. ئەوان ئیدیعایان دەکرد کە سیاسەت شتێکی جیاوازەو ئەمەکاری ئەوانە کە وەك ئەو گوتارانەی لە چاپەمەنی‌یەکان دا دەخوێنرایەوە، رۆڵی بەڕێوەبەرانی پەیوەندی‌یان دەگێڕاو بەیاننامەی سیاسی گرنگیان لە ئاستی نیشتمانی‌دا بۆ ئەنجوومەن، نەك بۆ هۆیەکانی راگەیاندن، بڵاودەکردەوە. رەنگە، گەلێ لە سیاسەتمەداران پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان زۆر لە هۆیەکانی راگەیاندن یان ئەوانەی لەبواری پروپاگندەدا هەڵدەسوڕان، بەرزتر دەزانی. لەساڵی ١٩٥٠دا رۆژنامەنووسی بەئەدەبی تەلەفزیۆنی داوای لە(**ئاتلی**)ی سەرۆك وەزیران کرد ئەگەر حەزی لێیە لە ئاستانەی ململانێی هەڵبژاردندا قسەیەك بکا. ئاتلی لەوەرام دا گوتی: (نەخێر)ودوای وەستانێکی ناشیانە، چاوپێکەوتنەکە کۆتایی هات.

لێپرسراوان لە مەکتەبی ناوەندی حزبەکان‌و هەڵسووڕاوە سیاسی‌یەکان لە بازنەکانی هەڵبژاردنیشدا جۆرە بەرەنگارییەکیان نیشان دا. بەدرێژایی کاتی هەڵبژاردن ئەمە ئەرکی ئەوان بوو کە راپۆرت دەربارەی ورەو باری دەروونی دەنگدەران رابگەیەنن‌و دابەش کردنی بڵاوکراوەو بەیاننامەی حزبی بەسەر دەنگدەران بەڕێوەببەن. شێوازە نوێ‌یەکان‌و کەسانی تازەکار هەڕەشەیەك بوو، بەهێرشێك بۆ سەر (مەیدانی ئەسپ سواری)ی ئەوان لەقەڵەم دەدرا.

سەربار، تەگەرەیەكی یاسایی هەستیاریش لەبەرانبەر بەكارهێنانی پسپۆری وەرگیراو لە پیشەسازی پروپاگندە هەبوو. ڕێبەرانی حزبەكان وایان دادەنا كە پروپاگندەی سیاسی لەماوەی هەڵبژاردنێك دا كارێكی نایاساییە. چونكە بەندی ٦٣ لە (**یاسای نوێنەرایەتی خەڵكی**) وای بڕیار دەدا كە كەسێك بێجگە لە نوێنەری یاسایی و بەدەستەڵاتی كاندیدا، ناتوانێ پارە بۆ هەڵبژاردن تەرخان بكا. ئەوان ئەو ترسەیان هەبوو كە بڵاوكردنەوەی پۆستەری نیشتمانی لەناوچەكانی هەڵبژاردن دا وەك بودجەی هەڵبژاردن لەقەڵەم دەدرێ و كاندیدای ناوخۆ دەخاتە ژێر چاوەدێری و بەدواداچوونەوە. بەم شێوەیە، دادگایەك دەربارەی ڕووداوێك كە لە ساڵی ١٩٥٢ ڕوویدا (**ئار.وی. كۆمپانیای كانزاكانی تراناح، ماركەی تۆماركراو**) حوكمێكی وایدا كە ئەو پروپاگندە سیاسییەی كە تیایدا ئاماژە بۆ كاندیدایەكی دەست نیشان كراو نەكرێ، یاسای پەیوەست بە بودجەی هەڵبژاردن پێشێل ناكا. ئەم حوكمە هەروەها لەكۆتایی دەیەی ١٩٥٠دا، لەئاستی نیشتمانیدا ڕێگای بۆ سوود وەرگرتن لە پۆستەر لە ململانێی هەڵبژاردن دا كردەوە. بەڵام حزبەكان هێشتا لەمەڕ یاساییبوونی ئەنجامی پروپاگندەی هەڵبژاردن لە چاپەمەنییەكان دا دوودڵ بوون و تا ساڵی ١٩٧٩ خۆیان لێدەپاراست. لەو سەردەمەوە، زۆرتربوونی ژمارەی ئەم جۆرە پروپاگندانە بودجەی هەڵبژاردنی بەرادەیەكی بەرچاو بەرزكردۆتەوە تا رادەیەك وەك نموونە: موحافەزەكاران، لەچالاكییەكانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧دا نزیكەی (٤)ملیۆن پاوەندیان بۆ ئاگاداری و بڵاوكردنەوەی چاپەمەنییەكان تەرخان كرد. ئەو ڕێسایانەش كە چاوێری چۆنیەتی دەست گەیشتن بە هۆیەكانی ڕاگەیاندن دەكەن، هەلی پروپاگندە –ولەئەنجام دا سوود وەرگرتن لەپارە– بەرتەسك دەكەنەوە. نە B.B.C و نە هیچ تەلەفزیۆنێكی سەربەخۆی دیكە مۆڵەتی بڵاوكردنەوەی پروپاگندەی سیاسی حزبەكان دەرناكەن. لەسەر بنچینەی ڕێبازی ڕێكخراوی چاودێری دەزگاكانی پەخشی رادیۆ و تەلەفزیۆنی بەریتانیا (I.B.A) ((هیچ كەس ناتوانێ لەلایەن خۆیەوە یان بە نوێنەرایەتی كەسێكی دیكە، ئاگادارنامەیەك كە بەشێكی یان تەواوی ئامانجەكانی، ماهیەتێكی سیاسی هەیە، بخاتە ناو بەرنامەكانەوە، لەم ڕووەوە هیچ ڕاگەیەنراوێك نابێ لەگەڵ ئامانجە سیاسیەكان دا هاوشان بێ)) (بڕوانە: **بریگس ١٩٧٠**). لەبەرهەندێ تا ئەم دواییانە، بەكەمی سوود لە پسپۆری ئەو كەسانە وەردەگیرا كە لە پێ سەلماندنی مودێرنانەدا، شارەزا بوون.

بەرچاوترین سوودی حزبی لەدەزگاکانی پروپاگندەو پروپاگندەی بەرفراوان لە چاپەمەنییەکان، لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٩دا موحافەزەکاران ئەنجامیان داو دیدوبۆچوونێکی دوژمنکارانەیان خولقاند. سیاسەتمەدارانی حزبی کرێکاران رەخنەیان لە ((بەئەمریکایی بوونی)) شێوازەکان و ((هەراج کردنی سیاسەت وەك تاید)) گرت و هەندێ لە موحافەزەکارانیش، ئەو شێوازانەیان بە رەشۆکی و بازاڕی لەقەڵەم دا.

بەڵام ئەم شێوازانە بەردەوام بوون و حزبی کرێکارانیش لەساڵی ١٩٦٤ سوودی لێوەرگرتن. لەکاتی لێکۆڵینەوەیەك کە دەربارەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٤ ئەنجام درابوو، هەواڵنێری سیاسی رۆژنامەی **تایمز** رایگەیاند: ((مەترسی واقیعی ئەمەیە ئێمە لەسەردەمێك نزیك بینەوە کە لێکۆڵینەوەی بازاڕ، نیشانەکانی راپرسیی رای گشتی، شێوازەکانی پێ سەلماندنی بەمەبەست و پەیوەندییە گشتییەکان و هەتا لێکدانەوەی بیریارانی سیاسی بەشێوەیەکی ناشیانەو بێبەزەییانە بۆ کاریگەری خستنە سەر ستراتیژییەکانی حزب لەناوەوەو دەرەوەی حکومەت، سوودی لێوەردەگیرێ))، (٢٧ی نیسانی ١٩٦٥).

**ئەودیوی وێنە زەینییەکان:**

لەم سەردەمەدا، خەبات و ململانێ بە وێنەیەکی مایەی قبوڵ و جوان بۆ کەسی کاندید یان حزب بۆتە ئامانجێکی سەرەکی خەبات و ململانێی هەڵبژاردنی مودێرن. حزبەکان و کاندیداکان ئازادانە ئەو وێنانە وەردەگرن کە لەلایەن هۆیەکانی راگەیاندن و دوژمنە سیاسییەکانیانەوە ئامادە دەکرێ و ئەمەش مەیلێکە، ئەوان بۆ وێنەسازیی خۆیان هان بدا. یەکێك لە مەرجە پێویستەکانی بەرقەراری پەیوەندییە سیاسییە پێویستەکان، وەرگرتن و تێگەیشتن لەبیروباوەڕی دەنگدەرانە. زۆر پێش ئێستا، لەساڵی ١٩٠٨ **گراهام والاس** لەکتێبەکەی خۆیدا (**سروشتی مرۆڤ لەدنیای سیاسەت دا**) گومان لەم گریمانەیە دەکا کە دەڵێ زۆربەی مرۆڤەکان لەمەڕ سیاسەت بەشێوەیەکی ئەقڵانی بیر دەکەنەوە. ئەو، سەری زۆر لەوە سووڕ دەمێنێ کە بۆچی دەنگدەران ئەوەندە بەشێوەیەکی عاتیفی و دەمارگرژ رەفتار دەکەن و هەروەها لەمەڕ هەستیاربوونیان لەبەرانبەر پروپاگندەو جازبەی رەمزیدا، هەست بەسەرسووڕمان دەکا.

ئەو دەنگدەرانەی وێنەیەکی زەینیسادەیان لەمەڕ حزبەکان و سیاسەتمەدارەکان لەزەین دایە، دەبێ سرنج بدەنە ئەو راستییە. بەپێی قسەکانی **والاس**: ((شتێك پێویستە، شتێکی

سادەو بەردەوام، شتێك كە دەتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ‌و خۆش بویسترێ‌و دەتوانرێ لەهەموو هەڵبژاردنەكان دا بناسێنرێ‌و شتێكی هاوشێوە كە پێشتریش پشتی پێ‌بەستراوەو خۆش ویستراوە" ئەوشتە، حزبە)) (١٩٤٨: ٨٣).

**والتەر ليپمەن** لە كتێبی (**راى گشتى**) (١٩٢٢)دا، گریمانەی پەیوەست بە ئەقلانی كاركردنی دەنگدەران رەت دەكاتەوە" و رایدەگەیەنێ كە زۆربەی خەڵكی، پەیوەندییە گشتی‌یەكان بەشێوەیەكی گوتار، كردار یان نموونەی ئامادە دەخەنە بەرچاو. (**جوزيف شوميتەر**)یش تەئكید لەو پانتاییە دەكا كە سیاسەتمەداران بۆ قەناعەت پێكردنی ناشیانەو تیژی داخوازییە نا ئەقڵانی‌یەكان لەبەردەستیان دابوو. لەدیدی ئەودا زۆربەی خەڵكی، سیاسەت بۆ نموونە، بە بەراورد لەگەڵ بڕیاردان دەربارەی خەرجی بودجەی خێزان، كارێكی ئاڵۆزو دوور لەوەدی هاتن، گریمانە دەكەن، ئەوان لەكاروبارەكان بەدوای سادەیی‌دا دەگەڕێن. شومپیتەر لەو باوەڕەدابوو كە دەنگدەران بە بەراورد لەگەڵ سیاسەتەكانی حزبێك، زیاتر بایەخ بە وێنەی زەینی حزبەكە دەدەن. ( **شومپيتەر** ١٩٧٦: ٢٨٣). نوێترین دەربڕین كە لەمەڕ بایەخی وێنەی زەینی حزبێك یان سیاسەتمەدار گوتراوە، بریتی‌یە لەدەربڕینێك كە لەلایەن یەكێك لەنووسەرانی گوتارەكانی **نیكسۆن**و كەسێك كە دواتر لەهەڵبژاردنی سەركۆماریی ساڵی ١٩٨٦ بۆ وەدەست خستنی كاندیدایی خۆی لەلایەن حزبی كۆماریخواز هەوڵی‌دا، گوتراوە. لە نووسینێك دا كە بۆ هاوكارەكانی خۆی لەململانێی هەڵبژاردن نووسی، تەئكیدی كرد: رەزامەندی دەنگدەران لە كاندیدایەك پشتی بە واقیعیەت نەبەستووە، بەڵكو:

((بەری كارو كاردانەوەیەكی تایبەتە كە لەنێوان دەنگدەرو وێنەی زەینی كەسایەتی كاندیدا روو دەدا. ئێمە لەم بوارەدا دەبێ زۆر نەرم بین: چونكە كاردانەوەی ناوبراو لەمەڕ وێنەی زەینی دەردەكەوێ، نەك لە بەرانبەر مرۆڤەكە... وئەوەی لەواقیع دا هەیە گرنگ نی‌یە... ئەم روانگەو گریمانەیە بەزۆری لەباتی كەسی كاندیدكراو، پەیوەندی بە ئامرازی راگەیاندن‌و بەكارهێنانەكەیەوە هەیە (**ماك گينيس** ١٩٧٠: ٥-١٧٤).

شێوازە نوێكانی بەرقەراری پەیوەندی سیاسی سەرەتا لە ئەمریكا پەرەیان گرت. لەساڵی ١٩٣٣ دووكەسی كالیفۆرنیایی بەناوی **كيليم وايتكەر**و **ليون سميس باكستەر** یەكەمین كۆمپانیای راوێژكاری ململانێی هەڵبژاردن واتە (كۆمپانیای ململانێی هەڵبژاردن) یان

دامەزراندو دەستیان کرد بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پروپاگندەو راوێژ بۆ دانانی ستراتیژی حزبی. ئەمڕۆ، پێڕەوە زۆرەکانی ئەوان دەتوانن پشت بە کۆمپیوتەرو راپرسی و پۆستەی راستەوخۆو کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانی هۆیەکانی راگەیاندن ببەستن بۆ دامەزراندنی داوودەزگای هەڵبژاردنی ئاڵۆزترو گرانتر. ململانێی سەرکۆماریی کاندیدای کۆماریخواز، **دی وایت ئایزەنهاوەر** لەساڵی ١٩٥٢، بە وەرگۆڕانێکی بەرچاوی بازاڕ گەرمی سیاسی بەهۆی پروپاگندەی تەلەفزیۆنەوە، لەقەڵەم دەدرێ. گرووپی بەڕێوەبەری ململانێی هەڵبژاردنەکەی ئەو، لەناو گەورەترین دەزگاکانی پروپاگندەدا هەڵبژێردران.

ئەوان دەزگای (**گالوب**) یان بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی رۆژانەی پەیوەست بە دەنگدەر راسپاردو یەکێك لە کاراکتەرەکانی هۆلیوود، (**رۆبەرت مۆنتگومری**) شیان بەمەبەستی باشترکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ئایزەنهاوەر دامەزراند. ئەم کاندیدایە دوای ئاگاداری پروپاگندەی تایبەت کە ماوەی بڵاوکردنەوەیان تەنیا ٢٠-٦٠ چرکەبوو، و بۆ بڵاوکردنەوە لە ئەمریکا ئامادەکرابوو، بۆ رادیۆو تەلەفزیۆن ئامادەی کرد. لەوکاتەدا، نیوەی خێزانەکانی ئەمریکا لەماڵەوە تەلەفزیۆنیان هەبوو. ئەو پەیامانەی ئایزنهاوەر تیایدا نیگەرانی خۆی لەمەڕ بابەتێکی تایبەتی دەردەبڕی و گوتەیەکی بەگومانی بۆ باشترکردنی شتەکان دەخستەڕوو، لەدوا رۆژەکانی پروپاگندەی هەڵبژاردن دا چەندان جار بڵاودەکرانەوە. لەساڵی ١٩٦٠ نفووزو کاریگەریەکی زۆرتر بە هۆیەکانی راگەیاندن درا، لەم ساڵەدا، **جۆن. ئێف. کەنەدی**، لەیەکەمین مونازەرەی سیاسی بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ **نیکسۆن** دا بەڕێوەی برد، بینەرانی تەلەفزیۆنی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

لەوکاتەوە تا ئێستا سوود وەرگرتن لە تەلەفزیۆن لە ئەمریکا لەرووی ئاڵۆزیو بودجەوە، گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە دیوە. (**سباتو ١٩٨١: بەشی چوارەم**). گەشەستاندنی پروپاگندەی تەلەفۆنی و پۆستەی راستەوخۆ، کاندیداو حزبەکان وا لێدەکا نامەی شەخسی بۆ ملیۆنان دەنگدەری (مەبەست) بۆ وەدەست هێنانی پشتگیریو کۆکردنەوەی پیتاك بنووسن. ئێستا گوتاردان لەو شوێنە تایبەتیانەی بە وردی دەرازێنرێنەوە، بەڕێوەدەچێ تا زەمینە بۆ بڵاوکردنەوەی تەلەفزیۆنی ئامادەبێ و شانسی چوونە ناو پەخشی تەلەفزیۆن وەدەست بکەوێ و بەم رێگایەوە کاندیداکان بتوانن لەگەڵ ملیۆنان دەنگدەر لەشوێنی دانیشتنی خۆیان، گفتوگۆ بکەن.

له ململانێی هەڵبژاردنی **نیکسۆن** لە ساڵی ١٩٦٨دا، پرۆژەیەک بەناوی (نیکسۆنێکی نوێ) داڕێژرا. لەم پرۆژەیەدا تا رادەیەکی زۆر پشت بە پسپۆڕی نووسەرانی گوتار و راوێژکارانی پڕوپاگندە و پەیوەندییە گشتییەکان بەسترا و قۆناغێکی نوێ لە پیشەیی بوونی ئەم شێوازە دەستی پێکرد. لەو کاتەوە تا ئێستا ململانێی هەڵبژاردنی **ریگان، بۆش و کلینتۆن**-یش هەر یەکێکیان چەند پێشکەوتنێکی لەو شێوەیەیان لە بواری بەڕێوەبەرایەتی هۆیەکانی راگەیاندن، پڕوپاگندەی سەلبی و چالاکی هەڵبژاردن بنیات نراو لەسەر لێکۆڵینەوە، خولقاندووە.

حزبەکانی بەریتانیاش کاردانەوەیان لەخۆ نیشان داوە و ئێستا لەوانیش چاوەڕوان دەکرێ بەیارمەتی شتێ کە پێی دەگوترێ ستراتیژی ئامرازەکانی پەیوەندی، هەنگاو بۆناو هەڵبژاردن بنێن" رێك وەك کۆمپانیایەك کە بەرهەمێکی نوێ دێنێتە بازاڕ. بەڕێوەبەرانی پەیوەندی پیشەیی پێش هەڵبژاردن زۆر بە وردی تێزەکانی ململانێکان لەسەر کاغەز رەسم دەکەن و تیایدا ئامانجە ستراتیژییەکانی چالاکی هەڵبژاردن و رێگاکانی وەدی هاتنیان دەست نیشان دەکەن، ئەم کاغەزانە، بریتین لە چەند تێزێك بۆ دانانی دەستووری کاری سیاسی، ململانێ لە هەڵبژاردنی نێوان دوو خول و زیادکردن یان کەم کردنەوە لە گەورەیی بابەتەکان و بیرۆکە تایبەتییەکان. ئەوان هەروەها ئەو پێشنیارانە دەگرنە خۆ بۆ (خێراتر کردنی) چالاکی هەڵبژاردن، داهێنان لە زەمینەی کات بەندی، هەڵبژاردنی بابەت و وێنەی گونجاو بۆ هەر رۆژێك، پێشبینی ستراتیژی هەڵبژاردنی حزبەکان و چۆنیەتی رووبەرووبوونەوەیان و هەروەها جۆری لێکۆڵینەوەی پێویست بۆجێبەجێکردن، بەڵگەنامەی گونجاوی بەرگری یان هەڵمەت و ئەو کەسایەتییانەی کە دەتوانرێ بە گەورەیی نیشان بدرێ. پۆستەر و رازاندنەوەی سەکۆی پەیوەست بە گوتاربێژانی رێبەران بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ راکێشانی پەخشی (خۆڕایی) لە چاپەمەنی و راپۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆنی، دروست دەکرێن. پەخشی تەلەفزیۆنی بۆ (پەردە لادان) لە پۆستەرەکانی حزبێك، تەقریبەن بودجەیەکی پێویست نییە و هەر لەبەر هەندێیە هەموو حزبەکان لە ساڵی ١٩٩٢ بە بێباکی سوودیان لێوەرگرت.

رێبەرایەتی حزبە بەریتانییەکان بەرنامەکانی پەیوەست بە ململانێی هەڵبژاردن دەخەنە ئەستۆی رێکخستنی حزبی. ئەم لێپرسراوێتییە لە حزبی موحافەزەکاردا دەکەوێتە ئەستۆی

سەرۆکی حزب -واتە سیاسەتمەدارێکی بە ئاسایی بەرز کە بەرپرسی مەکتەبە ناوەندی‌یەکانە-. لە حزبی کرێکارانیشدا کە سکرتێری گشتی‌یە -ئەو کەسەی مەکتەبە ناوەندی‌یەکانی حزب بەڕێوە دەبا- ئەم ئەرکە ئەنجام دەدا. هەریەك لەوانە لێپرسراوێتێکی گەورە دەخەنە ئەستۆی بەڕێوەبەری پروپاگندەی حزب کە لەوانەیە بەپێچەوانەی لێپرسراوانی دیکەی حزب لەبواری هۆیەکانی راگەیاندن یان پەیوەندی‌یە گشتی‌یەکاندا، خاوەنی ئەزمونە. ئەم بەڕێوەبەرە بەشێوەیەکی ئاسایی زیارەتکەری بەردەوامی دەزگاکانی پروپاگندە و راپرسی دەبێ و بەو پێشنیارانە رازی دەبێ کە لەلایەن گروپی پروپاگندە دەخرێنە روو، بە کورتی و پوختی، ئەو بە ئەلقەی پەیوەندی نێوان رێکخراوی حزب و پسپۆرانی بواری پروپاگندە لەقەڵەم دەدرێ.

دەزگاکانی پروپاگندە بەشێوەیەکی ئاسایی داوا لەو کەسانە دەکەن کە لە بازرگانی یان سیاسەت دا کاردەکەن -یان یارمەتی‌یان دەدەن- تا ئامانجەکانیان دەست نیشان بکەن. هەڵوێستی ئەوان چی‌یە؟ جیاوازی ئەوان لەگەڵ رکابەرەکانیان لەچی‌دایە؟ بۆچی دەبێ خەڵکی دەنگیان پێ بدەن؟ ئەو پرسیارە گرنگانەی ئەوان بەمەبەستی رەسم کردنی ستراتیژییەك، لە بەڕێوەبەرانی حزبی دەپرسن -وەك ئەو پرسیارانەن کە لە کڕیارە بازرگانی‌یەکانی خۆیانی دەپرسن- بریتی‌یە لە:

-دەتەوێ چی بڵێی؟

-دەتەوێ بگەیتە لای کێ؟

-بەچ شێوەیەك دەتەوێ بیانگەیتێ؟

سیاسەتەکان، بۆ سیاسەتمەداران بە بابەتی گرنگ لەقەڵەم دەدرێن، ئەوان بۆ حزبی فەرمانڕەوا بەشێوەی بەڵگە و گفت بۆ ئایندە و بۆ حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لە چوارچێوەی بەرنامەی حزبی‌دا، هەن. دەنگدەرانی دەست نیشان کراو کە بەشێوەیەکی ئاسایی کەسانی تازە هاتوو، یان بەراستی پەنابەرن، لەسەر بنچینەی راپرسی و لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوەکان لەسەر کۆمەڵەیەکی دیار کراو، دەستنیشان دەکرێن. سەردەمێ کە ستراتیژی دارێژرا، دەزگا رۆڵێکی گرنگ لە هەڵبژاردنی پێکهاتی هۆیەکانی راگەیاندن بۆ گواستنەوەی پەیامی حزب، دەگێڕێ.

لەساڵی ١٩٩١ دەزگای پروپاگندەی ساتچی و ساتچی پێشنیاری کرد کە حزبی موحافەزەکار دەبێ بۆ وەدەرخستنی ئەو بابەتانەی کە لە دیدی دەنگدەران دا مایەی ڕەزامەندی (بۆ نمونە، بەرگری، باج و یاسا و سیستم) و باشترکردنی هەڵوێستی خۆی دەربارەی ئەو بابەتانەی کە زیاتر دەرکەوتوون (بۆ نمونە، تەندروستی، بێکاری)، چڕبکاتەوە. سیاسەتمەدارانیش بەم پێشنیارانە رازی بوون.

**هەری تریلۆن**، یەکێك لە ئەندامانی گروپی پروپاگندەی **ریچارد نیکسۆن** لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ١٩٦٨دا پێویستی ڕەسم کردنی (مەسەلەیەك" واتە پەیامێك کە ئێمە داواکاری گواستنەوەین) و شتێك کە لە دروشمێك باڵاترە یان بابەتێکە، خستەروو (**ماك گینیست ١٩٧٠**: ١٥٤) ئەو کەسانەی بواری پەیوەندییەکان کە بۆ حزبەکانی بەریتانیا کاردەکەن، گوێ لە سیاسەتمەداران، لێپرسراوان و ئەو لێکۆڵەرانە دەگرن کە هەڵوێستی حزبی شیدەکەنەوە و زانیاریە دەستکەوتووەکان بۆ داڕشتنی چەند پێشنیارێك لە بواری گوتار و پەخش کردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و پروپاگندە، بەکار دەهێنن و دوای دانانی ستراتیژ، بەپێی توانا لە یەك یان دوو لاپەڕەدا پوختەی دەکەنەوە (بۆ نمونە بڕوانە ستراتیژی حزبی موحافەزەکار لەساڵی ١٩٧٠).

بەشێوەیەکی ئاسایی پەیامی حزبێك لە لاپەڕەیەك دا کارێکی ئاسان نییە. لەسەر بنچینەی قسەی کارمەندانی پەیوەندی، یەکێك لە گرفتەکان ئەمەیە کە زۆربەی سیاسەتمەداران لە گوتارەکانیان دا زمان و شێوازێکی تایبەتی بەکار دەهێنن. ئەوان بەزۆری دولایەنە دەدوێن، سوود لە ئەفسانە و ڕەمزە قبوڵکراوەکانی حزب وەردەگرن و لەمەڕ خەرجییەکان حەزیان لە لێڵی و نادیارییە. ئەوان بۆ خۆلادان لە ڕەنجاندنی دەنگدەران پەنا بۆ لێڵی و مەسەلەی گشتی دەبەن. هەروەها لەوانەیە سیاسەتمەداران وەبیریان بێ ئەو گوتە و دروشمە سادانە، ڕێبەرانی حزب بەزۆری ڕووبەڕووی گرفت بکەنەوە. دروشمی **چەمبەرلین** ((ئاشتی بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە، ١٩٣٨))، دروشمی ((قەت وا باش نەبووە، ١٩٥٧))، دروشمی **ویلسۆن** ((پاوەند لەگیرفانی ئێوەدایە، ١٩٦٧))، دروشمی **هیس** (تەنیا بە یەك لێدان، کەم کردنەوەی ڕێژەی زیادبوونی نرخەکان، ١٩٧٠))، دروشمی **ساتچی** لە پۆستەی ((کرێکار کار ناکا، ١٩٧٨)) و دروشمی دراوە پاڵ کاڵاگان ((تەنگژە؟ کامە قەیران))،١٩٧٩، هەموو ڕێبەرانی حزبەکانیان نیگەرانکرد.

بێزار بوونی حکومەتێك لە ئەنجامی چالاکی‌یەکانی ئابووری‌یەکی لاواز، دەستەگەری لە کابینە یان رووداوە دەرەکی‌یەکانیش دەتوانێ حزب لە وەرام دانەوەی راستەوخۆی پرسیاری بەرپۆەبەرانی پەیوەندی‌یەکان رووبەرووی گرفت بکاتەوە. **جی.و.تاگەر** کە گەلێ بەرپرسیاریێتی جۆراوجۆری لە کاروباری پروپاگندەی حزبی موحافەزەکاردا دیوە، گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە کە ئەو شتەی لە سیاسەتدا مامەڵەی لەسەر دەکرێ، بە بەراورد لەگەڵ کەل‌وپەلی بازرگانی‌دا، بەتەواوەتی دەگۆڕێ: (بوتڵێکی کۆکاکۆلا یان مەکینەیەك لە ماوەی دوو رۆژدا ناگۆڕێ. بەلآم گریمانەی پێویست بە حزبێك، بە حکومەتێك یان رێبەرێك دەتوانێ بەتەواوی بگۆڕێ، گۆڕانێك کە نە بەهۆی گۆڕان لە هەڵوێستیان، بەڵکو بەهۆی کاریگەری رووداوەکان پەیدا دەبێ و ئەمانە ئەو شتانەن کە ئێمە دەبێ کۆنترۆڵیان بکەین) (چاوپێکەوتن). لەساڵی ١٩٦٣ ، هەڵسوڕاوانی بواری پەیوەندی‌یەکانی حزبی موحافەزەکار هەستیان کرد ناتوانن بە هۆی هەڵوێستە یەکلانەکەرەوەکانی رێبەریی **هارولد ماك میلان**، دەنگۆ و ریسوایی‌یەکان، تێشکانی لە هەڵبژاردنی دواناوەندی، گیروگرفتە ئابووری‌یەکان، پەیامێکی ئیجابی بۆ حزب دانێن. لە ساڵی ١٩٨٣دا، دەزگای پروپاگندەی حزبی کرێکاران لە پێشکەشکردنی پێگەیەکی ئیجابی بۆ حزب ئەوەندە پەراگەندە و ئەو سیاسەتانەی کەگەلێ لە رێبەران بە خراپیان دەزانین، رووبەرووی گرفت بۆوە. لەساڵی ١٩٩١ ساتچی و ساتچی، دەزگای پروپاگندەی حزبی موحافەزەکار تێگەیشت کە بەرێوەبەرانی حزب کاتێکی زۆریان بۆ پێناسەکردنی موحافەزەگەرایی نوێی **جۆن مێجەر** خەرج کردووە. بەپێی قسەکانی **جیرمی سینکلەر**:

((ئێمە ماوەیەکی زۆر کارمان بۆ **تاچەر** کردبوو، و دەنگدەران بەباشی ئاگاداری هەڵوێستەکانی بوون. ئێستا ئێمە دەمانویست بزانین ئایا حزب بە رۆشنی داواکاری وەرگرتنی باجێکی کەمە لەباتی خەرج کردنی بودجەیەکی زۆرتر یان نا، ئەو ماوەیەی بۆ وەرام تەرخان کرا، ماوەیەکی زۆر بوو، چونکە لێپرسراوەکانمان هێشتا هەڵوێستی خۆیان دیار نەکردبوو. سیاسەتمەداران، کەسانی دڵخوازنین. چونکە وەك نمونە، ئەوان سیستمی بەشی پەیداکردنی بازاڕیان نی‌یە procter & Gamble. کاری پڕوپاگندە، ئامادەکردنی ئەم زەمینەسازی و رێوشوێنەیە. ئەو شتەی ئێمە لە لێپرسراوانمان دەوێ ئەمەیە کە ئامانج یان بابەتە سەرەکی‌یەکانیان بزانین، زەمینە و پاڵپشتی بابەتەکانیان بزانین و ئاگاداربین کە ئەم

بابەتانە پێویستە بە چ ئاواز و شێوازێ بگوترێن. دەکرێ ئەمانە لەسێ پەرەگراف دا پوختە بکرێن و ئەمە بە ئامانجی بازاڕ پەیداکردنی نوێ لەقەڵەم دەدرێ. ئەم سادەیی‌یە بەزۆری دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی گەلێ لە سیاسەتمەداران، ئەوان داواکاری ئەمەن کە بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی گوتاردان بن)) (چاوپێکەوتن).

پێشینەی کارکردنی سیاسەتمەدارێك یارمەتی‌یەکمان نادا. بەشێوەیەکی ئاسایی ڕێبەری حزبێك، یان سەرۆکی حزبی موحافەزەکار یان سکرتێری گشتی حزبی کرێکاران لە مامەڵە لەگەڵ دەزگایەکی پروپاگندە یان ڕاپرسی‌دا بە بەراورد لەگەڵ بەڕێوەبەری بەشی بازاڕ پەیداکردنی کۆمپانیایەکی گەورە، ئەزمونێکی کەمتری هەیە. ڕێبەری حزب یان سەرۆکی حزبی موحافەزەکار لە لێپرسراوان و پلە جیاوازەکانی سیاسەتمەداران دادەبڕێ، لەبارێکدا گەلێ لە بەڕێوەبەران پلەی ئیداری، جۆراوجۆر دەبوێرن و لە هەر قۆناغێك دا لەوانەیە لەگەڵ ئەو بڕیارانەی دەربارەی ستراتیژی بازاڕ پەیداکردن، دەدرێن، دەستەویەخە دەبن. ژمارەیەکی کەمی سیاسەتمەداران پێش گەیشتن بە سەرۆکایەتی حزب، ناچار بوون لە بواری ستراتیژی بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەنگدەران بەگشتی، بیربکەنەوە. هاوکات، لەگەڵ چوونەسەرەوە، سیاسەتمەداران پسپۆڕی‌یەکی پێویست بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر -هەڵسوڕاوانی ناوخۆ، نوێنەرانی ئەنجومەن، کارگوزارانی شار، کۆمیتە و کۆنفرانسە حزبی‌یەکان- فێر دەبن. بەڵام ئەوان ناتوانن تا پێش گەیشتن بە پێگەی ڕێبەری، بەشێوەیەکی بەردەوام، لەسەر ئاستی نیشتمانی‌دا ڕوو بکەنە دەنگدەران.

**بۆچی کارمەندانی پەیوەندی لەم کارەدا دەستەو یەخە دەبن؟**

بەڵگەی ئەوەی حزبێکی گەورە یان کاندیدایەکی هەڵپەرست، بەڕێوەبەرانی ڕاپرسی، دەزگاکانی پروپاگندە و کەسانی خۆبەخش لەبەشی پەیوەندییە گشتی‌یەکان و پیشەسازی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەکار دەهێنێ، قابیلی تێگەیشتنە. بەڵام حزبەکان کڕیاری سەرسەخت و خاوەنی داخوازی‌یەکی زۆرن و کەم دەزگای پروپاگندە یان ڕاپرسی هەیە حەزبکا بۆ حزبێك کاربکا. سیاسەتی فەرمان، مایەی مشتومڕە. بارودۆخی حزبێك دەتوانێ هێزی کاری دەزگایەك پەرش و بڵاو بکاتەوە و بەتایبەتی ئەگەر حزبەکە، کرێکاری بێ، دەتوانێ ڕکابەرانی دیکەی دەزگا برەنجێنێ. گوشارەکانی کاتی هەڵبژاردن زۆر توندە و هەتا لەگەڵ گەورەیی دەزگاکەشدا، داواکاری‌یەکان لەوانەیە بارێکی‌زیادی ئەستۆی دەزگاکە بێ یان ئەوە

ناچار بە گوێ نەدان بە رکابەرانی دیکە بکا. کارکردن بۆ حزبێکی سیاسی هەروەها مەترسی–گەلێکی زۆری هەیە" هەڵە گەورەکان دەردەخرێن و لەلایەن هۆیەکانی راگەیاندنەوە بڵاودەکرێنەوە، سیاسەتمەدارانی دۆڕاو بەشێوەیەکی ئاسایی تۆراو و بێ وەفان، لە دەزگاکان چاوەڕوان دەکرێ کاردانەوەیەکی خراپیان نەبێ و دانیشتن لە پێگەی دۆڕاو لەرۆژی هەڵبژاردن دا، هەڵوێستێکی ترسناکی بەدواوە دەبێ.

بەم شێوەیە، گەڵێ دەزگا و بەڕێوەبەرانی راپرسییەکان، بە خۆشحاڵییەوە بەرەوپیری حزبە سیاسییەکان دەچن. بەتایبەتی حزبی موحافەزەکار لە خۆبەخش و داواکار کەموکورتی نەبووە.گەلێك لەوان بە پێوانەی ساتچی و ساتچی (کە ئاستی جێگۆڕکێی کارمەندان و داهاتەکانیان لەبەرانبەر باج، لەماوەی پێنج ساڵ چالاکی بۆ حزبی موحافەزەکار لەساڵی ١٩٧٨، هەرکامەیان دە ئەوەندە و شەش ئەوەندە زیاتر بوو)، بۆ چالاکی لەبواری حزبە سیاسییەکاندا، هان دەدرێن. بەڵام کاریگەری گەشەی ناوبراو پتەو نەبوو، چونکە پێشکەوتنی بازرگانی بەردەوام جێگیر و زامن نامێنێتەوە. دەزگایەکی پڕوپاگندە کاتێ بە بەرنامەیەکی کار و بودجەی حزبێك رەزامەند دەبێ کە کرێی خزمەتگوزاری و خەرجی کارمەندانی بدرێ. سەربار، دەزگای ناوبراو ١٥٪ی مافی کۆمیسیۆن بۆ هەڵبژاردنی لاپەڕەیەکی گونجاو بۆ پڕوپاگندە و بڵاوکردنەوە لە چاپەمەنییەکان و هەروەها خەرجی پەیوەست بە خزمەتگوزارییەکانی تر، وەردەگرێ. هەقدەستە داراییەکان بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی دەتوانرێ لە کڕیارانی بازرگانی دەست کەوێ، کەم و پچڕپچڕ و ناڕێكوپێکە. چەند کەسێك لە بەڕێوەبەرانی راپەڕاندنی کاروبارەکانی دەزگای ساتچی ئیدیعا دەکەن کە حزبەکان بەزۆری بەتەواوی کرێی خزمەتگوزارییەکان نادەن و ئەم دەزگایە هەتا لەباشترین بارودۆخیشدا ناچار بووە لەبواری خەرجی تەرخانکراو بۆ حزبی موحافەزەکار، دابشکێنێ، لەساڵی ١٩٩٢ بودجەی تەرخانکراو بۆ هەڵبژاردن لە دەزگای ساتچی گەیشتە پێنج ملیۆن پاوەند کە ئەم حیسابە تا ٢٤ مانگ دوای کۆتایی هەڵبژاردن، لەلایەن ئەو حزبە موحافەزەکارەی بەتووندی کەوتبووە ژێر قەرزوقۆڵەوە، دەدرایەوە. لەبەرانبەردا، کڕیارە بازرگانییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی لەکاتی خۆیدا قەرزەکانیان دەدەنەوە. بەڕێوەبەرانی پەیوەندی کەلە رابردوودا بەشێوەی کاری کرێ بۆ حزبی کرێکاران کاریان کردووە، لەمەسەلەی وەرگرتنی هەقدەست گلەیی لەو حزبە دەکەن.

لـەم رووەوە زۆربـەی ئـەو کرێیانـەی بـە بەڕێوەبـەرانی پەیوەندیـەوە پەیوەسـتە، کـەمتر بەرچاوە. لێرەدا، دەزگاکان رووبەرووی هەندێ شانازی سیاسی دەبنەوە (بۆ نمونە **لۆرد لیون و لۆرد لاول-دیویس** لەحزبی کرێکاران، هەروەها **سێر تیم بیل رونالد میلار و سێر گوردون ریـس** لـە حزبی موحافەزەکار). ئەوان لەم ڕێگایەوە دەتوانن سیمای خۆیان زیاتر دەربخەن. کارکردن بـۆ حزبێـك دەتوانـێ پڕوپاگندەیـەکی بەرچـاو بـۆ دەزگایـەك یـان راپرسـی دابین بکـا. ئـەو بەڕێوەبەرانەی پەیوەندی کە لە ململانێیەکی هەڵبژاردندا کاریان کردووە، ئەم کارکردنە بە سرنج راکێش ترین خولی کارکردنی خۆیان دەزانن. ئەم خولە بوارێکە تیایدا دەتوانرێ لەگەڵ سەرۆکی وەزیران یان کەسایەتییە سیاسییەکانی دیکە (بە بەراورد لەگەڵ بەڕێوەبەرانی راپەڕاندن لـە ئاستی ناوەڕاست کـە ئـەوان بـەزۆری پەیوەندییان لەگەڵیاندا هەیە)، دانیشتن ڕێك بخرێ و هەڵبژاردنی حکومەتێك و گوشار خستنە سەر شێوەی حوکمڕانی لەوڵاتێك دا، رۆڵی هـەبێ. ئیجابیـەتێکی دیکـەی چالاکی بۆ حزبـەکان ئەمەیـە دەزگاکـان دەتـوانن بـەهۆی بوارێـك کـە بەنووسـینی ئاگاداریـیەك وەدەسـتی دەهێـنن -ئـەو ئاگادارییانـەی بـەفراوانی بڵاودەکرێنـەوە- داوای رکابـەری بکـەن. هـەتا بەڕێوەبـەرە پیشـەییەکانی پەیوەنـدی کـە چالاکی و کارکردنیـان لـەبواری ململانـێی هەڵبـژاردن دا بـە چالاکییەکی نـاخۆش و بـەئازار دیـوەو سیاسـەتمەدارانیان وەك کەسـانی بێوەفـا زانیـوە، هێشـتاش ئـەو خوولـەی چالاکییەکانیان بە گرنگترین رووداوی ژیانی کارکردنی خۆیان دەزانن.

کادیرەکانی حزبە سیاسییەکان هەمیشە هاتنی بەڕێوەبەرانی پەیوەندی بەئاسانی قبوڵ ناکـەن. ئـەوان دەزانـن کـە زۆربـەی بەڕێوەبـەرانی راپرسـی و بەڕێوەبـەرانی پروپاگنـدە هەقدەسـتێکی زۆر وەردەگـرن و، بێجگـە لـەو کرێیـەی لەبەرانبـەر کـارکردن بـۆ حـزب وەری دەگرن، سەرچاوەی داهاتی تریان هەیەو دەستیان بەهەموو لێپرسراوە گەورەکانی حیزبیش رادەگا. ئـەوان لەوانەیـە، وادابنێن کـە کەسـانی پەیوەنـدار، بەپێچـەوانەی کـاری ئـەوان کـە لەخەتی حزب دایە، لەدەرەوەی خەتەکانی حزب دایە. بەڕێوەبەرانی پەیوەندی وەك گرووپێك ماوەیەکی کەمیان بۆ دامەزراندنی کۆمیتە ئاڵۆزو پەناوپێچەکان- کە زۆر بەدڵی حزبەکانە، بەتایبەتی حزبی کرێکاران- لەبەردەم دایە.

دەتـوانرێ لێکچـوونێکی زۆر لـەنێوان فرۆشـتنی خاڵـە بـەهێزەکانی حزبێکـی سیاسـی یـان ڕێبـەرێك، بەدەنگـدەران لەلایـەن دەزگایـەکی پروپاگنـدە لەگـەڵ فرۆشـتنی- وەك نموونـە-

بەستەیەك شیرینی بۆ كڕیاران، ببینرێ (لەراستیدا، لەساڵی ١٩٨١ حزبی موحافەزەكار بەڕێوەبەرێكی لە كۆمپانیای شیرینی (ئەمریكان مارس) دامەزراند تا سەرۆكایەتی بەشی بازاڕدۆزینەوەی نوێ لەنوسینگەی ناوەندی بەئەستۆوە بگرێ و پلەیەكی راستەوخۆ دروست بكا). هەرجارەی، ئامانج ئەمەیە كە ستراتیژییەكی پەیوەندی رێك بخرێ و جێبەجێ بكرێ. كۆمپانیایەك یان بازرگانی قازانج خواز داواكاری ئەمەیە خواستی كڕیاران بزانێ و لە چۆنیەتی فرۆشتنی كەل‌وپەل بەكڕیاران، شارەزابێ. كارمەندی پەیوەندی كاری خۆی لەسەر وەفاداری كڕیارەكان یان دەنگدەران بنیات دەنێ و هەوڵ دەدا خواستی كڕیارەكان یان دەنگدەرە راستەقینەكان وەدی بهێنێ و هۆی بێزارییەكانیان بزانێ. هەروەها هەوڵ دەدا بەشێوەیەكی بە بەرنامە، لەخاڵە بەهێزو لاوازەكانی دروشمەكان یان حزبە ركابەرەكان بكۆڵێتەوە. دەنگدەران وەك ئەو كڕیارانەن كە حزب دەبێ وەرامدەرەوەی نیگەرانییەكانیان بێ و وێنەی زەینی پەیوەست بە (دروشم)ی خۆی بۆ جیابوونەوە لە ركابەرانی دیكە، بخاتە بەردەستیان.

پسپۆرانی زانستی پەیوەندییەكان مەیلی ئەوەیان نییە بڵێن فرۆشتنی حزبەكان وەك فرۆشتنی بەستە سابوونێكە، چونكە ئەو راستیە دەزانن كە سیاسەتمەداران لەو لێكچواندنە ناراحەت دەبن. بەڵام ئەوان، بەئاشكرا دانی پێدا دەنێن كە گەلێ رێوشوێنی پەیوەست بە فرۆشتنی ئەم دووانە، لێك دەچن. هەڵبەت ئەم شتە مایەی سەرسووڕمان نییە، چونكە ئەوان گەلێ ئەزموونیان لەكارە بازرگانییەكانی خۆیان وەدەست هێناوەو لەكاتی دامەزرانیشیان لەلایەن حزبە سیاسییەكانەوە، هەر سوود لەو ئەزموونانە وەردەگرن. زانایەكی سیاسی بەناوی **ئادریان سكمان** داكۆكی لە پەیوەندیو خزمایەتی شێوازی بازاڕ پەیداكردنی سیاسی ((كە حزبی سیاسی وەك (یاریكەر)ێكی بازاڕی سیاسی وێنە دەكێشێ)) دەكا. یاریكەرێك كە بەقسەی ئەو ((وەك كۆمپانیایەكی بازرگانی چالاك لە بازاڕی ركابەریدا، سوود لە تەكنیكی پێ سەلماندنو هەروەها لێكۆڵینەوە بەهۆی رووبەڕووبوونەوە، وەردەگرێ)) (**سكمان ١٩٩٤:** ٤٦٦).

لەگەڵ بوونی لێكچوونە دیارەكانی نێوان پروپاگندە بۆ یەك شمەكو پروپاگندە بۆ حزبێك، چەند جیاوازییەكیش هەیە. بەڕێوەبەرانی پروپاگندەو بەڕێوەبەرانی راپرسی كە لەهەردوو بواردا كاریان كردووە، ئیدیعا دەكەن كە هیچ شتێك لەپروپاگندەكردن بۆ بەرهەمێك لەگەڵ

گوشاری ململانێیەکی هەڵبـژاردن دا قابیلی بەراورد نی یە، چونکە پێویستی بە خێرایی، وردەکـاری قـووڵی هۆیـەکانی راگەیانـدن، حـەزی گشـتی و دەنگـی یەکلاکـەرەوە لـەرۆژی هەڵبــژاردن، هەیــە. لــەبازرگانیدا لەوانەیــە ژمــارەی ئارمــە رکابــەرەکان زۆربــێ، بــەڵام لەململانێیـەکی هەڵبـژاردن دا تـەنیا دوژمنێـك بەتـەواوەتی دیـارو ناسـراوە –چ حزبێك و چ کاندیدایەك–. **جۆن بارتل**، بەڕێوەبەری گشتی دەزگای B.B.H کە خۆ لەچوونە ناو ململانێی حزبـی بـەدوور دەگـرێ، وابیردەکاتـەوە: ((سیاسـەت گەنجینەیـەك یـان سەرچـاوەیەکی لەبەردەست دانی یە. ئەگەر ئێوە پروپاگندە بۆ شیرینی دەکەن، خەڵکی دەتوانن دوو یان سێ ئارمی جیاوازی شیرینی ئامادەبکەن، یان رۆژ بەرۆژ جۆری دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن. بەڵام لە سیاسـەت دا، ئێـوە تـەنیا دەتوانن دەنگ بۆ حزبێك بدەن. لەبەرهەندێیە ئێوە دەبێ ئەو شـتەی لـە سیاسـەت دا پروپاگنـدەی بـۆ دەکـەن، دەبـێ بەتـەواوی باوەڕتـان پـێ ی هـەبێ)) (چاوپێکەوتن).

**رووکردنە دەنگدەران:**

پسپۆرانی پەیوەندییە سیاسییەکان وەك هاوتاکانی خۆیان لە بازرگانیدا، قسە لەگرووپە تایبەتی یەکان دەکەن کە بیانکەنە ئامانجی خۆیان. ئەوان لە ئاستێکی گشتیدا، دەنگدەران و ناوچەکانی هەڵبژاردن دەکەنە دوو دەستەی (خۆمانە) و (هی دیکە). لەسیستمێکی رکابەری دوو حزبیدا، دەنگدەران بڕیـاردەری چارەنووسـی کەسـانێکن کـە پەیوەندییـەکی لاوازیـان لەگەڵ حزبدا هەیە یان هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ حزبدا نییە. مەبەست لەراپرسی گشتی و ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەی چلۆنایەتی ئەمەیە کە داڕێژەرانی ستراتیژی حزب بتوانن تایبەتمەنـدی و نیگەرانی یەکانی ئـەم دەسـتەیەی دەنگـدەران دەسـت نیشـان بکـەن و روویـان تێ بکـەن. دەنگدەران ئەوانـەی دەکرێنـە ئامـانج، دەکرێ بەنیشانەی جۆراوجۆر وەك شـوێنی جـوگرافی، شـێوازی ژیـان، بـەهاو مەیلـەکان، وهۆکـاری وەك: تەمـەن، رەگـەز، یـان چـینی کۆمەڵایـەتی و شـتی لـەم جـۆرە پێناسـە بکرێن. شـێوازێکی دیکـە ئەمەیـە کـە دەنگـدەرانی مەبەســت، دەتــوانن لەچوارچــێوەی ناوچــەی هەڵبــژاردن، بەتایبــەتی کورســی یە چارەنووسســازەکان (ئــەو ناوچــانەی حزبــی ســەرکەوتوو بەجیاوازییــەکی زۆرکــەم لــە رکابەرەکەی دەباتەوە)، کە ئەنجامەکانیان چارەنووسی گەلێ هەڵبـژاردنی گشتی دیار دەکا. بێ لەبەرچاوگرتنی کۆڕ و کۆمەڵـەی جیاواز لەچەندان ناوچەدا، گەلێ کورسی دواناوەندی

جۆراوجۆر لە گشت ولآت دا پەیدا دەبن کە تایبەتمەندی کۆمەلآیەتی‌ی دەنگدەران لەم ناوچانە دا لەگەڵ ناوچەکانی دیکە کە لەشوێنی دیکە هەن، لێك دەچن.

بەلآم هەندێ لە پسپۆران لەکاریگەری ئەم رووتێکردنەدا، دوودڵن، چونکە بەپێی ئەزموونی بازرگانی ئەگەر فرۆشتنی بەرهەمێك زیاتربوو، ئەم فرۆشتنە لەئاستی گرووپە کۆمەلآیەتیەکانیشدا، بەم شێوەیە دەبێ، هەروەها بەخەستی رووکردنە دەنگدەران لە ململانێ‌یەکی نیشتمانی‌دا، کارێکی زەحمەتە. بۆ نموونە، خوێنەرانی رۆژنامەی ((**گاردیان**)) بەزۆری سەر بە چینی ناوەڕاستن، بەلآم ئەم رۆژنامەیەو زۆربەی زۆری خوێنەرانی، پشتیوانی لەحزبی موحافەزەکار ناکەن. رۆژنامەی (**سەن** Sun ) خوێنەرێکی زۆری لەناو چینی کرێکاردا هەیەو گەلێ دەنگدەری حزبی کرێکاران دەیخوێننەوە، بەلآم هەڵوێستی ئەم رۆژنامەیە لەحزب، دوژمنانەیە. ئاگادارکردنەوەی **مارتین هاروپ**، ئاگادار کردنەوەیەکی گونجاوو بەجێیە: ((دەنگدەرانی مەبەست دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی مەیلیان بۆ حزبەکان، لەباتی سیاسەتەکان، بناسرێن‌و دوای ئەم کارەیە کە تێدەگەین، ئەوانیش زۆر لەکەسانی دیکە دەچن. لەم رووەوە، مایەی سەرسووڕمان نی‌یە کە بزانین چالاکی هەڵبژاردن بۆ راکێشانی دەنگدەرانی مەبەست، بە چالاکی بۆ گرووپەکانی دیکەش لەقەڵەم دەدرێ)) (**هاروپ** ۱۹۹۰: ۲۸۳). فراوان بوونی کۆمپیوتەرو تەکنیکی زانیاری لەئاستی ناوچەکانی هەڵبژاردن دا، چەند بوارو هەلێك بۆ پێشکەش کردنی خواستە دەستنیشان کراوەکان بۆ دەنگدەران، دەخولقێنێ. حزبە ناوخۆیی‌یەکان دەتوانن سوود لە پروپاگندەی تەلەفۆنی، داوای پشتیوانی‌و کۆمەك لەرێی بەریدی راستەوخۆو ناردنی پەخشنامەی تایبەتی هەڵبژاردن بۆ گرووپە کۆمەلآیەتی‌یە جۆراوجۆرەکان، وەربگرن. بەم شێوەیە، تا ئێستا بەریتانیا لەسوود وەرگرتن لەم شێوازانە لەدوای ئەمریکاوە بووە. لە بەریتانیا، بوونی یاسای توندوسەخت لەبواری خەرجی پەیوەست بە ململانێی ناوخۆیی بەم مانایەیە کە ئەم یاسایانە پێش بەرەسمی دەست پێکردنی ململانێکان بە فراوانی پەیڕەوکراون‌و چەندان مەرج بۆ خەرج کردن دادەنرێ.

**ئەنجام:**

ئەو شێوازانەی کە هەردوو حزبی موحافەزەکارو کرێکاران بەهۆیانەوە شێوازی پەیوەندییەکی پیشەیی‌تریان گرتۆتەبەر، دواتر بەقووڵی لێیان دەکۆڵینەوە. ئەو

پێشـــكەوتننانەی وەدەســـت هـــاتوون، ئـــەو ئەنجامـــەیان لێكەوتۆتـــەوە كـــە بەڕێوەبـــەرانی ململانێكانی بۆ لێكۆڵینـەوەی هەستی دەروونـی دەنگـدەران پەرۆشـتر كـردووەو هۆشـیاری ئـەوان لەمـەڕ دەنگـدەرانی (كلیـل ئاسـا)و بڕیـاردان لەمـەڕ ڕێنـوێنی پەیامـەكانی هەڵبـژاردنی رووەو ئـــەوان بـــەرز كردۆتـــەوەو چـــڕكردنەوەو دووبارەكردنـــەوەی لەراددەبـــەدەری بەڵگـــەو دەستەواژەو هەوڵدان بۆ ڕێكخستنی ڕێسایەك كار بۆ هۆیەكانی ڕاگەیاندن لەگەڵ پێشنیاری لێكدانەوەو هەواڵو هـەروەها ئامادەكردنی رووداوە تایبەتی‌یەكان بۆ پەخشی تەلەفزیۆنی، گرتنەبەری شێوازی پیشەیی لەمەڕ ململانێی هەڵبـژاردن، چەند تایبەتمەندییەكی هەیە كە لەخوارەوە نووسراون:

*ملكەچ بوونی هەموو ئامانجەكان بۆ ئامانجی سەركەوتن لەهەڵبژاردندا.

*پشـت بەسـتن بـە راپرسـیو لێكۆڵینـەوە لـە گرووپـە ناوەندی‌یـەكان بـۆ ئاراسـتەكردنی خواستەكانی حزب رووەو دەنگدەران.

*زاڵبوونی هۆیەكانی ڕاگەیاندن وەك ئامرازێك بۆ دەست ڕاگەیشتن بە دەنگدەران.

*بایەخی پسپۆرانی پەیوەندییەكان لە خوولەكانی ململانێی هەڵبژاردندا.

**سەرچاوە:**

مبارزه انتخاباتی، بازاریابی نوین سیاست، دنیس کاوانا‌ك،
ت: علی اکبر عسگری تلاوت، ص١٣-٤١.